گەشتێك بۆ ژیان لە خزمەت قورئان

چەند بنچینە و شێوازێك بۆ لەبەركردنی قورئانی پیرۆز



نووسینی:

محمد جمال عمر

چاپی یەكەم

٢٠٢٦

گەشتێك بۆ ژیان لە خزمەت قورئان

چەند بنچینە و شێوازێك بۆ لەبەركردنی قورئانی پیرۆز

گەشتێك بۆ ژيـــان لە خزمەت قورئـــان
نووســـینی: محـــمد جمـــال عـــمـــر
پێداچوونەوەی: م. هـــیوا صمد محـــمد
نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ : زەردەشت کاوانی
پێـــــوانـــه: ١٧*٢٤
چاپی یەکەم: ٢٠٢٦ز - ١٤٤٧ك
تـــیراژ: ٥٠٠
لاپـــەڕە: ١٩٦

لەبەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان،
ژمارە سپاردنی (٢٠) ی ساڵی (٢٠٢٦) ی پێدراوە.



گەشتێك بۆ ژیـان
لە خزمەت قورئان




چەند بنچینە و شێوازێك بۆ
لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز




نووســینی

محمد جمال عمر








پێشەکی
(دکتۆر ابراهیم مەلا احمد سەنگەسەری)

الْحَمْدُ لله حَمْدًا كَثيراً طَيِّبًا مُبارَكًا فيه، وصلّى الله وسلّم وبارَك عَلى المَبْعُوث رَحْمَةً لِلعَالَمين، سَيدنا محمد وَعَلى آله الطَّاهِرين، وَصَحْبِهِ الغُرِّ المَيامِين، وَمَنْ تَبِعَهُم بِإحْسَان إِلى يَوْمِ الدِّين، أما بعد.

گەورەیی و بڵندی هەر کار و کۆششێك، بەندە بەو مەبەستەی کە خاوەنەکەی هەنگاوی بۆ دەنێت، لەنێو جەنجاڵی کۆششکاراندا، نووسین تا بڵێی شکۆدارە، ئەوەتا رب العالمین تا پێگەی نووسەران و زانستەکانیان دەربخات، سوێند بە پێنووس و دێڕکان دەخوا (ن وَالْقَلَمِ وَمَا يَسْطُرُونَ) (القلم:١)، جا وەرە نووسینێك لەلایەن خواوە نووسرابێ، بۆیە مرۆڤ دەشێت بەڕاشکاوی و بێگومان بڵێت: گەورەترین کۆششێك مرۆڤ لە دونیادا بیکات، کارێکە بە بازنەی قورئاندا بخولێتەوە، چونکە قورئان پیرۆزترین و پڕ بەهاترین گوتەیە لەسەر زەوی و کلام و سیفەتی بێ سەرەتا و هەتاهەتای خوای گەورەیە.

بۆیە، لەوەتەی سەرزەمین بە قورئان موشەرڕەف بووە و لەدەمی گەوهەر ئەفشانی سەرداری مرۆڤایەتی محمد ﷺ هاتۆتە دەر، خواناسان و زانایان لە پێناو ئەو نورە موبینەدا ڕەنجیان داوە و خزمەتی زێڕینیان کردووە، لەبەر ئەوە نا کە قورئانی تێرو تەسەل پێویستی بەخزمەت بێت، بەڵکو بەو مەبەستەی بە شەرەفی پێگەی کەلامی خوا موشەرڕەف بن.




پاش ئەوەی ساڵانێکی چەتوون و قاتوقڕی ئیمانی رووی کردە مسوڵمانان و لە پێشەنگەوە بوونە پاشکۆ، مسوڵمانان زانیان هۆکار دوور کەوتنەوەیە لە پەتی بەهێزی الله جل جلالە کە قورئانی پیرۆزە، بۆیە جارێکی تر ئوممەتی (محمد) المصطفی ﷺ بە پەرۆشەوە لەدەوری چرای درەخشانی قورئان کۆدەبنەوە، زانایان لێی ورد دەبنەوە، گەنج و لاوان فێری خوێندنەوە دەبن و لەبەری دەکەن، ژنان لە کاروانی نوێی قورئاندا پێشەنگی بەرنادەن، هاوشانی باڵاپۆشی پڕ لە حەیا و شکۆ، دڵیشیان بەقورئان دەڕازێننەوە.

کوردی مسوڵمان هیچ کات لێنەگەڕاوە گەلانی تر هەنگاوێك بنێن و پێشمان بکەونەوە، بۆیە لەسەدەی بیست و بیست و یەکدا، لەدەوری چرای رووناکی دەستی قودرەت کۆدەبنەوەو فێری جوان خوێندنەوە و لەبەرکردن دەبن و زانا بەزانا دەڵێت: قوربان بوار بفەرموو، منیش کۆششەکەم، ئەو تەفسیرەیە با پێشکەشی بکەم.

لەوەتەی دەیناسم چ لە کۆلێژ و چ لە کۆڕو کۆبوونەوەی دینداران دا، گەنجێکی کوردی دیندار، مەبەستیەتی بە جەماڵی قورئان خۆ بەهرەداربکات، بەڵی مامۆستا (محمد جمال عمر)، پێشتر کتابی (مُصْحَفُ تَوْجِيه الحُفَّاظِ لِضَبْطِ آيات مُتَشَابِهَةَ الأَلْفَاظِ) نووسیوەو لە پەڕاوێزی (المصحف الشريف) ـدا بەچاپی گەیاندووە.

وا ئەوجاریش مامۆستا دوبارە بە کتێبی (گەشتێك بۆ ژیان لەخزمەت قورئان).

- چەند بنچینەو شێوازێك بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز-) دەیەوێ دەستی شەیدایان و قورئان خوێنان و ئەزبەرانی بگرێ و هاوکاریان بێ بۆ




لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، لەو کتێبەدا خوێنەر ئاشنا دەکا بە کردەکانی هزری مرۆڤ و چۆنیەتی و شێوازی لەبەرکردن و دەورکردنەوەی قورئان.


خوای گەورە کۆششەکانی ئەو مامۆستا لاوە قبوڵ بفەرموێ و پڕ بەرەکەتیان بکات و، نموونەی زۆربن.

والحمد لله أولا وآخرا.

شەوی ١٣ی شەعبانی ١٤٤٧ك ١ی شوباتی ٢٠٢٦ز

الخَطُّ يَبْقَى أَزْمانَاً بَعْدَ كاتِبِه وَكَاتِبُ الخَطِّ تَحْتَ الأَرْضِ مَدْفُونُ





پێشەکی (نوسەر)

الحَمْدُ لله الَّذي عَلَّمَ الإنسانَ مَا لَم يَعلَم، وَفضَّلَ أَهلَ العلم وَرَفَعَهُم دَرَجات، نَحْمَدُهُ سُبْحَانَهُ ونَشْكُرُهُ عَلى تَوفيقه وَتَسْديده، وَالصَّلاةُ وَالسَّلامُ عَلى خَيْرِ خَلْقِهِ مُحَمَّد بنِ عَبد الله، النَّبي الأمي الأَمين، وَعَلى آله وَصَحبِهِ أَجمعين.

وبـعــــــــد...

بەڕاستی باشترین و پیرۆزترین کارێك کە موسڵمانان کاتەکانی خۆیانی تیادا بەسەر ببەن، لەخزمەت بوونی کەلامەکەی خوای گەورەیە، بە خوێندنەوە و لەبەرکردن و وردبوونەوەی ئایەتەکان و کارپێکردنیان، چونکە ڕوون و ئاشکرایە، کە قورئانی پیرۆز بنچینە و بناغەی ئیسلامە و هەموو موسڵمانان پێویستیان پێیەتی.

خوای گەورە ئەم قورئانەی لە کاتێکدا دابەزاند، کە خەڵك نوقمی گومڕایی و نەزانی و سەر لێشێواوی بوو بوون، بەڵام بەهۆی گەورەیی و پیرۆزی ئەم قورئانەوە خوای گەورە لەگێژاوی نەفامی و نەزانی و تاریکی دەری هێنان بۆ هیدایەت و ڕووناکی و یەك خوا پەرستی.

چونکە گەورەیی کەلامی خوای گەورە لەسەر کەلامەکانی تر... وەك گەورەیی خوای گەورەیە لەسەر بەندەکانی.

وە بەهەمان شێوەش هەر بەهۆی ڕیز و گەورەیی ئەم قورئانە بوو، کە خوای گەورە شکۆ و عیزەت و سەرکەوتنی بە موسڵمانان بەخشی، لەکاتێك دا لەوپەڕی لاوازی و بێهێزی و ژێردەستەیی بوون، کە هەندێك هەندێکی تری

دەچەوساندەوە، بەهێزەکان بێهێزەکانیان لەناو دەبرد، بەڵام بەهۆی قورئان و ئیسلامەوە هەموویان بوون بە برای یەکتر، بەشێوەیەك هەر موسڵمانێك چی بۆخۆی پێ خۆش بێت، بۆ برا موسڵمانەکەشی بەهەمان شێوە.

نووسینی ئەم کتابەشم کە لەساڵی (٢٠٢٢) تەواوم کردبوو، لە (٢٠٢٥) پێداچوونەوەم بۆ کرد و ئامادەم کرد،هۆکارەکەی ئەوە بوو کە سوپاس بۆ خوا لەم چەند ساڵەی دواییدا؛ موسڵمانان بەگشتی و موسڵمانانی کوردستان بەتایبەتی باوەشیان لە قورئان داوە و بە گەنج و منداڵ و پیرەوە بەشداری دەکەن لە پڕۆژەکانی لەبەرکردنی قورئان لە بنکەکان و شوێنەکانی تری لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و لە خزمەت کەلامەکەی خوای گەورە دەبن.

بۆیە کاتێك سەیرم کرد کە سەرچاوە زۆر نین لەم بابەتە، بەتایبەت سەرچاوەی کوردی، بۆیە بە پێویستم زانی کە کتابێکی بچوك بنووسم لە چۆنیەتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزو تێکەڵەیەك لە ئەزموونی خۆم لەم ڕێگایە، تاوەکو ببێتە ڕێنیشاندەر و ئاسانکارییەك بۆ قوتابی لەکاتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

لەگەڵ ئەوەی ئەم چەند لاپەڕەی کە لە چەند بابەتێك نووسیومە، نەك تەنها قوتابی قورئان بەڵکو قوتابی حوجرە و زانستە شەرعیەکان و هەروەها قوتابی تریش... بەگشتی دەتوانن سوودی لێ ببینن، لەبەر ئەوەی هەندێ لە بابەتەکانی تایبەت نیە تەنها بە قورئان، بەڵکو گشتییە لە فێربوونی زانست و زانیاری.

لەلایەکی ترەوە؛ لە هەندێ خاڵ و بابەت بەدرێژی باسم کردووە و هەروەها چەند قەول و فەرموودەیەکم هێناوە، تاوەکو خوێنەر زیاتر هان بدرێت و زیاتر شارەزای بابەتەکان و قسەی زانایان بێت و زیاتر سوودیان لێ وەربگرێت.

لەکۆتاییشدا هەر قسە و بابەتێکم باس کردبێت و پێکابێتم ئەوە لە خواوە بووە، پاشان بەرهەمی هەوڵ و ماندوبوونی زانایانمان بووە، هەر هەڵەیەکیشی تێدابێت، لە خۆم و شەیتانەوە بووە خوای گەورە و پێغەمبەر ﷺ و زانایان بێ بەرین لێی.

لەکۆتاییدا بەپێویستی دەزانم؛ کە سوپاسی هەموو ئەوانە بکەم کە یارمەتیان دام، ئەگەر بە دوعایەکیش بووبێت بەتایبەتیش:

١- (پ. دکتۆر ابراهیم مەلا احمد سەنگەسەری) مامۆستا لە کۆلێژی شەریعە.

٢- (م. هیوا صمد محمد)کە پێداچوونەوەی بۆ کتابەکە کرد.

٣- فەقێیانی حوجرەی (محمدیة).

٤- (م. پشتیوان محمود إسماعیل).

سبحان ربك رب العزة عما یصفون *


وسلام علی المرسلین * والحمد لله رب العالمین.

محمد جمال عمر/ کوردستان - هەولێر

٢٣/ جمادی الآخرة/ ١٤٤٧ - ١٤/ ١٢ / ٢٠٢٥

muhammedjamal5005@gmail.com

ژ. مۆبایل: (٠٧٥٠٨١٢٥٠٠٥)



بەشی یەکەم

(لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز)

باسی یەکەم: (مێشك و دەماغی مرۆڤ)

پێش دەستکردن بە ناوەڕۆکی بابەتەکە لەسەرەتادا باسێك لە مێشکی مرۆڤ و توانا سەرسوڕهێنەرەکانی دەکەین لە لەبەرکردندا، تاوەکو ئەو کەسەی کە مەبەستیەتی قورئان لەبەر بکات، ترسی نەبێت لە لەبەرکردن و نەڵێت: پێم لەبەر ناکرێت، لەکاتێکدا خاوەنی ئەو توانا زۆر و بەهێزەیە، لە مێشکدا کە لەبەرکردنی قورئان کارێکی زۆر ئاسانە، بە بەراورد بە تواناکانی مێشکی مرۆڤ.

بۆیە مێشك یەکێکە لە چالاکترینی ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ، وە یەکێك لە چالاکییەکانی مێشك بریتیە: لە کرداری لەبەرکردن (دەرخکردن) کە پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمە، کە بریتیە: لە لەبەرکردنی قورئانی مەزن، زۆرجار کاتێك پرسیار لە کەسێك دەکەیت: بۆچی قورئان لەبەر ناکەیت؟ لە وەڵامدا دەڵێت: مێشکم وەرناگرێت و پێم لەبەرناکرێت، ئەمەش تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەیە و ئەم هەڵە تێگەیشتنەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە ئێمە بێئاگاین، لە توانا سەیر و شاراوەکانی مێشکمان؛ چونکە مێشکی مرۆڤ هەر وەك دێوێکی نووستوو وایە؛ لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوە دەروونی و پەروەردەییەکان و لێکۆڵینەوەکانی بواری کیمیا و فیزیا و بیرکاریش دەریان خستووە، کە مێشکی مرۆڤ زۆر بەتواناترە لەوەی ئێمە ئاگادارین، تەنانەت ئەو وتە کۆنەی کە ئەڵێن ئێمە تەنها سوود لە (١٪)

ی مێشکمان وەردەگرین هەڵەیە؛ لەبەرئەوەی ئێستا ڕوون بۆتەوە کە زۆر کەمتر لەو ڕێژەیە تواناکانی مێشکمان بەکاردەهێنین.

وە لە مێشکی مرۆڤ دا لە چرکەیەك سەد هەزار بۆ ملیۆن (١٠٠,٠٠٠ - ١,٠٠٠,٠٠٠) کارلێك ڕوودەدات، تەنانەت لە بەراوردکردنێکی مێشکی مرۆڤ و نوێترین و بەهێزترین کۆمپیتەر لەجیهاندا هێشتا مێشکی مرۆڤ بەهێزتر و بەتواناترە، بۆ نموونە کۆمپیوتەری (کرای) بەوزەی چارەسەرکردنی (٤٠٠) ملیۆن هاوکێشە لە چرکەیەکدا بۆ ماوەی ساڵێك کاربکات،هێشتا ناتوانێت؛ئەم کارە ئەنجام بدات،کە مێشك لە خولەکێکدا ئەنجامی دەدات؛ بۆیە مێشکی مرۆڤ لەڕووی کێش و تواناوە بەدرێژایی تەمەن لەگەشەسەندن دایە)[١].

(بۆیە سەرەڕای ئەوەی کە منداڵێکی تازە لەدایکبوو زۆرینەی خانە دەمارییەکانی لەمێشکیدا پێك هاتوون، بەڵام گەورەیی مێشکی تەنها (١/٤) ی مرۆڤێکی پێگەشتووە، واتا نزیکەی (٤٠٠) گڕامە لەسەرەتادا، دوای (٩) مانگ مێشکی منداڵەکە دوو بەرابەر دەبێتەوە، لە تەمەنی (٥ - ٧) ساڵیدا تەواو گەورە دەبێت و مێشکی بەقەد مرۆڤێکی پێگەشتووە، قورسایی مێشکی مرۆڤێکی پێگەیشتووش کە لەتەمەنی (٨٠) ساڵیدایە، دەکاتە (١١٠٠ تا ١٦٠٠) گڕام، واتا (١/٥) ی کێشی لەش)[٢].

---

(١) مێشك و بەکارهێنانی توانا بێسنوورەکانی، تونی بوزان، لاپەڕە ٢٩، بەکوردی کردنی: بەختیار ئەحمەد.

(٢) مێشك، نادر فەتحی، لاپەڕە ١١.

(کاریگەری قورئانی پیرۆز لەسەر دەماغ)

زانایان دۆزیویانەتەوە، کە لە مێشك دا (٤) شەپۆل هەیە، بۆ هەر شەپۆلێك لە چرکەیەکدا خێراییەکی دیاریکراو و تایبەتی هەیە بەم شێوەیە:

(شەپۆلی یەکەم): لەحاڵەتی زیندوویی و بەئاگایی و جوڵاندا مێشك بەخێرایی (١٢ - ٢٠ شەپۆل/ چرکە) کار دەکات.

(شەپۆلی دووەم): لەحاڵەتی هێمنی و بیرکردنەوەیەکی قوڵدا بەخێرایی (١٠ – ٢٠ شەپۆل/ چرکە) کار دەکات.

(شەپۆلی سێیەم): لەحاڵەتی هێمنییەکی قووڵ و چوونە ناو نووستن، ئەمەش بەخێرایی (١ شەپۆل/ چرکە) کار دەکات.

(شەپۆلی چوارەم): لەحاڵەتی خەوێکی قوڵ بەخێرایی (٠,٥ - ٣ شەپۆل/ چرکە) کار دەکات.

جا کاتێك قورئانی پیرۆزیان بەسەر پیاوێکی بیانیدا خوێندەوە، کە نە زمانی عەرەبی دەزانی و نەلێشی تێدەگەیشت دەرئەنجامەکەی سەیر بوو، بەجۆرێك مێشکی بەشێوەیەکی خێرا بۆ ناوچەی (٨ - ١٢ شەپۆل/ چرکە) دابەزی، کە بریتیە لە دۆخی هێمنی دەروونی)[١].

(بۆیە یادگەی مرۆڤ هەروەك باسمان کرد، لە مێشکی مرۆڤدا توانایەکی ئێجگار گەورەی هەیە، لە وەرگرتن و خەزنکردنی ملیارەها زانیاری کە هەندێك لە زانایان بە ژمارەیەك و لە تەنیشتیەوە (٧٩) سفری هەبێت خەمڵاندوویانە، هەرچەندە مرۆڤ ناتوانێت هەموو ئەو زانیارییە زۆرانەی کە خەزنی کردوون بیان گەڕێنێتەوە و بیان هێنێتەوە یادی خۆی، بەڵکو ئەوەی دەتوانێت بیان گەڕێنێتەوە، بەسە بۆ پڕکردنەوەی (٩٠) ملیۆن


(١) لەبەرکردنی قورئانی مەزن، غەریب عزیز، لاپەڕە ١٨ - ١٩.

کتێبی قەبارە گەورە کە ئەمە ئەوەندەی کتێبەکانی گەورەترین کتێبخانەیە لەجیهاندا لەسەردەمی ئێستادا، جا ئیتر بیر و هۆشمان ناتوانێت تەنها (٦٠٤) لاپەڕە لەبەر بکات و خەزنی بکات، کە ژمارەی لاپەڕەکانی زۆر کەمترە، لەو ژمارە زۆرەی کە لەسەرەوە باسمان کرد.

بۆیە مرۆڤ پێنج جۆر هەستیاری هەیە: (بینین، بیستن، بۆنکردن، تامکردن، جوڵە)؛ بۆ نموونە: بیر و هۆشی بینین لە مرۆڤێکی ئاسایی دەتوانێت ڕۆژانە نیو ملیۆن (٥٠٠,٠٠٠) وێنە لە بیریدا هەڵبگرێت و خەزنی بکات، کە لەتەواوی ژیانی دەتوانێت دەیان ملیار وێنە خەزن بکات، بیر و هۆشەکانی دیکەش ئاستیان لەوە کەمتر نیە)[١].

(بۆیە لێرەدا باس لە چەند نموونەیەکی زیندوو دەکەین، لەسەر توانای مێشکی مرۆڤ، کە چەندان کەس هەن لە موسڵمانان و ناموسڵمانان بەشێوەیەکی زۆر باش مێشکی خۆیان بەکارهێناوە،بێ ئەوەی بترسن و بڵێن پێمان ناکرێت، بەڵکو هەوڵیان داوە و سەرکەوتوو بوونە، وەك (جۆرج بارکەر بیدەر)کە لەساڵی (١٨٠٦) لە بەریتانیا لەدایك بووە، سەرەتا بەوە ناسراوە، کە لەبواری ژمێریاریدا منداڵێکی زۆر لێهاتوو بووە بەشێوەیەك کە توانی وەڵامی خێرای پرسیار گەلێکی سەیر بداتەوە،وەك (ئەگەر کوللـەیەك بە دوو قاچ چەند سانتیمەترێکی بڕی،لەهەر خۆهەڵدانێکی دا، بەچەند خۆهەڵدان دەتوانێت، بەدەوری جیهاندا بسوڕیتەوە، ئەگەر ئۆقیانوسەکانی جیهان (٢٠٠٢٠) میل بێت؟ هەروەها ئەم گەشتە چەند دەخایەنێت؟ کاتێك کە (٦٠) باز لەخولەکێك بدات؟

(١) لەبەرکردنی قورئانی مەزن، غەریب عزیز، لاپەڕە ١٨ - ١٩.



(وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە: کە سوڕانەوە بەدەوری جیهاندا پێویستی بە (٥٨,٧١٣,٦٠٠) بازدان هەیە و پێویستی بەساڵێك و ٣١٤ ڕۆژ و ١٣ کاتژمێر و ٢٠ خولەك هەیە).

(بەم شێوەیە لێکدانەوەی بۆ زانیارییەکان کرد و گەیشتە ئەنجام، کەئەمەش شتێکی سادەیە بەبەراود لەچاو توانای مێشکی مرۆڤ؛ بۆیە دوای ئەوەی بیدەر تواناکانی مێشکی پەرە پێدا، ڕووی لە خوێندنی ئەندازیاری کرد و دواتر وەك ئەندام هەڵبژێردرا لە پەرلەمانی ئەم وڵاتە بەهۆی بەکارهێنانی تواناکانی مێشکییەوە)[١].

تەنانەت لە ئێستادا زۆر جار هەندێ منداڵ دەبینین، کە ڕاهێنانی زیرەکی مێشکیان پێ دەکەن، لە بواری ژمارە و بیرکاری دا کاتێك لەماوەیەکی زۆر کەم دا چەندین ژمارەیان پێ دەڵێن، تا کۆی بکەنەوە، کە هەندێ جار دەگاتە (٢٠) ژمارەی گەورە و بە کاتێکی زۆر کەم بە مێشکی خۆیان وەڵامەکە دەزانن، کە ئەمەش شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەیە لە تێگەیشتنی ئیمەدا،بەڵام خوای گەورە ئەم توانا زۆرەی بە مێشك و یادگەی ئێمە بەخشیوە، کە زۆربەمان لێی بێ ئاگاین، بۆیە ئەوەی پێویستە لەسەر ئێمە؛ کە گرنگی بە مێشکی خۆمان بدەین و ڕاهێنانی پێ بکەین، تا بەهێز بێت.

(١) مێشك و بەکارهێنانی توانا بێسنوورەکانی، ، تونی بوزان، لاپەڕە ٤٩، بەکوردی کردنی: بەختیار ئەحمەد.

باسی دووەم: (مەرجەکانی بەدەستهێنانی زانست لای پێشینە چاکەکان)


هەر کارێك کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات، مەرج و یاسای تایبەتی خۆی هەیە، بەتایبەت فێربوونی زانست، وە بەتایبەتی زانستی شەرعی و لەبەرکردنی قورئانیش بەشێکە و سەرەتای فێربوونە و یەکێکە لەم کارە گرنگانەی کە ناتوانرێت بەهەڕەمەکی و بێ بەرنامە ئەنجامی بدەین، بەڵکو پێویستی بە خۆئامادەکردن و هەوڵدان و ئارامگرتن هەیە، تا بتوانین بەسەرکەوتوویی ئەنجامی بدەین؛ بۆیە زانایان چەند یاسایەکیان داناوە بۆ بەدەستهێنانی زانست و هەروەها لەبەرکردنی قورئانیش سەرەتا و کاری سەرەکییە لەفێربوونی زانستەکان؛ بۆیە مرۆڤ هەرگیز لەدایك نابێت، بە زانا یان قورئانی لەبەربێت،یان بە دکتۆر و ئەندازیار، یان هەر بەهرەیەکی تر... بەڵکو پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە؛ کە ئەنجامی بدات، تاوەکو سەرکەوتوو بێت، هەروەك پێشەوا شافیعی لەم هۆنراوەیە باسی(٦) شتمان بۆ دەکات کە دەفەرمووێت:

أَخِي لَن تَنَالَ العِلْمَ إِلَّا بِسِـــتَّةٍ   سَأُنْبِيك عَن تَفْصِيلِهَا بِبَيَـــانِ
ذَكَاءٌ وَحِرْصٌ، وَاْجتِهَادٌ وَبُلْغَـــةٌ   وَصُحْبَةُ أُسْتَاذٍ وَطُولُ زَمَـــانٍ[١].

واتا:براکەم ئەی ئەو کەسەی کە دەتەوێت ببیتە فێرخوازی زانستی شەرعی (طالب العلم) ناگەیت بە زانست مەگەر بە شەش (٦) مەرج نەبێت، کە بریتین لە:

١- زیرەکی (الذکاء).

(١) ديوان الإمام الشافعي، باب: بِمَ يَنَاُل العِلمُ (١١٦).



٢- پێداگری (الحرص).

٣- (تێکۆشان) (اجتهاد).

٤- (وبلغة) (ئەوەیە کە دەتگەیەنێت بە مەبەست (وەك مەسروفات).

٥- (هاوڕێیەتی کردنی مامۆستا) (صحبة أستاذ).

٦- (درێژی ڕۆژگار واتا ئارامگرتن) (وطول زمان).

یەکەم: زیرەکی (الذكاء):

زیرەکیش چەند جۆرێکە، جۆرێکیان خوای گەورە دەیبەخشێت بە کەسەکە، واتا: (مِنحِي)ە و لەلایەن خوداوەیە، جۆرێکی تریشیان لە زکماك لاوازە و جۆری سێیەمیشیان بەهەوڵدان بەدەست دێت، واتا (كَسْبِي)ە، و لەتوانای مرۆڤ دا هەیە،گەشەی پێبدات و ئاستی زیرەکییەکەی زیاتر بکات،بۆ نموونە: منداڵێك دەتوانێت گەشە بە بیر و هۆشی بدەیت بەهۆی ئەم ئامێرە سەردەمییانەی کە ئێستا بەردەستن، و کارئاسانی دەکەن بۆ لەبەرکردنی قورئان و شارەزابوون لە زانست و گەشەپێکردنی مێشکی ئەم منداڵە.

بۆ نموونە: زانایانی پێشین کە هەر لە منداڵییەوە لەخزمەت زانایان دانیشتوون و پلە پلە زانستەکانیان بەدەست هێناوە، بۆیە زۆرێك لەزانایان هەر لەمنداڵییەوە قورئانی پیرۆزیان لەبەر کردووە و هەروەها مامۆستاکانیان لەتەمەنی بچووکەوە لەم سەردەمە دا ڕێگایان داون، کە فەتوا بدەن، بەهۆی هەوڵدانیان لەتەمەنێکی بچووکەوە بوون بە خاوەنی زانستێکی ئێجگار زۆر کە ئێستا ئەم زانستە لەکەسێکی پلەی دکتۆرا نابیندرێت، لەگەڵ

ئەوەی هەرچەند بیر و هۆش و عەقڵەکان یەك بیر و هۆش و عەقڵن، بەڵام شێوەی بەرنامە و هەوڵدانەکان کە یارمەتی گەشەسەندنی زیرەکی قوتابی دەدات جیاوازە.


نموونەی ئەمەش وەك: پێشەوا شافیعی (خوای گەورە لێی ڕازی بێت)، کە هەر لەتەمەنی مناڵییەوە هەوڵی بەدەسهێنانی زانست دەدات و گەشە بە بیر و هۆشی خۆی دەدات، بەمەش لەتەمەنی (٧) ساڵی هەموو قورئانی پیرۆز لەبەر دەکات و لەتەمەنی (١٠) ساڵی (موطأ) ی پێشەوا مالیك لەفەرموودە لەبەر دەکات، دواتر لەتەمەنی (١٥) ساڵی ئیجازەی فەتوای پێدەدرێت، وەك دەفەرموویێت: فەتوام نەدا، تاوەکو (١٠,٠٠٠) فەرموودەم لەبەر کرد[١].

بۆیە وەك دیارە ئەم هەمووە زانست و زانیارییەی پێشەوا شافیعی لەپڕێك و لەخۆوە لەم تەمەنە بچووکەدا درووست نەبووە، چونکە زەحمەتە لەم تەمەنە بچووکەوە ئەم هەموو زانستە بەدەست بێت،بەبێ هەوڵدان وە بەبێ گەشەپێدانی بیر و هۆشی و پلەپلەیی لەفێربوون و لەبەرکردن، بەڵکو پێویستی بە گرتنەبەری هەموو ئەو هۆکار و ڕێخۆشکەرانە هەیە، کە وا دەکات مرۆڤ بەئاسانی فێری زانست ببێت.

دووەم: پێداگری (الحرص):

هەروەك چۆن هەوڵ دەدەین و پێداگرین بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیانمان یان پاراستنی ماڵ و سامانمان لەشوێنێکی پارێزراو، یا پێداگری ئەو منداڵەی کە دەگری بۆ بەدەستهێنانی ئەو شتەی کە ئارەزوو دەکات بەدەستی بهێنێت، بەهەمان شێوە و زیاتریش پێویستە ئێمەش پێداگر و سوور بین بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری و چاو لەزانایانی پێشین بکەین کە چ

(١) المنتظم في تاريخ الملوك والأمم- لابن الجوزي-(١٠/ ١٣٥) ، (دار الكتب العلمية).



هەوڵێکیان داوە و چەند پێداگر بوون بۆ بەدەستهێنانی زانست، کە ئەمەش زۆر بەڕوونی لەژیانی زانایان ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە: (عیسای ،،کوڕی موسا- ١٥٥هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویێت: (مَكَثْتُ ثَلَاثِينَ سَنَةً أَشْتَهِي أَنْ أُشَارِكَ العَامَّةَ فِي أَكْلِ هَرِيسَةِ السُّوقِ، فَلَا أَقْدِرُ عَلَى ذَلِكَ لِأَجْلِ البُكُورِ إِلَى سَمَاعِ الحَدِيثِ)[١]. واتا: (٣٠) ساڵ مامەوە و چاوەڕوان بووم حەزم دەکرد لەگەڵ خەڵکیدا بەشداری بکەم لە خواردنی (هەریسە) -کە جۆرێکە لە خواردن ئێمە پێی ئەڵێین (تێکوشە)- کە لە بازاڕدا دەفرۆشرا، بەڵام نەمتوانی بیخۆم، لەپێناو زوو چوونم بۆ کۆڕ و مەجلیسی فەرموودە، واتا: تاوەکو دوانەکەوم لە بەدەستهێنانی فەرموودە و فەرموودەم لەدەست نەچێت.

هەروەها (ابن خراش- ٢٨٣هـ) دەفەرموویێت: (شَرِبْتُ بَوْلِي أَثْنَاءَ الرِّحْلَةِ لِطَلَبِ الْعِلْمِ خَمْسُ مَرَّاتٍ)[٢]، واتا: لەکاتی سەفەرکردنم بۆ بەدەستهێنانی زانست پێنج جار میزی خۆمم خواردەوە.


(ئیسحاق کوڕی راهویە - ٢٣٨هـ) دەفەرموویێت: (كَانَ الحَافظُ الْمُنذري لَا يَخرُجُ منَ الْمَدرسَةِ الَّتِي يَدْرُسُ فيها لا لعَزاءِ وَلَا لهَناءِ، وَلا لفَرح، وَلا لغَير ذلكَ، إلا لِصَلَاةِ الجُمُعَةَ، بَلْ يَسْتَغرقُ كُلُّ الأَوقَاتِ فِي العِلم)[٣]. واتا: (ئیسحاقی کوڕی راهویە) دەفەرموویێت: کە ئیمامی (مونزیری) لەو قوتابخانەیە دەرنەچووە، کە تیایدا دەی خوێندەوە ، نە بۆ سەرەخۆشی و نە بۆ پیرۆزبایی، نە بۆ خۆشی و نە بۆ شتی تریش، جگە لەنوێژی جومعە، بەڵکو بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و دەورکردنەوە بووە.

---

(١) تأريخ بغداد، خطيب البغدادي،ت: بشار، (١٢/ ٥١٣)، (٥٨٤٢).

(٢) سير أعلام النبلاء، شمس الدين الذهبي، ١٠/ ٥٠٥ ، ط: الحديث.

(٣) قيمة الزمن عند العلماء، عبد الفتاح أبو غدة، (٦٩).



هەروەها (حافظ النووي- ٦٧٦هـ)ش خوا لێی رازی بێت (لَا يَأْكُلُ في اليَوم واللَّيلَة إلا أَكلَةً واحدةً بَعدَ عَشَاءِ الآخرة، وَكانَ يَشرَبُ شُربَةً وَاحِدةً عِندَ السَّحَرِ، كُلُّ ذلكَ لِانشِغاله بطَلَبِ العِلم)[١]. واتا: ئیمامی نەوەوی (خوا لێی ڕازی بێت) لە شەو و ڕۆژێكدا تەنها یەك ژەم نانی دەخوارد، كە دوای دەخست بۆ كاتی دوای شێوان (عیشا)یەكی درەنگ، وە یەك جار ئاوی دەخواردەوە لەپێش بەیانیدا،ئەمەش هەموو بەهۆی سەرقاڵی بوو ،بۆ بەدەستهێنانی زانست.

بۆیە هەموو ئەم نموونانەی كە باسمان كرد،لەژیانی زانایانی پێش ئێمە ئەوەمان نیشان دەدەن ؛ كە چ پێداگرییەكیان كردووە و چەند سوور بوونە بۆ بەدەستهێنانی زانست، تەنانەت وازیان لە ژیانی ئاسایی خۆیان هێناوە، لەخواردن و خواردنەوە تەنها بۆ بەدەستهێنانی زانست و ڕازیكردنی خوای گەورە وە هەموو ژیانیان بەخشیوە لەم ڕێگایەدا.

سێیەم: هەوڵ و تێكۆشان (اجتهاد):


بریتیە: لە هەوڵدان و خۆماندووكردن بەوەی هەرچی لە توانای مرۆڤ دایە ئەنجامی بدات بۆ گەیشتن بە شتێك، مەبەستیش لە هەوڵدان لێرەدا بریتیە: لە خۆماندووكردن بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، بۆیە بەدەستهێنانی زانست پێویستی بە هەوڵ و ماندووبوون و تێكۆشان هەیە،هەروەك(یەحیای كوڕی باوكی كثیر) دەفەرموویێت: (لا يُستطاعُ العِلمُ بِراحَةِ الجِسمِ)[٢].

واتا: ناتوانرێت زانست بەدەست بهێندرێت بەبێ ماندووبوونی جەستە.

---

(١) تأريخ الإسلام ووفيات المشاهير والأعلام- للذهبي- ٥/ ٢٥٢.

(٢) شرح النووي على مسلم- ٢/ (١٠٥)- (٦١٢).



بۆیە زانایانی پێشین زۆرجار چەندین کیلۆمەتریان بڕیوە بۆ بەدەستهێنانی زانست یان فەرموودەیەك، هەروەك هاوەڵی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) (جابر بن عبدالله) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: بَلَغَني حديثٌ عن رجل سَمعَهُ من رَسُول اللَّه (صلَّى اللَّهُ عليه وسلَّمَ)، فَاشْترَيْتُ بعيرًا، ثُمَّ شَددتُ عَليهِ رَحْلِي،فَسِرْتُ إليهِ شَهْراً، حَتَّى قَدِمتُ عَليهِ الشَّامَ)[١].

واتا: (جابری کوڕی عبدالله: ٧٨هـ) دەفەرموێت:(لە یەکێك لە هاوەڵانی پێغەمبەری خوا (صلَّى اللَّهُ عليهِ وسلَّمَ) فەرموودەیەکم پێ گەیشت، وشترێکم کڕی و شتوومەکی سەفەرم ئامادەکرد و بەڕێ کەوتم بۆی و چوم بۆ شام بە ماوەی مانگێك تا گەیشتمە لای.

بۆیە ئەمە هەوڵدانی پێشینان بووە بۆ بەدەستهێنانی زانست، وە لەهەندێ کات لەشەویشدا هەر خەریکی بەدەستهێنانی زانست بوون و نەنووستوون، هەروەك (ئەبو ئیسحاقی موڕادی) دەفەرموێت: (جَاوَرتُ الحَافِظَ المُنذِري (رحمه الله) ثِنْتَي عَشرَةَ سَنَةً، فَلَم أَستَيقظْ في لَيلَة منَ اللَيالي في سَاعَة من سَاعَات اللَّيل إلَّا وَجَدتُ ضَوءَ المِصْباح في بَيته، وَهُوَ مُشتغلٌ بِالعِلمِ، حَتَّى كَانَ في حال الأَكلِ والكُتُبُ عِندَهُ يَشتَغِلَ فِيها)[٢].

(أبو إسحاق- ٦٦٢هـ) دەفەرموێت: (١٢) ساڵ جیرانی حافزی مونزیری بووم، هەڵنەستاوم شەوێك لەشەوان لەکاتێك لە کاتەکانی شەو مەگەر ڕوونـاکی فانۆس و چراکەیم بینیوە هەڵگیرساوە لەماڵیان و خەریکی خوێندنەوە بووە، تەنانەت لەکاتی خـواردنیش کتابـەکانی لە لابـووە و خوێندوویەتییەوە؛ بۆیە قوتابی زانسـت (طـالب العلم) گەر بیەوێت

(١) مسند الإمام أحمد- ٢٥ /٤٣١- رقم الحديث (١٦٠٤٢).

(٢) بستان العارفين- النووي- (٤/ ٧٩).

بەرزبێتەوە و ببێت بە کەسێکی سەرکەوتوو، پێویستە هەوڵ بدات و ماندوو بێت و تووشی ئازار بێت، هەروەك (ئیمامی شافیعی) خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویێت:

((بِقَدَرِ الكَدِّ تُكْتَسَبُ المَعَالي   وَمَن طَلَبَ العُلا سَهَرَ اللَّيالِي

وَمَن رَامَ العُلَى مِن غَيرِ كَدٍّ   أَضَاعَ العُمْرَ في طَلَبِ المُحَالِ))(١).


واتا: بەپێی هەوڵ و ماندووبوون پلەبەرزەکان بەدەست دێت، وە هەرکەسێك بەرزی بوێت پێویستە شەونخونی بکات و هەوڵ بدات،هەرکەسێك پلەی بەرزی بوێت بێ ماندووبوون ئەوا تەمەنی بەفیڕۆ دەچێت، لەشتێك کە مەحاڵە بەدەستی بێنێت.

چوارەم: (وبُلغَةٌ)

(واتا: ئەو شتەی کە پێویستیەکانت پڕدەکاتەوە بۆ فێربوونی زانست، وەك ماڵ و سامان).

ئەو شتەیە کە دەتگەیەنێت بە مەبەست و پێویستیەکانت پڕ دەکاتەوە، وەك ماڵ و سامان لە بەدەستهێنانی زانست،لەبەرئەوەی پێشینە چاکەکانمان هەرگیز ڕازی نەبوون و نەیانهێشتووە ببنە بارگرانی بەسەر کەسانی تر، لەکاتی بەدەستهێنانی زانست، یان بازرگانی بە قورئانی پیرۆز یان زانست بکەن، وەك سەردەمی ئێستامان کە زۆر جار قورئان و دین بۆ بەدەستهێنانی دونیا بەکار دێنن،نەخێر بەڵکو هەمیشە بەماڵی حەڵاڵی خۆیان داوای زانستیان کردووە و فێربوونە، هەروەها پێویستە ئەو ماڵەش کە بۆ بەدەستهێنانی زانست تەرخان دەکەن و سەرفی دەکەن حەڵاڵ و پاك بێت،

(١) ديوان الشافعي: باب طريق المعالي- (١٠٨).



تاوەکو ئەو زانستەی بەدەست دێت شوێنی خۆی بگرێت لای خواش قەبوڵ بێت و بەرەکەتدار بێت و ڕەنگ بداتەوە، هەروەك چۆن لە پێشینە چاکەکان ڕەنگی دابۆوە، چونکە نەبووبوونە بارگرانی بەسەر خەڵك و ئەو کەمەشی کە دەیان خوارد تێکەڵی ماڵی حەرام نەبووبوو، وە یان ئارامیان دەگرت لەسەر برسێتی هەروەك (پێشەوا مالیك) دەفەرمووێت: (لا ينالُ هَذا الأمرَ حَتَّى يُذَاقَ فِيهِ طَعمُ الفَقْرِ)[١].

واتا: ئەم زانستە بەدەست نایەت تاوەکو تامی هەژاری نەچێژیٚ.

لەهەندیٚ کاتدا زانایان تەنانەت جل و بەرگیشیان نەبووە بۆ لەبەرکردن، بەڵام نەبوونەتە بارگرانی بەسەر کەسەوە و نەفسیان ڕێی پێ نەداون داوا لەکەس بکەن،هەروەك (علی کوڕی حەرب- ٢٦٥هـ) دەفەرموویٚت: (أَتَيْنَا الإمَامَ زَيْدَ بْنَ الحُبَاب، فَلَمْ يَكُنْ لَهُ ثَوْبٌ يَخْرُجُ فِيهِ إِلَيْنَا، فَجعَلَ البَاب بَيْنَنَا وَبَيْنَهُ حَاجِزًا، وَحَدَّثَنَا مِنْ وَرَائِهِ)[٢].

واتا: (علی کوڕی حەرب- ٢٦٥هـ) دەفەرمووێت: چووینە لای (زەیدی کوڕی حەباب) بۆ فێربوونی زانستی شەرعی، بەڵام جلوبەرگی نەبوو تا لەبەری بکات و بێتە لامان، بەڵکو دەرگای ماڵەوەی کردە بەربەست لەنێوان ئێمە و خۆیدا، وە لەپشتی دەرگاوە زانست و فەرموودەمان لیٚ وەردەگرت و دەمان گێڕایەوە.

لە باسکردنی ژیانی (ئەبو جعفر ئەحمەدی قەصری- ٣٢٢هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) وتراوە: کە هەندێك لەپۆشاکی خۆی فرۆشت بەپارەکەی هەندیٚ کتاب و پەڕی کڕی بۆ نووسینەوە.

(١) علو الهمة- محمد أحمد إسماعيل المقدم- (١١/ ٢٥).

(٢) سير أعلام النبلاء – (١١٩/٨).

تەنانەت لەهەندێ کاتا بەهۆی پێداگرییان بۆ فێربوون ئەوەی هەیانبا دەیان فرۆشت، وەك: جلو بەرگ، هەروەك باسمان کرد، یان جاری وابوو داری ناو سەقفی خانوویان دەفرۆشت بۆ کڕینی پێداویستییەکانیان، هەروەك (ابن القاسم- ١٩١هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (أَفضَى طَلَبُ العِلمِ بِالإمام مَالكِ إلى أن نَقَضَ سَقفُ بَيتِهِ فَباعَ خَشَبهُ ثُمَّ مَالَتْ إِلَيهِ الدُّنيا)[١].

واتا: (بەدەستهێنانی زانست وای لە ئیمامی مالك کرد تا سەقفی خانووەکەی خۆی هەڵوەشاندەوە و دارەکانی (کاریتەکان)ی ناو سەقفەکەی فرۆشت.

هەروەها (هشام بن عمار – ٢٤٥هـ)دەفەرموویت: (باعَ أَبِي بَيتاً لَهُ بِعشرِينَ دِينَاراً وَجهَّزَني لِطَلَبِ العِلمِ والحَجِّ)[٢].


واتا: (هیشامی کوڕی عەممار) دەفەرمووێت: (باوکم خانوویێکی بە بیست (٢٠) هەزار دینار بۆم فرۆشت و ئامادەی کردم بۆ فێربوونی زانست و چوونە حەج).

بۆیە ئەی قوتابیانی ڕێگای زانست و لەبەرکارانی قورئانی پیرۆز، ئەمەی باسمان کرد هەندێ بوو لە نەفس بەرزیی زانایانی پێشینان بۆ بەدەستهێنانی زانست، کە چ نارەحەتییەکیان بینیوە لەم ڕێگایە،بۆیە ئەم دینە بەم شێوازە و لەڕێی ئەم کەسانەوە و بەم ماندووبوونەوە گەیشتۆتە ئێمە، وە لەسەر ئێمەش پێویستە درێژە بە ڕێگاکەیان بدەین و چاویان لێ بکەین.

---

(١) تأريخ بغداد- للخطيب البغدادي- (١٣/٢)

(٢) سير أعلام النبلاء- للذهبي- (٤٢٩/١١)




پێنجەم: هاوڕێیەتی کردنی مامۆستا (وصحبة أستاذ):

واتا هاوڕێیەتی کردنی مامۆستا و ئامادەبوون لە وانەکان و بەردەوام بوون تیایدا لەکاتی خۆی، بۆیە هاوڕێیەتی کردن و لەگەڵبوونی مامۆستا زۆر گرنگە،بەتایبەت بۆ فێربوون و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، تەنانەت زانایانی فەرموودەش گرنگیان بەم بابەتە داوە و فەرموودەیەکیان پێشخستووە بەسەر فەرموودەیەکی تردا، لەبەرئەوەی قوتابییەکە زیاتر لەگەڵ مامۆستاکەی ژیاوە و شتی زیاتری لێ وەرگرتووە، کە لەزانستی فەرموودە بە یەکێك لە نیشانەکانی پێش خستنی فەرموودەیەك بەسەر فەرموودەیەکی تردا داندراوە، کە پێیان ئەڵێن (قرائن الترجیح)واتا: لە کاتی دژ بە یەکتربوون لە نێوان دووبەڵگەوە، یەکیان پێش دەخرێت بەسەر ئەوی تریان وەك هاوڕێیەتی کردنی قوتابیەك بۆ مامۆستاکەی زیاتر لە قوتابیەکانی تر.

بۆیە هاوڕێیەتی کردنی مامۆستا زۆر پێویستە بۆ قوتابی لەبەرئەوەی بەردەوام ڕێنوێنی قوتابییەکەی خۆی دەکات و فێری دەکات،هەروەك لەبەسەرهاتی موسا و خضر (خوا لێیان ڕازی بێت) کە دەفەرمووێت: ﴿قَالَ لَهُۥ مُوسَىٰ هَلۡ أَتَّبِعُكَ عَلَىٰٓ أَن تُعَلِّمَنِ مِمَّا عُلِّمۡتَ رُشۡدٗا﴾ (الكهف: ٦٦).

واتا:(موسا) (علیه السلام) بە(خضري) فەرمووی:ئاخۆ مۆڵەتم دەدەیت شوێنت بکەوم؟

واتە: ڕوخسەتم ئەدەیت کە بەردەوام لەگەڵت بم؟ تا لەو زانستەی - لەلایەن پەروەردگارتەوە - فێرکراویت، منیش فێر بکەیت و نیشانمی بدەی، بەڵکو کەڵکی لێ وەرگرم لە کاروبارمدا.



هەر بۆیە وتراوە :(مَنْ دَخَلَ العِلْمَ وَحْدَهُ، خَرَجَ وَحْدَهُ)[١].

واتا: (هەركەس بەتەنها فێری زانست بێت (بەبێ مامۆستا)، ئەوا بەتەنها دەردەچێت بەبێ زانست).

وە ئیمامی (شافیعی)ش (خوا لێی رازی بێت) دەفەرمووێت: (مَنْ تَفَقَّهَ مِن بُطُونِ الكُتُبِ، ضَيّعَ الأَحْكَامَ)[٢].

واتا: هەركەسێك تەنها خۆی لەسەر كتاب فێری زانست بێت بێ مامۆستا، ئەوا ئەحكامەكانی لەدەست دەدات.

بۆیە لێرەدا هەندێ لە كار و گرنگی مامۆستا لەژیانی قوتابی زانستی شەرعی (طالب علم) باس دەكەین لەوانە:

١) هانی قوتابی دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست:

أ/ قال (الذهبي: ٧٤٨هـ): (وهوَ الَّذي حَبَّبَ إليَّ طَلَبُ الحَديث، يعني: الشيخ علم الدين البرزالي) فقال: (خَطُّكَ يُشبِهُ خَطُّ المُحَدِّثِينَ، فَأَثَّرَ قَولَهُ فِيَّ وَسَمِعتُ وَتَخَرَّجْتُ بِهِ فِي أَشْياءِ)[٣].

واتا:ئیمامی (زەهەبی) دەفەرمووێت: (شێخ علم الدين البرزالي- ٧٣٩هـ) فەرموودەی لا خۆشەویست كردبووم،چونكە پێی وتم: خەتت بە خەتی

(١) الجواهر والدرر في ترجمة شيخ الإسلام ابن حجر- شمى الدين محمد بن عبدالرحمن السخاوى - (٥٨/١)- دار ابن حزم.

(٢) شرح المقاصد- سعد الدين التفتازاني-(١/ ٩٠) + تذكرة السامع والمتكلم في اداب العالم والمتعلم- لابن جماعة (٨٧).

(٣) الضوء اللامع، شمس الدين محمد بن عبدالرحمن السخاوي، (١/١١-١٢).

زانایانی فەرمووده (المحدثين) دەچێت، دەڵێت: ئەم قسەیەی کاری تێ کردم و گوێم گرت و بەم قسە و هاندانە لەچەندین شت سەرکەوتوو بووم.

ب/ ئیمامی (سەخاوی- ٩٠٢هـ) لە باسکردنی ژیانی مامۆستاکەی (ابن حجر- ٨٥٢هـ) دا دەفەرموویت: (وفترَ عَزمُه عَنْ الاشتغَال منْ أَجل أَنَّه لَمْ يَكُن لَّه مَن يَحُثُّهُ عَلَى ذَلك، فَلَمْ يَشتَغِل إلاّ بَعدَ استِكمَالِ سَبعَ عَشرَةَ سَنَةٍ)[١].

واتا: (ئیبنو حەجەر) تووشی ساردی و هیمەت نزمی بووبوویەوە لە بەدەستهێنانی زانست، لەبەرئەوەی کەس نەبوو هانی بدات لەسەر فێربوون، بۆیە هەوڵی بۆ نەدا تا تەمەنی بووە (١٧) ساڵ).

٢- ڕێنوێنی کردن و نیشاندانی ڕێگای بەدەستهێنانی زانست.

٣- ڕێنوێنی قوتابییەکەی دەکات بۆ ئاکار و خوڕەوشتی جوان و ڕێگری دەکات لە خوڕەوشتی خراپ و ئەنجامدانی کاری حەڕام.

٤- پێداگرە لەسەر فێرکردنی قوتابی و هەوڵی زۆریان لەگەڵ دەدات و زانستەکان بەپێی تێگەیشتنیان باس دەکات بۆیان، چونکە خۆیان ناتوانن تەنها بە خوێندنەوە بەدەستی بهێنن، قال (السفيان الثوري- ١٦١هـ): (واللهِ لَوْ لَمْ يَأْتُونِي لأَتَيْتُهُمْ فِي بِيُوتِهِمْ)[٢].

واتا: (سوفیانی سەوری) دەفەرموویت: (سوێند بە خوا ئەگەر قوتابیەکان نەیەن بۆ لام بۆ فێربوون ئەوا خۆم دەچم بۆ ماڵیان فێریان دەکەم).

(١) الجواهر والدرر في ترجمة شيخ الإسلام ابن حجر - (١/ ١٢٤).

(٢) جامع بيان العلم وفضله - أبو عمر يوسف بن عبدالبر- (٤٣٧/١).

وە ئیمامی (شافیعیش- ٢٠٤هـ) خوا لێی ڕازی بێت دەفەرمووێت: (لَو أَستَطِيعُ أَن أُطعِمُكَ العِلمَ لأَطْعَمتُك)[(١)].

واتا: (ڕەبیعی کوڕی سلێمانی موڕادی - ٢٧٠هـ) کە قوتابی (ئیمامی شافیعی)ـە فەرمووی: مامۆستاکەم (شافیعی) خوا لێی ڕازی بێت پێی وتم: گەر بمتوانیبا زانستت دەرخوارد بدەم بەزۆری دەرخواردم دەدایت.

٥- وە لە گرنگی پێدانی زانایان بە قوتابیان، ئاراستەکردنی پرسیارە لێیان، بۆ زیاتر تێگەیشتنیان لە بابەتەکە، یان هەندێ جار قوتابییەکە لەهەندێ بابەت تێ ناگات،پرسیار لە مامۆستاکەی دەکات تا بۆی ڕوون بکاتەوە.

ئەمە بەشێك بوو لە گرنگی شەیخ و مامۆستا لەژیانی قوتابی زانست دا، کە قوتابی خۆی بەتەنها ناتوانێت لە هەموو بابەتەکانی زانستە شەرعیەکان تێ بگات، چونکە توشی هەڵەی زۆر دەبێت وەك پێشتر باسمان کرد.

هەروەها لێرەدا چەند نموونەیەکیش لەژیانی ئەو کەسانە باس دەکەین؛ بەبێ مامۆستا فێری زانست بوون بەڵام توشی هەڵەی گەورە بوون:

١- (عَن يَحيَى بن أَكثَم: قَالَ: قَدِمَ رَجلٌ ابنَهُ إلى بَعض القُضَاة لِيَحْجُرَ عَليه فَقالَ: فِيمَ؟ قال للقاضي: أَصْلَحَكَ اللهُ، إنْ كَانَ لِيَحسُنَ آيَتَينِ من كِتَابِ اللهِ فَلا تَحجُرْ عَليهِ، فقالَ لَهُ القَاضي: اقرَأ يا فَتَى، فَقالَ:


أَضاعُونِي وأيَّ فَتىً أَضَاعُوا ... لِيومِ كَرِيهَةٍ وَسِداد ثَغْرِ.

فَقَالَ أَبُوهُ: أَصلَحَكَ اللهُ إنَّهُ قرأ آيَة أُخرَى فَلا تَحجُر عَليه. فَحَجَرَ القَاضِي عَلَيهِمَا)[(٢)].

---

(١) مناقب الشافعي- للبيهقي (١٤٧/٢) .

(٢) أخبار الحُمقَى والمغفلين- لابن الجوزي- (٧٩).



(یەحیای کوڕی ئەکثەم - ٢٤٢هـ) دەگێڕێتەوە لەپیاوێك کە منداڵەکەی خۆی هێنابوو بۆ لای دادوەر (قاضي) تاوەکو حەجر و مەنعی بکات، دادوەرەکە وتی: لەسەر چ حەجری لەسەر دابنێم؟ پیاوەکە وتی: خوا هیدایەتت بدات جەنابی دادوەر،ئەگەر دوو ئایەتی بە باشی زانی ئەوا کێشە نیە حەجرو مەنعی لەسەر دامەنێ، دادوەرەکەش پێی وت: بخوێنە ئەی گەنج، گەنجەکەش ئەم دێرە شیعرەی لەبەربوو بۆ قازیەکەی خوێندەوە و وای زانی ئایەتی قورئانە (أَضاعُوني وأيَّ فَتىً أَضَاعُوا ... لِيوم كَريهةٍ وَسِداد ثَغْرٍ)، باوکیشی بە قازیەکەی وت: خودا چاکەت بۆ بهێنی جەنابی قازی ئەمە ئایەتێکی تری خوێندەوە، کەواتە حەجری مەخە سەر، باوکیشی وای زانیبوو ئەو شیعرە قورئانە، بۆیە دادوەرەکە تووڕەبوو مەنعی لەسەر خۆی و کوڕەکەی دانا.

٢- وعن المزني أنه قال: سمعت الشافعي يقول: قَرَأَ رَجُلٌ (فَمَا لَكُم فِي الْمُنَافِقِينَ قَيْسٌ) قيلَ: فَما قَيسٌ؟ قالَ: يَقتَاسُونَ بِهِ[1].

واتا: ئیمامی (موزەنی- ٣٢٤هـ) دەفەرموویت: گوێم لە شافیعی (خوا لێی ڕازی بێت) بوو فەرمووی:پیاوێك ئەم ئایەتەی خوێندەوە (فَمَا لَكُم فِي الْمُنَافِقِينَ قَيْسٌ)،پێی وترا: قیس چیە؟

وتی: شتی پێ قیاس دەکەن.(خۆی ڕاستەکەی بەم شێوەیە: (فِئَتَينِ)).

٣- (قال: حدثني أبو فزارة الأسدي قال: قُلتُ لسَعيد بن هُشَيم: لَو حَفظتَ عَن أَبيكَ أَحاديثَ سُدَّت النَّاسُ، وَقيلَ هَذا ابنُ هُشَيم فَجاءُوكَ فَسَمِعُوا منكَ، قالَ: شَغَلَنِي عَن ذلكَ القُرآنُ، فلمّا كانَ يُومٌ آخر قالَ لِي: جُبَيرٌ كَانَ نَبِياً أَم صِدِّيقاً؟

(١) أخبار الحمقى والمغفلين- لابن الجوزي- (٧٩).

قُلتُ: مَن جُبَيرٌ؟ قالَ: قَولُه (عَزَّ وَجَلَّ): {وَاسْأَلْ بِهِ جَبِيراً}. قَالَ: قُلتُ لَهُ: يا غَافِل، زَعَمتُ أَنَّ القُرآن أَشغَلَكَ)[١].

واتا: (ئەبو فەززارەی ئەسەد)ی بۆی گێڕامەوە و وتی: بە (سەعدی کوڕی هوشەیم)م وت: ئەگەر هەندێ فەرموودەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەباوکت فێربیت و لەبەری بکەیت، تا ڕێی خراپە لە خەڵك بگریت، [هەندێ دەڵێن ئەوە (کوڕی هوشەیم)ە]، دێنە لات و گوێت بۆ دەگرن، ئەویش وتی: من بە قورئان سەرقاڵم بۆیە کاتی ئەوەم نیە، ڕۆژێکیان هات بۆ لام و پێی وتم: ئایا (جُبیر) پێغەمبەرە یان پیاوچاك و ڕاستگۆ بووە، ئەڵێ منیش وتم: (جُبیر) کێیە؟ وتی: ئایەتی خــوای گەورە کە دەفەرمووێت: {واسأل به جبيراً}[٢]، ئەڵێ: پێم وت: ئەی بێ ئاگا، وامزانی قورئان سەرقاڵی کردووی لە فێربوونی فەرموودە. (ئینجا بەم شێوە هەڵەیەش دەیخوێنیەوە).

(مَن كانَ شَيْخُهُ كِتابَهُ، كانَ خَطَؤُهُ أَكْثَرَ مِنْ صَوابِهِ).

شەشەم: ئارامگرتن لەسەر درێژیی ڕۆژگار(طول زمان):

واتا: ئارامگرتن و پەلەنەکردن لە بەدەستهێنانی زانست و بەردەوام بوون لەسەر فێربوون بۆ ماوەیەکی درێژ، بۆیە پێویستە لەسەر قوتابی زانستی شەرعی و لەبەرکاری قورئان پشوو درێژ بێت و پەلە نەکات.

بۆیە وترا بە ئیمامی (شەعبی-١٠٤هـ) (خوا لێی ڕازی بێت): (مِن أَينَ لكَ هذا العِلم؟ فقالَ: بِنَفيِ الاعتِمادِ، والسَّيرُ في البِلادِ، وصَبْرٌ كصبرِ الحِمارِ، وبُكورٌ كبكورِ الغُرابِ)[٣].

(١) أخبار الحمقى والمغفلين- (٧٧).

(٢) سورة الفرقان: ٥٩، ئایەتەکە خۆی بەم شێوەیەیە: {خَبيراً}.


(٣) سير أعلام النبلاء - (٤ / ٣٠٠).

واتا: بە ئیمامی (شەعبیان) وت: ئەم هەموو زانستەت لەکوێ دەست کەوت؟ فەرمووی: دەستم کەوت بە پشت نەبەستن بە کەس، وە گەڕان لە شاران، هەروەها ئارامگرتنێك وەك ئارامگرتنی گوێدرێژ، و زوو دەرچوون لەبەیانی وەکو زوو دەرچوونی قەلەڕەش لە هێلانەکەی لە بەیانیدا (بۆ دەستکەوتنی خۆراك).

بۆیە زۆر کات قوتابی (طالب العلم) بەهۆی وتارێك یان کتابێك یان محازەرەیەك لەسەر گەورەیی زانست، یان لەبەرکردنی قورئان نیەت دێنێت و دەست دەکات بە فێربوونی زانست یان لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، بەڵام دوای ماوەیەکی کەم سارد دەبێتەوە و ناتوانێت بەردەوام بێت، بۆیە ئەم چەند ئایەتە یان ئەم کەمە زانستەی فێری بووە، بەهۆی بەردەوام نەبوونی لەبیری دەکات و نامێنێت، وە لەمەش خراپتر ئەوەیە کە شەیتان ئەم کەمە زانستەی بۆ بڕازێنێتەوە بەوەی کە پێی دەڵێت: تەواو تۆ زانستێکی زۆرت وەرگرتووە و پێویستت بە زانیاری زیاتر نیە و بەم کەمە زانستە فەتوا دەدات و توشی تاوان دەبێت.

بۆیە ئەگەر سەیرێکی ژیانی زانایانمان بکەین، دەبینین کە بەدرێژایی کات بۆ فێربوونی زانست هەوڵیان داوە ،وە چەندەها ساڵ یان هەندێ جار هەموو تەمەنی خۆی بۆ بەدەستهێنانی زانست تەرخان کردووە، بۆ نموونە (ئیبن و مەندە- ٣١٠هـ) خوا لێی ڕازی بێت کاتێك سەفەری کرد بۆ بەدەستهێنانی زانست تەمەنی (٢٠) ساڵ بوو وەکاتێ گەڕایەوە شارەکەی خۆی بۆ ماڵەوە تەمەنی (٦٥) ساڵ بوو، واتا: سەفەرەکەی (٤٥) ساڵی خایاند)[١].

(١) سیر أعلام النبلاء (٣٠/١١).



هەروەها (عوبەید کوڕی یعیش- ٢٢٩هـ) خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموێت: (أُقَمْتُ ثَلاَثِين سَنَةً مَا أَكَلْتُ بِيَدِي يعني: بِاللَّيْلِ، كَانَتْ أُخْتِي تُلَقِّمُنِي وَأَنَا أَكْتُبُ الحَدِيث)[1].

واتا: (عوبەیدی کوڕی یەعیش) دەفەرموێت: (٣٠ دانە ساڵی ژیانم نەم توانی بەدەستەکانم نان بخۆم، بەڵکو خوشکەکەم پارووی دەخستە دەمم، چونکە من خەریکی نووسینی فەرموودە بووم).


واتا: (٣٠) دانە ساڵ هەر بەدوای زانست بووە بێ ئەوەی واز بهێنێت و سارد ببێتەوە بەڵکو هەر بەردەوام بووە.

بەڵکو یەکێك لە زانایان لە سەفەرەکەی چەندین ساڵی پێ چووە، کاتێك سەفەری کردووە، منالەکەی لە سکی دایکی دابووە، پاشان منداڵەکەی بۆ لای باوکی چووە، لەو شارە باوکی نەی ناسیوەتەوە، چونکە گەورە بووە، ئەم بەسەرهاتە هەروەك (ابن القاسم) (عبدالرحمن بن القاسم العتقي) دەفەرموێت: أَنَخْتُ بِبَاب مَالك سَبْعَ عَشْرَةَ سَنَةً، مَا بِعْتُ فِيهَا وَلاَ اشْتَرَيْتُ شَيْئًا، فَبَيْنَمَا أَنَا عِنْدَهُ ذَاتَ يَوْم إِذْ أَقْبَلَ حُجَّاجُ مِصْرَ، فَإِذَا شَابٌّ مُلَثَّمٌ قَدْ دَخَلَ عَلَيْنَا وَنَحْنُ فِي المَسْجِد، فَسَلَّمَ عَلَى مَالك وَقَالَ: أَفِيكُم ابْنُ القَاسِم؟! فَأَشَارُوا إِلَيَّ، فَأَخَذَ يُقَبِّلُ بَيْنَ عَيْنَيَّ، وَوَجَدْتُ مِنْهُ رَائِحَةَ الوَلَد، فَإِذَا هُوَ ابْنِي الَّذِي تَرَكْتُ أُمَّهُ حَامِلاً بِهِ، قَدْ شَبَّ وَكَبُرَ وَصَارَ رَجُلًا)[2].

واتا: (ئیبن قاسم- ١٩١هـ) دەفەرموێت: (١٧) ساڵ لەپێش ماڵی مالیك مامەوە، نە هیچم کڕی و نە هیچم فرۆشت، ڕۆژێك لای ئیمام بووم، حاجیەکانی


(١) سير أعلام النبلاء (٣٠/١١).

(٢) طبقات الفقهاء- الشيرازي- (١٥٠).



(مصر) بەلاماندا تێ پەڕین و گەنجێکی دەمامکدار هاتە ژوورەوە و ئێمە لە مزگەوت بووین، سەلامی لە ئیمامی مالیك کرد و وتی: ئایا (کوڕی قاسم) تان تیایە؟! ئەوانیش ئاماژەیان بۆ من کرد، گەنجەکە هات و نێوچاوانی ماچ کردم، بۆنی کوڕمی لێ دەهات،دەرکەوت کوڕەکەم بوو کە من کاتێك دایکیم جێهێشت دووگیان بوو بەم کوڕەم بەڵام ئێستا گەورە بووە و بۆتە پیـــاو.

بۆیە ئەمانەی باس کرا لە ژیانی زانایان سەبر و ئارامگرتنیان بوو بۆ بەدەستهێنانی زانست، کە پێویستە ئێمەش چاویان لێ بکەین و ئارامگر بین، بەتایبەت لەکاتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و وە لە فێربوونی زانستیش بەهەمان شێوە پێویستی بەئارامگری زیاتریشە، بۆیە گەر (٢٠) ساڵیش لەخزمەتی قورئان بیت و بەردەوام بی لە لەبەرکردنی ئەوا هیچ شتێکت زەرەر نەکردووە،بەڵکو لە خزمەت کەلامی خوا بووی،کە گەورەترین کەلامە،بەوەش بە خوێندنەوەی هەر پیتێك دەچاکەیەو، هەر چاکەیەکیش بە دە بەرامبەر بۆت دەنووسرێت، کە لەم ماوەیەدا هەزاران چاکەت بۆ دەنووسرێت لای خوای گەورە، کە لەقیامەت خەڵك بۆ چاکەیەك پشت لە برا و دایك و باوك و کەس و کار دەکات.



باسی سێیەم: (بەڵگە لە قورئان و فەرمودە لەسەر لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز)

یەکەم: (بەڵگە لە قورئانی پیرۆز):

خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَلَقَدْ يَسَّرْنَا ٱلْقُرْءَانَ لِلذِّكْرِ..﴾(القمر: ١٧).

واتا: (سوێند بە خوا بێگومان ئێمە قورئانمان ئاسان کردووە (لِلذِّكرِ) بۆ ئامۆژگاری و پەند وەرگرتن...).

قال (القرطبي:٦٧١هـ):(أي سَهَّلناهُ لِلْحِفظِ، وَأَعَنَّا عَلَيه مَنْ أرادَ حِفْظه)[1].


واتا: ئیمامی(قورتوبی) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویێت: قورئانمان ئاسانکردووە بۆ لەبەرکردن و یارمەتی دەرین بۆ کەسێك بیەوێت لەبەری بکات).

هەروەها لەئایەتێکی تردا دەفەرموویێت: ﴿بَلْ هُوَ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٌ فِى صُدُورِ ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ﴾ (العنكبوت: ٤٩)، واتا: (بەڵکو ئەو قورئانە چەن ئایەتێکی ڕوون و ئاشکراو پارێزراوە لە سینگ و دڵی ئەوکەسانەدا زانیاریان پێدراوە لە وەرگرتنی).

بەهەمان شێوە ئەم ئایەتە پیرۆزەش بەڵگەیە لەسەر لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز و ڕێز و گەورەیی ئەو کەسانەی کە قورئان لەبەر دەکەن، بۆیە لەم ئایەتەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ئەو کەسانەی قورئان لەبەر دەکەن دەچنە ڕێزی زانایان و دەبنە کەسانێك لە هەڵگرانی زانست، کە ڕوون و

---

(١) الجامع لأحكام القرآن- لأبي عبد الله القرطبي/ ت: سالم مصطفى- (١٧-٨٧/١٨)- دار الكتب العلمية.



ئاشكرایە خوای گەورە چ ڕێزێكی بە زانایان بەخشیوە لە دونیا و دوارِۆژدا، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (فَضْلُ العَالِمِ عَلى العَابدِ كَفَضْلي عَلَى أَدْنَاكُمْ...)[1].

واتە: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: گەورەیی و پلە و پایەی زانا لەسەر كەسێ كە بەردەوام عیبادەت دەكات، وەك پلە و پایەی منە كە پێغەمبەرایەتیە بەسەر ئاسایی ترین كەستان.

بۆیە لەبەركردنی قورئانی پیرۆز ڕێگایەكی ئاسانە تاوەكو خوای گەورە پلە و پایە و پاداشتی زانایانت پێ ببەخشێ و بچیتە ڕیزی ئەوان، چونكە خوای گەورە دڵ وسینەی ئەو كەسەی قورئان لەبەر دەكات، كردۆتە پارێزەری قورئان وەك دڵ و سینەی زانایان كە قورئانیان لەبەر كردووە.

لەم دوو ئایەتەی پێشوودا ئەوەمان بۆ ڕوون بۆوە، كە لەبەركردنی قورئان یەكێكە لە كارە پیرۆزەكان و خاوەنەكەی لە دونیا و دوارۆژ دا بەرز دەكاتەوە، نەك وەك كەسانێك كە توانج و قسە لەسەر ئەوانە دەكەن، كە قورئان لەبەر دەكەن، یان هەندێ جار تەنانەت گوێمان لێ بووە، كە ئەڵێن: قورئان لەبەركردن هیچ پێویست نیە، ئینجا دەیان بیانووی بۆ دەهێننەوە، جارێ دەڵێن: كاری پێ بكە باشترە و جارێكی تر ئەڵێن: عەقیدە و بیر و باوەڕ فێر بە نەك قورئان لەبەر بكەی، كە ئەمەش فێڵی شەیتانە لەژێر ناوێكی جوان خەڵك سارد دەكەنەوە لەم كارە پیرۆزە، بەڵێ قورئان بۆ كارپێكردن هاتووە بەڵام یەكێك لە كارە سەرەكییەكان بۆ ژیان لەگەڵ قورئان و كارپێكردنی بریتیە لە لەبەركردنی، بەمەش بەردەوام دەیخوێنێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە و هەوڵی كارپێكردنی بۆ دەدات.

(١) أخرجه الترمذي - (٤١٦/٤)، أبواب العلم، باب: (ما جاء في فضل الفقه على العبادة) (٢٦٨٥).

هەروەها عەقیدە و بیروباوەڕیش بەهیچ شێوەیەك پشتگوێ ناخرێت و لەسەر موسڵمان پێویستە فێریبێت و لێی شارەزا بێت، بەڵام فێربوونی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت، کە چەند لەم زانستە بزانێت، بەڵکو سەرەتا هەندێ بابەتی سەرەکی و پێویست فێر دەبێت و ئەوەندە فێر دەبێت کە پێویستە بۆی، جیاواز لە کەسێك کە دەیەوێت لەم بابەتە پسپۆڕی وەربگرێت،بۆیە فێربوونی بیر و باوەڕی ئیسلامی یان هەر زانستێکی تر.. ڕێگر نیە لە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

دووەم: (بەڵگەی فەرموودەی پێغەمبەرمان ﷺ لەسەر لەبەرکردنی قورئان):

دوای هێنانی بەڵگە قورئانییەکان لێرە دا ئاماژە بەهەندێ لەم فەرموودانە دەکەین، کە بەڵگەن لەسەر لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

لەسەرەتادا پێش ئەوەی باسی فەرموودەکان بکەین پێویستە ئەوە بزانین، کە یەکەم لەبەرکاری قورئانی پیرۆز پێغەمبەر ﷺ خۆی بووە، واتا: خۆی جێبەجێی کردووە و ساڵانە لەگەڵ جیبریل (علیه السلام) دەوری کردۆتەوە، کە ئەمەش بەڵگەیەکی کردارییە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر ﷺ، واتا: دەبێت ئەوە بزانین کە یەکێك لە دابەشبوونەکانی فەرموودە بریتیە لە فەرموودەی زارەکی (قەولي)، دووەمیان: فەرموودەی کرداری (فعلي)، سێیەم: فەرموودەی بێدەنگبوون لەسەر کردارەکە کە پێی دەوترێت: (تقریري).

بۆیە لەسەرەتا دا پێغەمبەر ﷺ خۆی یەکەم لەبەرکاری قورئان بووە، کە ئەمە پێی دەڵێن: سونەی کرداری (فعلي)، واتا: خۆی ئەنجامی داوە، وە هەروەها چەندین فەرموودەی زارەکی (قولي)ش بە ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ هاتووە لەسەر لەبەرکردنی قورئان، لەوانە:

١- عَن عُقبَةَ بن عَامر (رضي الله عنه) قالَ: قال رسول الله ﷺ: ((لَوْ أَنَّ القُرآنَ جُعِلَ فِي إِهَابٍ ثمَّ أُلْقِيَ في النَّارِ مَا احْتَرَقَ))[١].

واتـــا: (عوقبەی کوڕی عامر - ٥٨هـ) دەفــەرموویێت: پێغـــەمبەرﷺ فەرموویەتی: ئەگەر قورئان بخرێتە نێو پێستێك و دواتر بخرێتە نێو ئاگر، ئەوا ئاگر نایسووتێنێت. (واتە: دڵ و سینگێك قورئانی تێدا بێت، هەرگیز بەئاگر ناسووتێت).

٢- عن أبي موسى الأشعري (رضي الله عنه) قالَ: قال رسول الله ﷺ:((إنَّ من إجْلال اللَّهِ إِكرامَ ذي الشَّيبةِ المُسلِمِ، وَحَامِلِ القُرآنِ غَيرِ الغَالي فِيهِ وَالجَافي عَنْهُ))[٢].

واتا: (ئەبو موسای ئەشعەری - ٦٣هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: بەڕاستی لە بەگەورە دانانی خوای گەورەیە، ڕێزگرتن لە بەساڵاچوویەکی ڕیش سپی، هەروەها ڕێزگرتن لە لەبەرکارێکی قورئان کە زیادەڕەوی نەکات وەك (بەدوای متشابهات بکەوێت) وە هەروەها کورت ڕەوی و کەمتەرخەمیشی تیادا نەکات، (وەك وازهێنان لێی).

٣- عن عبد الله بن عمرو (رضي الله عنه) قالَ: قال رسول الله ﷺ: ((يُقَالُ لِصَاحِبِ القُرْآنِ: اقْرَأْ وَارْتَقِ، وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا؛ فَإِنَّ مَنْزِلَكَ عِنْدَ آخِرِ آيَةٍ تَقْرَؤُهَا))[٣].

(١) رواه أحمد، (١٧٣٦٥)والدارمي- (٣٣٥٣)و له شواهد يتقوى به عند الطبراني من حديث(عقبة بن مالك).

(٢) رواه أبو داود- (٥/ ١١٢) ، أول كتاب الأدب- باب: في تنزيل الناس منازلهم ، (٤٨٤٣).

(٣) رواه أبو داود ، (٢/ ١٠٣) ، كتاب الصلاة- باب: استحباب الترتيل في القراءة ، (١٤٦٤.

واتا: (عبداللەی کوڕی عەمرِ- ٦٥هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: لەڕۆژی دواییدا بە هەڵگران و هاوڕێیانی قورئان دەوترێت: بخوێنە و بەرز بەوە،هەروەك چۆن لە دونیا قورئانت دەخوێند، چونكە بەڕاستی دیاریكردنی شوێنەكەت لە بەهەشت بەپێی كۆتا ئایەتە، لە قورئان كە دەی خوێنی.

(قال الإمام الألباني -رَحِمَهُ الله-: المُراد بِقَوله (صاحب القرآن) حافظه عن ظهر قلب، فالتفاضل في درجات الجنّة إنما هو على حسب الحفظ في الدنيا، و ليس على حَسْب قراءَته يومَئذٍ واستِكْثارِه منها كما توهَّم بعضُهم، ففيه فضيلة ظاهِرة لحافظ القُرآن)[١].

(شێخ ئەلبانی: ١٩٩٩هـ) (ڕەحمەتی خوای لێ بێت)دەفەرمووێت:بزانە مەبەست لە(صاحب القرآن) واتا: ئەوەیە كە بەلەبەر دەیخوێنێت، هەروەها پلەكانی بەهەشت و بەرزبوونەوەی لە بەهەشت بەپێی زۆری لەبەركردنە لە دونیا،نەك بەپێی زۆرخوێندنەوەی بێت كە هەندێك وا گومان دەبەن، هەروەك لەم فەرموودەیە باسمان كرد.

٤- عن عائشة (رضي الله عنها) قالَتْ: قالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((الْمَاهِرُ بِالْقُرْآنِ مَعَ السَّفَرَةِ الكِرَامِ البَرَرَةِ))[٢].

واتا:ئەو قورئان خوێنەی بەڕەوانی و بێ هەڵە قورئانی لەبەرە و دەیخوێنێت، ئەوە لە پلەی فریشتە بەڕێز و چاكەكارەكان دایە لە جیهانی باڵا دا.

ئیمامی (نەوەوی) (خوا لێی ڕازی بێت) دەربارەی ئەم فەرموودەیە، دەفەرمووێت: (الماهر) واتا: ئەوەی كە لەبەركردنێكی زۆر تیژ و باشی

(١) السلسلة الصحيحة للألباني (٥ / ٦٨٤).

(٢) رواه مسلم،(٢ / ١٩٥)،كتاب: المساجد ومواضع الصلاة- باب:الماهر بالقرآن والذي يتتعتع فيه، (٧٩٨).

کردووە و ناوەستێ لە خوێندنەوەی قورئان و خوێندنەوەی ماندووی ناکات؛ لەکاتی وتنەوەی؛لەبەرئەوەی قورئانی زۆر بەجوانی لەبەرکردووە[١].

٥- (عن ابن عباس: ٦٨هـ) (رَضِيَ اللهُ عَنْهُما) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ ﷺ: ((إِنَّ الَّذِي لَيْسَ فِي جَوْفِهِ شَيْءٌ مِنَ الْقُرْآنِ كَالْبَيْتِ الخَرِبِ))[٢].

واتا: (عبداللەی کوڕی عەبباس) (خوا لێییان ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ئەو کەسەی کە بەشێك لە قورئانی پیرۆزی لە دڵ و سینەدا نەبێت وەك ماڵێکی کاول بوو وایە.

ئەمانەی کە باسمان کرد، چەند بەڵگەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆن، لە فەرموودەکانی پێغەمبەرمان ﷺ لەسەر گەورەیی و فەزڵی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، تەنانەت هەندێکیان فەرمانمان پێ دەکەن، کە پێویستە هەموو موسڵمانێك بەپێی پێویست بەشێك لە قورئانی پیرۆزی لەبەر بێت، وەك فەرموودەی کۆتایی کە باسمان کرد و چەندین فەرموودەی (صەحیح) ی تر لەم بارەوە هاتوون، لەسەر گەورەیی لەبەرکردنی قورئان بەڵام لەبەر درێژنەبوونەوەی باباتەکە لێرە پێویست بە باسکردنیان ناکات.

(١) شرح النووي على مسلم، (٨٤/٦).

(٢) رواه الترمذي، (٣٥/٥)، باب: فضائل القرآن عن رسول الله ﷺ، (٢٩١٣). (حسن صحيح).

باسی چوارەم: (گرنگیدانی هـاوەڵان و پێشـینە چـاکەکان بە لەبەرکردنی قورئان)

هاوەڵان و دوای ئەوانیش لە پێشینە چاکەکان زۆر گرنگیان بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز داوە کە هەر لەسەردەمی پێغەمبەرەوە ﷺ بە سەدان هاوەڵ هەبوون کە هەموو قورئانیان لەبەر کردبوو، بۆ نموونە: تەنها لە جەنگی (ئوحد) چەندین هاوەڵی لەبەرکاری قورئان شەهید بوون، چونکە هەر لە سەرەتاوە و لەکاتی دابەزینی وەحی هاوەڵان سوور بوون لەسەر لەبەرکردنی ئەو ئایەتانەی کە دادەبەزین، بۆیە یەکسەر لەبەریان دەکرد، وە دواتر دوای هاوەڵانیش لە زانایانی پێشین زۆر گرنگیان بە قورئان دەدا تەنانەت هەندێ جار ڕێگایان بە قوتابی نەدەدا کە لە مەجلیسیان دابنیشن بۆ فێربوونی زانست و فەرموودە مەگەر بەشێك لە قورئانی بزانیبا و لەبەری با، هەروەك (وەلیدی کوڕی موسلیم) دەفەرمووێت: (كُنَّا إِذَا جَالَسْنَا الأَوْزَاعِيَّ فَرَأَى فِينَا حَدَثًا قَالَ: يَا غُلَامُ، قَرَأْتَ الْقُرْآنَ؟ فَإِنْ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: اقْرَأْ ﴿يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلَادِكُمْ﴾ (النِّسَاء: ١١)، وَإِنْ قَالَ: لَا، قَالَ: اذْهَبْ تَعَلَّمِ الْقُرْآنَ قَبْلَ أَنْ تَطْلُبَ الْعِلْمَ)[١].

واتا:(وەلیدی کوڕی موسلیم:١٩٥هـ) دەفەرمووێت: کاتێ لای ئیمامی ئەوزاعی دادەنیشتین بۆفێربوونی زانست، ئەگەر کەسێکی مێر منداڵی بینیبا لەناومان دانیشتووە بۆ فێربوون، پێی دەفەرموو: ئەی منداڵ ئایا قورئانت خوێندووە؟ ئەگەر بیوتبا بەڵێ، دەی فەرموو: ئەم ئایەتە بخوێنە:﴿يُوصِيكُمُ اللهُ فِي أَوْلَادِكُمْ﴾(النِّسَاء: ١١)،مەبەستی بە لەبەر بخوێنە و فەرمانی پێ دەکرد ئایەتی میرات بە لەبەر بخوێنێت، لەبەرئەوەی ئایەتەکانی میرات زۆر لێك چوون و پێویستی بە لەبەرکردنێکی باشە تالێت تێك نەچێت.

(١) الجامع لأخلاق الراوي وآدب السامع- الخطيب البغدادي، (٧١٠٨).

وە ئەگەریش بیوتبا قورئانم نەخوێندووە، پێی دەفەرموو: برۆ قورئان بخوێنە پێش ئەوەی فێری زانست ببیت.

بۆیە ئیمامی(بوخاری:٢٥٦هـ) کاتێ قورئانی لەبەرکرد تەمەنی(١٠) ساڵ بوو[١] ، (ئیبنو حەجەر) یش لە تەمەنی (٩)ساڵی قورئانی لەبەر کرد[٢]، وە زۆر لە زانایانی تریش لەم تەمەنانەدا قورئانیان لەبەرکردووە، بۆیە زانایانی پێشین زۆر گرنگیان بە لەبەرکردنی قورئان داوە.

(قسـه و گرنگیدانی پێشـینە چـاكەكان بە لەبەركردن و گەورەیی لەبەركارانی قورئانی پیرۆز).


١- ئیمامی (شافیعی:٢٠٤هـ) دەفەرمووێت: (مَنْ حَفِظَ الْقُرْآنَ عَظُمَتْ حُرْمَتُهُ)[٣].

واتا: هەرکەسێك قورئان لەبەر بکات ڕێز و حورمەتی زیاتر دەبێت و بەقەدر دەبێ.

٢- (ئەبوبکری صدیق) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ فَرَأَى أَنَّ أَحَدًا أُعْطِيَ أَفْضَلَ مِمَّا أُعْطِيَ، فَقَدْ عَظَّمَ صَغِيرًا، وَصَغَّرَ عَظِيمًا)[٤].

واتا: هەر کەسێك قورئان بخوێنێت و لەبەری بکات وابزانێ کەسێ شتێکی باشتری لەو پێدراوە، ئەوە بەڕاستی شتێکی بچووکی بە گەورە داناوە و شتێکی گەورەشی بە بچووك داناوە.

(١) سير أعلام النبلاء،(١٢/ ٣٩١) ، (ترجمة الإمام البخاري)
(٢) إنباء الغمر بأبناء العمر، لابن حجر العسقلاني، (١/ ٧).
(٣) شرح الشاطبية- لملا علي القارئ- (٨).
(٤) شعب الإيمان، للبيهقي،(٤٤٤/٢)، تحقيق: عبدالعلي عبدالحميد حامد، مكتبة الرشد، (٢٠٤٣).



باسی پێنجەم: (بۆچی قورئانی پیرۆز لەبەر دەکەین؟)

بۆچی قورئانی پیرۆز لەبەر دەکەین؟ پرسیارێکە موسڵمان نایکات، تەنها ئەوانە نەبن، کە هیوا و ئاوات و ئارەزوویەکی زۆریان بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز هەیە و ئارەزوویانە کە لە ئەهل و نزیکانی خوای گەورە حیساب بکرێن.


بۆیە لێرەدا بە پشت بەستن بە چەند ئایەت و فەرموودەیەك باسی چەند هۆکارێك دەکەین، هانمان دەدەن کە قورئان لەبەر بکەین، جا ئەم ئایەت و فەرموودانە چ بەڕاستەوخۆ بەڵگە بن لەسەر ئەم هۆکارانە یان بەناڕاستەوخۆ لە تێگەیشتن لە دەق و بنچینە گشتییەکان بێت.

(ئەمانە هەندێکن لەو هۆکارانەی کە هاندەرن بۆ لەبەرکردنی قورئان):

١- (لەبەرکردنی قورئان بنچینەیە لە وەرگرتنی زانستدا):

واتا: قورئان پارێزراو دەبێت لە سینگی لەبەرکاران و وەرگرانی زانست (طالب العلم)،پێویستە لەسەر قوتابی (طالب العلم) کە قورئان لەبەر بکات،بەڵکو لەبەرکردنی قورئان دەبێت لەکاری سەرەکی بێت، لەکاتی فێربوونی زانستی شەرعی و تەنانەت لەپێش زانستەکانی ترەوەیە بۆ قوتابی (طالب العلم)، هەروەك چۆن (پێشینە)کانمان سەلەف لەسەر ئەوە پێداگر بوون و یەکەم کاریان بووە دوای فێربوونی هەندێ بابەتی سەرەکی لە بیروباوەڕ.

بەڵکو خوای گەورە ئەو کەسانەی تایبەتمەند کردووە بە ئەهلی علم و زانست کە قورئانی پیرۆزیان لەبەر کردووە، وەك دەفەرموویت:﴿بَلۡ هُوَ ءَايَٰتُۢ بَيِّنَٰتٞ...﴾ (العنكبوت: ٤٩)،واتا: (بەڵکو ئەو قورئانە چەند ئایەتێکی



ڕوون و ئاشکراو پارێزراوە لە سینگ و دڵی ئەوکەسانەدا زانیاریان پێدراوە لە وەرگرتنی).

بۆیە (پێشەوا نەوەوی: ٦٧٦هـ) (خوا لێی رازی بێت)دەفەرموویت: (وَالْمُطَالَعَةُ بالأَهَمِّ فَالْأَهَمِّ، وَأَوَّلُ مَا يُبْدَأُ به حفْظُ القُرْآن العَزِيز، فَهُوَ أَهَمُّ العُلُومِ، وَكَانَ السَّلَفُ لَا يُعَلِّمُونَ الحَدِيثَ وَالفِقْهَ إِلَّا لِمَنْ حَفِظَ القُرْآنَ)[١].

واتا: فێربوونی زانستەکانی شەریعەت بەگرنگترین و پاشان گرنگتر دەست پێ دەکرێت، یەکەم کاریش کە قوتابی دەستی پێ بکات بریتیە: لە لەبەرکردنی قورئان، کە گرنگترینی هەموو زانستەکانە، تەنانەت پێشینان (السَّلَف) فەرموودە و فیقهیان فێری کەس نەدەکرد تەنها مەگەر قورئانی لەبەر بووایە.

٢- (قورئانی پیرۆز سەرچاوەی گشت بڕیار و حوکمێکە)

قورئانی پیرۆز سەرچاوەی گشت یاسا و بڕیارێکە بۆ موسڵمانان، وە سەرچاوەی شەریعەتە، هەروەها هەرچی بیروباوەڕ (عەقیدە) و شەریعەت و یاسایە سەرچاوەکەی لە قورئان دایە، بۆیە هیچ شتێکی گەورە و بچووك نیە، مەگەر سەرچاوە و ئەسڵەکەی لە قورئان دایە، هەر بۆ ئەوە هەموو بڕیارێك، وە ئەم قورئانە نورو ڕوناکییە و ڕێگا نیشاندەری ئەم ئوممەتەیە و پێویستە کاری پێ بکرێت و بکرێتە حەکەم بۆ یەکلاکردنەوەی هەموو کێشەکان.

بۆیە خوای گەورە بەهۆی ئەم قورئانەوە پلە و پایەی ئەم ئوممەتەی بەرز کردۆتەوە و کردوویەتی بە باشترینی هەموو ئوممەتانی پێشووتر، هەروەك

(١) المجموع للنووي- (٣٨/١).

دەفەرموویێت: ﴿كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ﴾ (آل عمران:١١٠)، واتا: ئێوە چاکترین ئوممەت و کۆمەڵن، هێنراونەتە ئەم سەر زەوییە بۆ کەڵك گەیاندن بەمەردم و ڕێنمایی کردنیان.

وە بەڕاستی حاڵی کەسێك لەوە کەمتر نابێت، کاتێك قورئان لەبەر دەکات و کاری پێ دەکات، ببێتە باشترین کەس لەم ئومەتە، چونکە سەرچاوەی گشتی یاسا و ڕێساکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان لە دڵ و سینەیاندا هەڵگرتووە، چونکە هەر کەسێك لەگەڵ قورئاندا ژیابێت، خوای گەورە بەرزی کردۆتەوە و گەورەی کردووە، بۆ نموونە: (جبریل) کاتێ قورئانی بۆ پێغەمبەر ﷺ هێنا بووە باشترینی مەلائیکەتەکان، بەهۆی ئەم قورئانەوە وە لە مانگی ڕەمەزان قورئان دابەزی، بۆیە ئەم مانگە بووە باشترینی مانگەکان، وە بۆ سەر دڵی پێغەمبەرﷺدابەزی، بۆیە پێغەمبەری خواش بووە سەرداریپێغەمبەران، ئومەتەکەشی بەهۆی ئەم قورئانەوە بوونە گەورە و پێشەنگی ئومەتەکان.


٣- (لەبەرکردنی قورئان واجبە (فرض کفایة) یە لەسەر موسڵمانان)

لەبەرکردنی قورئان لەسەر بەشێك لە موسڵمانان پێویست و واجبە، واتا: ئەگەر لەناو موسڵمانان هەندێك بەم کارە هەڵسان، ئەوا تاوان لەسەر ئەوانی تر لادەچێت، بەڵام ئەگەر کەس هەڵنەستا بە ئەنجامدانی ئەوا هەموو موسڵمانان تاوانبار دەبن، ئەمەش پێی ئەڵێن: (فرض کفایة، کە ڕای تەواوی زانایانی لەسەرە)[1]، لەوانە (ئیمامی سیوطی:٩١١هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویێت: (اعْلَمْ أَنَّ حِفْظَ الْقُرْآنِ فَرْضُ كِفَايَةٍ عَلَى الأُمَّةِ)[2].

---

(١) الدرر المختار:محمد بن علي بن محمد بن علي بن عبدالرحمن الحصكفي (٥٣٨/١).

(٢) الاتقان في علوم القرآن- للسيوطي (٢١١)-ت/شعيب الأرناؤوط-مؤسسة الرسالة الناشرون.



(وَصَرَّحَ بِهِ الجُرجَانِي فِي الشَّافِي وَالعَبادِي وَغَيرهُمَا).

واتا: ئیمامی (سیوتی) دەفەرموویێت: (بزانە كە لەبەركردنی قورئان واجبی (كفایە) یە لەسەر موسڵمانان)وە ئیمامی(جرجاني: ٤٨٢هـ) لە (الشافي في فروع الشافعية) و (أبو بكر محمد بن أحمد العبادي النيسابوري: ٣٨٠هـ) و جگە لەوانیش بە ڕاشكاوانە ئەمەیان وتووە.

(جوەینی:٤٧٨هـ) دەفەرموویێت: (وَالْمَعْنَى فيه أَلَّا يَنْقَطِعَ عَدَدُ التَّوَاتُر[1]فيه ، فَلَا يَتَطَرَّقُ إِلَيْه التَّبْدِيلُ وَالتَّحْرِيفُ فَإِنْ قَامَ بِذَلِكَ قَوْمٌ يَبْلُغُونَ هَذَا الْعَدَدَ سَقَطَ عَنِ الْبَاقِينَ وَإِلَّا أَثِمَ الْكُلُّ)[2].

واتا: پێشەوا (جوەینی)ش دەفەرموویێت: ئەوە مانای ئەوەیە،كە(تواتر) گواستنەوەی بەم ژمارە زۆرە نەپچڕێت و بەردەوام بێت تیایدا، وە توشی گۆڕان و جێگۆڕكێ نەبێت،ئەگەر كۆمەڵێك هەڵسان بەم كارە، واتا قورئانیان لەبەركرد بەم ژمارەی كە باس كرا ئەوا تاوان لەسەر ئەوانی تر لادەچێت، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر كەس هەڵنەستا بەم كارە واتا: لەبەركردنی قورئان ئەوا هەموویان تاوانبار دەبن، بۆیە پێویستە لەهەموو شوێن و وڵاتێك خەڵكانێك هەبن، كە قورئان لەبەر بكەن و دەستی پێوە بگرن.

(١) (التواتر): واتا: كۆمەڵێك لە خەڵكی ڕاستگۆ هەڵدەستن بە گێڕانەوەی بابەتێك بۆ كۆمەڵێك خەڵكی تری ڕاستگۆ بەشێوەیەك كە ئەستەم بێت هەموویان لەسەر درۆ كۆدەنگ بن .

(٢) الشافي في الفقه- الجرجاني- مخطوط (٢ / ٢٨١)- البرهان في علوم القرآن- للزركشي- (٢/ ٨٨).

٤- (لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز شوێنکەوتنی پێغەمبەرە ﷺ)


خوای گەورە پێغەمبەری ﷺ گێڕاوە بە پێشەنگ و سەرمەشق بۆ ئەم ئومەتە، هەروەك دەفەرموویێت: ﴿لَّقَدۡ كَانَ لَكُمۡ فِي رَسُولِ ٱللَّهِ أُسۡوَةٌ حَسَنَةٌ﴾ (الأحزاب: ٢١)، واتا: بەڕاستی پەیامبەری خوا چاکترین نمونەی ڕێك و پێکی و سەرمەشقە بۆتان.

بۆیە یەکێك لە پەرستشەکان بریتیە: لە گـــەڕان و بەدواداچـــوون و شارەزابوونی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ و جێبەجێکردن و شوێنکەوتنیانە.

یەکێك لە شوێنکەوتنەکانی پێغەمبەرمان ﷺ بریتیە:لە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز،چونکە پێغەمبەرمان ﷺ وەك پێشەوایەك یەکەم لەبەرکاری قورئان بووە، هەروەك لەپێشووتر باسمان کرد، کە مامۆستاکەی (جبريل) (عليه السلام) پێی لەبەر کرد، هەروەك لەم ئایەتە دەردەکەوێت، کاتێ جبريل هاتە لای پێغەمبەر ﷺ و قورئانی بۆ دەخوێندەوە، خوای گەورە پێی دەفەرموو: ﴿لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ ١٦ إِنَّ عَلَيۡنَا جَمۡعَهُۥ وَقُرۡءَانَهُۥ ١٧﴾ (القيامة: ١٦-١٧)، واتا: زمانت بە قورئان خوێندن مەجوڵێنە،واتا: پەلە مەکە بۆ لەبەرکردنی، چونکە بەڕاستی کۆکردنەوە و لەبەرکردن و ئیسپاتی خوێندنەوەی لەسەر زمانت لەسەر ئێمەیە.

بۆیە ئیمامی (بوخاری و مسلم) و جگە لەوانیش دەفەرموون: پێغەمبەر ﷺ زۆر بەهەوڵ بووە و سووریش بووە بۆ وەرگرتنی قورئان لەدەمی جبريلەوە، بۆیە پەلەی بۆ وەرگرتنی دەکرد، پێش ئەوەی جبريل لە خوێندنەوە تەواو بێت، تا خوای گەورە ئەم ئایەتەی پێ فەرموو.

بۆیە لەسەر ئێمەش پێویستە کە چاو لە پێغەمبەر ﷺ بکەین و هەڵسین بە ئەنجامدانی ئەو کار و پڕۆژە پیرۆزە، کە لەبەرکردنی قورئانە.



(ئەبو فەزڵی ڕازی:٤٥٤هـ) بەهەمان شێوە تەئکید لەسەر ئەو مانایە دەکاتەوە و دەفەرموویت: (فَمنْهَا: مَا لَزِمَ الأُمَّةُ منَ الاقْتدَاء برَسُول الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) في جَليِّ أَمْر الشَّرْع وَخَفيِّه، قَوْلاً وَفعْلاً، عَلَى الوُجُوب أَو النَّدْب إلَى أَنْ يَقُومَ دَليلٌ عَلى أَنَّهُ كَانَ (عَلَيْه السَّلاَمُ) مَخْصُوصًا به منْ قَوْله أَوْ فعْله، فَلَمَّا وَجدْنَا أَنَّ النَّبيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ) كَانَ حَافظًا بجَميع مَا نَزلَ عَلَيْه منَ القُرْآن، وَمَأْمُورًا بقرَاءَته، حَتَّى أَنَّهُ (عَلَيْه السَّلاَمُ) منْ شدَّة تَمَسُّكه بحفْظه كَانَ يُعْرضُهُ عَلَى جبْريلَ (عَلَيْه السَّلاَمُ) في كُلِّ سَنَة مَرَّةً وَاحدَةً، وَفي السَّنَة الَّتي قُبضَ فيهَا عَرَضَهُ (عَلَيْهمَا السَّلاَمُ) مَرَّتَيْن، وَكَانَ يُعْرضُ عَلَى أَصْحَابه وَيُعْرضُونَ عَلَيْه، وَيُعَجِّلُ به ليَسْتَكْثرَ منْهُ، لئَلاَّ يَنْسَى وَلحرْصه عَلَيْه، فَنُهيَ عَنْهُ بقَوْله تَعَالَى:﴿وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥ﴾ (طه: ١١٤)، وَبقَوْله عَزَّ وَجَلَّ:﴿لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ..﴾ (القيامة: ١٦ + ١٧)، وَأَمنَ ممَّا كَانَ يَصُدُّهُ عَنْ ذَلكَ، وَهُوَ خَشْيَةُ النِّسْيَان وَالتَّفَلُّت منْهُ، بقَوْله تَعَالَى: ﴿سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ﴾ (الأعلى: ٦)، عَلمْنَا أَنَّ الأُمَّةَ لَزمَهَا حفْظُهُ مَعَ الإمْكَان)[١].

واتا: (ئەبو فەزڵی ڕازی:٤٥٤هـ) دەفەرموویت:پێویستە لەسەر ئومەتی پێغەمبەر ﷺ کە شوێن پێغەمبەر ﷺ بکەون لەبابەتی دیارو وە شاراوە و نادیارەکانی شەریعەت لە کردار و وتە، ئینجا واجب بێت یان سوننەت، پێویستە جێبەجێ بکرێن، مەگەر بەڵگەیەکی تایبەت هەبێت کە ئەم کارە یان گوفتارە تایبەت بکات بە پێغەمبەر ﷺ، هەروەها بۆمان ڕوونبۆتەوە و دەرکەوتووە، پێغەمبەر ﷺ هەموو ئەم قورئانەی کە بۆی دابەزیوە لەبەری کرد و فەرمانی پێ کرا بە خوێندنەوەی، تا ئەوەی ئەوەندە پێداگر بوو لەسەر لەبەرکردن و لەبیرنەچوونەوەی هەموو ساڵی جارێك لای جبریل دەور و پێدا

---

(١) فضائل القرآن لأبي الفضل الرازي (٤٥- ٤٦).

چوونەوەی دەکردوە، بەڵام ئەو ساڵەی کە وەفاتی تیادا کرد، دووجار دەوری کردەوە بۆ جبریل، دواتریش بۆ هاوەڵانیشی دەخوێندەوە و هاوەڵانیش لەبەریان دەکرد و بۆیان دەخوێندەوە،وە پێغەمبەر ﷺ پەلەی دەکردو زیاتری دەخوێندەوە و لەبەری دەکرد، تا لەبیری نەچێتەوە، بۆیە خوای گەورە نەهی لێ کرد لەسەر پێداگری بۆ لەبەرکردنی بەم ئایەتە:﴿وَلَا تَعۡجَلۡ بِٱلۡقُرۡءَانِ مِن قَبۡلِ أَن يُقۡضَىٰٓ إِلَيۡكَ وَحۡيُهُۥۖ﴾(طه:١١٤)،واتا: تۆش لەخوێندنەوەی قورئاندا ئەی محەممەد -صلی الله علیه وسلم- پێش ئەوەی بەتەواوی وەحی و سروش بکرێتە لات پەلەو تاڵوکەت نەبێ، هەروەها پێی فەرموو:﴿ لَا تُحَرِّكۡ بِهِۦ لِسَانَكَ لِتَعۡجَلَ بِهِۦٓ...﴾(القیامة: ١٦-١٧) واتا: زمانت بە قورئان خوێندن مەجووڵێنە، واتە: پەلە مەکە بۆ لەبەرکردنی(١٧) بەڕاستی کۆکردنەوەو لەبەر کردنی و ئیسپاتی خوێندنەوەی لەسەر زمانت لەسەر ئێمەیە، بۆیە خوای گەورە دڵنیایی دا بە پێغەمبەر ﷺ: کە ئێمە قورئانت پێ لەبەر دەکەین و وە بیرت ناچێت، بە ئایەتی:﴿سَنُقۡرِئُكَ فَلَا تَنسَىٰٓ﴾(الأعلى: ٦)واتا:ئەی موحەممەد -ﷺ- دڵنیابە ئێمە قورئانت لە ڕێی جبریلەوە پێدەخوێنین، جا تۆش پەلە مەکە بۆ لەبەرکردنی چونکە هەرگیز لەبیرت ناچێتەوە،بۆیە لە پێداگریی پێغەمبەر ﷺ و هاوەڵانیش لەسەر لەبەرکردنی قورئان بۆمان دەرکەوت، کە پێویستە لەسەر ئومەت کە قورئان لەبەر بکەن، ئەگەر توانای هەبوو، واتا: هیچ هۆکار و ڕێگرییەکی شەرعی نەبێت، کە ڕێگری بکات لە لەبەرکردن.

٥- (لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە تایبەت مەندیی ئەم ئومەتەیە):

بەڵێ، لەبەرکردنی قورئان یەکێکە لە تایبەت مەندییەکانی ئومەتی ئیسلام و ئەم ئومەتەی پێ دەناسرێتەوە، بۆیە (ئیبن جەزەری:٨٣٣هـ) دەفەرموێت: (ثُمَّ إِنَّ الاعْتِمَادَ فِي نَقْلِ القُرْآنِ عَلَى حِفْظِ القُلُوبِ وَالصُّدُورِ، لَا عَلَى

خَطِّ المَصَاحِفِ وَالكُتُبِ، وَهَذِه أَشْرَفُ خِصِيصَةٍ مِنَ اللهِ تَعَالَى لِهذِهِ الأُمَّة)[1]. واتا: بەڕاستی پشت بەستن بۆ گواستنەوەو دەستاوەدەستکردنی قورئان لە دڵ و سینەکانە، نەوەك پشت بەستن لەسەر نووسینی قورئان و کتێب (لەسەر مصحف) ، کە ئەمەش ڕێزدارترین تایبەتمەندیە، کە خوای گەورە داویەتی بەم ئومەتە.

وە هەروەها دەیفەرموو: (بَلْ يَقْرَأه بِكُلِّ حَالٍ كَما جَاءَ فِي صِفَةِ أُمَّتِه: (أَنَاجِيلُهُمْ فِي صُدُورِهِمْ، وَذَلِكَ بِخِلافِ أَهْلِ الكِتَابِ الذِينَ لَا يَحْفَظُوْنَهُ إِلَّا فِي الكُتُبِ، لا عَنْ ظَهْرِ قَلْبٍ، وَلا يَقْرَؤُونَهُ كُلَّهُ إِلَّا نَظَرا)[2].

واتا: بەڵکو لەهەموو حاڵەتێکیان قورئان دەخوێنن بە لەبەر، هەروەکو هاتووە کە لە تایبەت مەندی ئەم ئومەتە ئەوەیە: (أناجيلهم في صدورهم)، بە پێچەوانەی (ئەهلی کیتاب) کە لەبەر ناکەن، بەڵکو تەنها لەسەر کتابەکەیان دەی خوێننەوە نەك بەلەبەر، هەمووشی ناخوێننەوە، مەگەر تەنها بە سەیرکردن نەبێت.

بۆیە ئەوانەی قورئان لەبەر دەکەن بەردەوامی بەم ڕێگایە دەدەن، کە خوای گەورە بەم تایبەت مەندیە ڕێزی لەم ئومەتە گرتووە و شەرەفمەندی کردوون و لە ئومەتانی پێشووتر جیای کردوونەتەوە بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

---

(١) النشر في القراءات العشر- الحافظ أبي الخير محمد بن محمد الدمشقي الشهير (بابن الجزري)- الأِشراف- علي محمد الضباع، (١/ ٦).

(٢) النشر في القراءات العشر (١/ ٦).


باسی شەشەم : (پلە و پایە و سوودی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز)

پلە و پایە و سوودەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز زۆر لەوە زیاترن کە بتوانین بیانژمێرین، کە لە چەندین ئایەت و فەرمووده باس لە پلە و پایە و گەورەیی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆزمان بۆ دەکەن، بۆیە ئەگەر خوێندنەوەی یەك پیت بە (١٠) چاکەو هەر چاکەیەکیش بە دە بەرامبەر بۆی بنووسرێ، ئەوا دەبێت چ پاداشتێکی دەست بکەوێت بەهۆی لەبەرکردنی تەواوی قورئانی پیرۆزو دەورکردنەوەی بەبەردەوامی،هەروەك (عبدالله کوری مەسعود) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە (صَلَی الله علیه وسلم) دەفەرموویت: ((مَنْ قَرَأَ حَرْفًا مِنْ كِتَابِ اللهِ فَلَهُ بِهِ حَسَنَةٌ، وَالحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا، لا أَقُولُ (الـم) حَرْفٌ، وَلَكِنْ (أَلِفٌ) حَرْفٌ وَ(لَامٌ) حَرْفٌ وَ(مِيْمٌ) حَرْفٌ))[١].

واتە:هەرکەسێك پیتێك لە کتێبەکەی خوا بخوێنێتەوە، ئەوا بەهۆیەوە دە چاکەی دەست دەکەوێت، چاکەیش بە دە ئەوەندەی خۆی تۆمار دەکرێت،من ناڵێم (الم) پیتێکە،بەڵکو (ألف)پیتێکەو، (لام)پیتێکەو، (میم) پیتێکە.

هەروەها ئەگەر بە لەبەرکردنی قورئان، تەنانەت تاجی ڕێز و شکۆ بخرێتە سەر دایك و باوکی، دەبێت چ ڕێزێك و چ پلەیەك چاوەڕێی لەبەرکاری قورئان بکات،لە قیامەت بە بەرزکردنەوەی و لێخۆشبوونی و خستنە سەری تاجی شکۆ و کەڕامەت، دەبێت چ پلە و ڕێزێك لەوانە گەورتر بێت گومانیش لەوە دا نیە کە هەموو موسڵمانێك خۆزگە بەو ڕێز و شکۆیانە دەخوازێت، کە لەدونیا و قیامەت خەڵات دەکرێن بە هەڵگرانی قورئان، بۆیە لێرەدا چەند

(١) رواه الترمذي ،(٢٩/٢١٣٧) ،وقال الترمذي هذا حديث حسن صحيح غريب،وصححه الألباني في المشكاة برقم (٢٩١٠).



ڕێز و سوود و پلەیەك باس دەكەین بۆ هەڵگرانی قورئان، تا ببێتە هاندەرێك بۆ ئەوەی زیاتر هۆگری لەبەركردنی قورئان ببن، لەوانەش:

(١) (لەبەركاران و هەڵگرانی قورئانی پیرۆز لە نزیكانی خوای گەورەن)

بەڕاستی لەبەركاران و هەڵگرانی قورئان لە نزیكان و خۆشەویستانی خوای گەورەن، هەروەك لەم فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: (عَنْ أَنَس بْن مَالك:٩٣هـ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ):((إِنَّ للَّه أَهْلينَ منَ النَّاس)) ،قال: قيلَ مَنْ هُمْ يَا رَسُولَ الله (صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمَ)؟ قَالَ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ((أَهْلُ القُرْآنِ: هُمْ أَهْلُ اللهِ وَخَاصَّتُهُ))[١].


واتا: لە ئەنەسەوە فەرمووی: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە كەسانێكی لە خەڵكی كردۆتە نزیكانی خۆی (أهل)[٢]، وترا ئەوانە كێن ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟ فەرمووی: ((ئەهلی قورئانن، كە لە نزیكان و تایبەتمەندان وخۆشەویستانی خوای گەورەن)).

لە حاشیەی(سەندی) لە شەرحی(ئیبن ماجە)دا هاتووە دەربارەی (هم أهل القرآن) دەفەرمووێت: واتا: لەبەركارانی قورئان كە شەو و ڕۆژ قورئان دەخوێنن و كاری پێ دەكەن[٣].

(١) أخرجه أحمد (١٩/ ٣٠٥) - مسند أنس بن مالك (١٢٢٩٢) إسناده حسن، وابن ماجه (٢١٥).

(٢) واتە: كەسانێكی نزیك لەخوا كە زۆر تایبەتن لە لایەن پەروەردگارەوە.

(٣) حاشية السندي على سنن ابن ماجة،(٧٨/١) ، ط: دار الكتب العلمية- بيروت.



(٢) (لەبەرکردنی سورەتی (الكهف) دەبێتە پارێزەر لە دەجال)

لە (ئەبو دەرداء)ەوە (خوای گەورە لێی ڕازی بێت)،ئەویش لە پێغەمبەرەوە ﷺ کە فەرموویەتی: ((مَن حَفِظَ عَشْرَ آياتٍ من أوَّلِ سُورَةِ الكَهْفِ عُصِمَ مِنَ الدَّجّالِ))[1]. واتا:(هەرکەسێك دە (١٠) ئایەت لەسەرەتای سورەتی (الكهف) لەبەر بكات، ئەوا پارێزراو دەبێت لە دەجال).

ئەگەر بە لەبەرکردنی (١٠) ئایەت لە سورەتێك لەو فیتنە گەورەیە پارێزراو بێت، ئەی دەبێت لەبەرکردنی هەموو قورئان چۆن لە دونیا و قیامەت بیپارێزێ و سەرکەوتووی بكات.

(٣) (لەبەرکردنی(حەوت) سورەتی سەرەتای قورئان خاوەنەکەی لە زانست ڕۆچووە):

(عائیشە)ی دایکی ئیمانداران (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((مَنْ أخذَ السَّبعَ الأُوَّلِ مِنَ القُرآنِ فَهُوَ حِبرٌ))[2]، وفي المُستَدرَك ((فَهُوَ خَيْرٌ))[3].


واتا: هەرکەسێك حەوت سورەتە گەورەکەی سەرەتای قورئان لەبەر بكات و لێیان شارەزا بێت، ئەوا لە زانست ڕۆچووە و زانایە.

سورەتەکانیش ئەمانەن: (البقرة، آل عمران، النساء، المائدة، الأنعام، الأعراف، التوبة).

(١) أخرجه مسلم-(٢/ ١٩٩)-كتاب المساجد ومواضع الصلاة-باب:فضل سورة الكهف وآية الكرسي(٨٠٩).

(٢) رواه الإمام أحمد، (٤١/٧٨) ، مسند عائشة رضي الله عنها، (٢٤٥٣١).

(٣) المستدرك على الصحيحين- للحاكم (٢٠٢٥).



(٤) (خوای گەورە جەستە و دڵێك ناسوتێنێ و ئـازاری نادات كە هـەڵگری قورئــان بێت):

خوای گەورە ئەم ڕێز و خەڵاتەشی بە لەبەرکارانی قورئان بەخشیوە،کە لە قیامەت دا ئازاریان نەدا و نەیان سوتێنێ بەهۆی ڕێزی ئەم قورئانەی کە لە دڵ و سینەیاندایە.

عَنْ (عُقْبَةَ بْنُ عَامر:٥٨هـ) (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ): ((لَوْ كَانَ الْقُرْآنُ فِي إِهَابٍ، مَا مَسَّتْهُ النَّارُ))[١].

واتا: (عوقبەی کوڕی عامر)(خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ئەگەر قورئان لە دڵی هەر کەسێك بێت ئاگری بەر ناکەوێت لە قیامەت.

قال (أبو عبيد): (وَجْهُ هَذَا عِنْدَنَا أَنْ يَكُونَ أَرَادَ بالإِهَابِ قَلْبَ الْمُؤْمِنِ وَجَوْفَهُ الَّذِي قَدْ وَعَى الْقُرْآنَ)[٢]. واتا: (ئەبو عەبید)دەفەرمووێت:ئەوەی کە ڕوونە لامان ئەوەیە، مەبەست لە (ئیهاب) دڵ و بۆشایی سینگی ئیماندارە کە قورئانی تیایە.

هەروەها (ئەبو ئومامەی باهلی:٨٦هـ)دەفەرمووێت: (اقْرَأُوا الْقُرْآنَ وَلَا تَغُرَّنَّكُمْ هَذِهِ الْمَصَاحِفُ الْمُعَلَّقَةُ، فَإِنَّ اللهَ لَنْ يُعَذِّبَ قَلْباً وَعَى الْقُرْآنَ)[٣].

واتا:(ئەبو ئومامە)دەفەرمووێت:قورئان بەلەبەر بخوێنن و فریو مەخۆن بە خوێندنەوەی لەسەر ئەم قورئانە هەڵواسراوانە، چونکە خوای گەورە دڵێك ئازار نادات، کە قورئانی تێدابێت).

---

(١) رواه الإمام أحمد،(٦٣٥/٢٨) ، (١٧٤٢٩) ، (إسناده ضعيف).

(٢) غريب الحديث- لأبي عبد القاسم بن سلام، (٣٨٨/١).

(٣) سنن الدارمي، (٤/ ٢٠٩٢) باب: فضائل القرآن عند رسول الله ﷺ ، (٣٣٦٢).

(٥) (لە ڕۆژی دوایی قوڕئان دەبێت بە تکاکار بۆ هەڵگرانی):


عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ:قَالَ رَسُولُ اللهِ(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ((يَجِيءُ الْقُرْآنُ يَوْمَ القِيَامَةِ فَيَقُولُ: يَا رَبِّ حَلِّهِ، فَيُلْبَسُ تَاجُ الكَرَامَةِ، ثُمَّ يَقُولُ: يَا رَبِّ زِدْهُ، فَيُلْبَسُ حُلَّةَ الكَرَامَةِ، ثُمَّ يَقُولُ:يَا رَبِّ ارْضَ عَنْهُ، فَيَرْضَى عَنهُ،فَيُقَالُ لَهُ: اقْرَأْ وَارْقَ،وَيُزَادُ بِكُلِّ آيَةٍ حَسَنَةً))[١].

واتا: لە (ئەبو هوڕەیرە) وە وتی: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: قوڕئانی پیرۆز لە ڕۆژی دوایی دێت،دەڵێ:ئەی خودای پەروەردگار،ئەم بەندەیەت پۆشتەو ڕازاوە بکە،جا تاجی ڕێزی لەسەر دادەندرێت ،ئینجا دەڵێ:ئەی پەروەردگار بۆی زیاد بکە،جا بەرگ و پۆشاکی ڕێزی پێ دەدرێت-پێی پۆشتە دەکرێت-،ئینجا دەڵێ:ئەی پەروەردگار لێی ڕازی ببە..،جا پەروەردگار لێی ڕازی دەبێت،پێی دەوترێت بخوێنەو بەرز ببەوە و سەرکەوە،بۆی زیاد دەبێت بەهۆی هەر ئایەتێك چاکەیەك.

ئا بەم شێوەیە قوڕئان لە قیامەت شەفاعەت بۆ هەڵگرانی دەکات و داوا دەکات، کە خوای گەورە ڕێزی بگرێت بەهۆی خوێندنەوە و لەبەرکردن و کار پێکردنی قوڕئان.

بۆیە ئەمە ڕێز و گەورەیی هەڵگران و خوێنەرانی قوڕئانە لە قیامەتدا وە دەبێ ئەمەش بزانین، کە ڕێزگرتنی لەبەرکارانی قوڕئان تەنها تایبەت نیە بە ڕۆژی دوایی، بەڵکو ئەهلی قوڕئان لەو دونیاش پێش دەخرێن بەسەر خەڵکانی تر دا لەوانە:

(١) رواه الترمذي، (٣٦/٥) ، باب: فضائل القرآن عند رسول الله ﷺ ، (٢٩١٥).



١/ (إمَامة الصلاة) (پێشنوێژی).

هەڵگرانی قورئان تەنانەت لە دونیاش پێش دەخرێن بەسەر خەڵكانی تر دا، لەوانە (پێشنوێژی) كردن وەك لە (ئەبو مەسعودی بەدری) (خوا لێی رازی بێت) كە دەفەرمووێت: پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێت: ((يَؤُمُّ القَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللهِ...))[١].

واتا: پێشنوێژی بۆ گەلەكەی دەكات ئەو كەسەی كە قورئانی زیاتر لەبەرە و شارەزاترە.

قال العلامة الصنعاني (رحمه الله تعالى): ((الظَّاهِرُ أَنَّ المَرَادَ أَكْثَرُهُمْ لَهُ حِفْظًا))[٢].

واتا: (ئیمامی صەنعانی:١١٨٢هـ) دەفەرمووێت: (ئەوەی ئاشكرایە ئەوەیە، كە كامیان زیاتر قورئانی لەبەرە و شارەزاترە، پێش دەكەوێت بۆ ئیمامەتی).

٢/ (ڕاوێژ پێكردن و ڕەئی وەرگرتن) (المشورة والرأي).


موسڵمانان فەرمانیان پێ كراوە لەلایەن خوای گەورە، كە لە كار و بارەكانیاندا ڕاوێژ بە یەكتر بكەن، وەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿وَأَمْرُهُمْ شُورَىٰ بَيْنَهُمْ﴾(الشورى: ٣٨).

واتا: خوای گەورە لە ستایش و وەسفی ئەوانەدا كە بە دەنگی بانگی پەروەردگارەوە دەچوون و بە تێر و تەسەل نوێژیان دەكرد،دەفەرمووێت:كار و بارەكانیان لەنێوان خۆیاندا بە مەشوڕەت و پرس و ڕاوێژ بوو.

---

(١) رواه مسلم، (٢/١٣٣) ، كتاب: المساجد ومواضع الصلاة باب: من أحق بالإمامة، (٦٧٣).

(٢) عون المعبود شرح سنن أبو داود، الآبادي،(١-٢/ ١٧٤) ، كتاب الصلاة، باب: من أحق بالإمامة (٦٠)- دار (إحياء التراث العربي) ، (٥٧٨).



پێغەمبەریش ﷺ لە کار و بارەکاندا ڕاوێژی بە هاوەڵان دەکرد، و ئەو چینەش کە ڕاوێژیان پێ دەکرا بریتی بوون: لەوانەی کە قورئانیان لەبەر بوو، چونکە ئەوان لە چینە عاقڵ و تێگەیشتوو و ڕاستگۆکەی کۆمەڵگە بوون و خوای گەورەش بەهۆی قورئانەکەیان ئەم ڕێزەی پێ بەخشیون.

هەروەك (ابن عباس) دەفەرمووێت: (وَكَانَ الْقُرَّاءُ أَصْحَابُ مَجْلِسِ عُمَرَ وَمُشَاوَرَتِهِ، كُهُولًا كَانُوا أَوْ شُبَّانًا)[١].

واتا: (ابن عباس)دەفەرمووێت: ئەوانەی لە مەجلیس و دانیشتنەکانی ئیمامی(عمر) دادەنیشتن و ئیمامی عومەر پرس و ڕاوێژی پێ دەکردن، بریتی بوون لە نوێنەران و شارەزایانی قورئان لە گەنج و پیر.


هەروەها (عبدالرحمن بن ناصر السعدي) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرمووێت: (وَهُمْ سَادَةُ الخَلْق، وَعُقَلَاؤُهُمْ، وَأُولُو الأَلْبَاب مِنْهُمْ، وَالكُمَّلُ مِنْهُمْ، فَإِذَا كَانَ آيَاتٌ بَيِّنَاتٌ فِي صُدُورِ أَمْثَالِ هَؤُلَاءِ، كَانُوا حُجَّةً عَلَى غَيْرِهِمْ)[٢].

واتا:ئەو کەسانەی کە ئەهلی قورئانن و قورئانیان لەبەرە، گەورەی خەڵکی و عاقڵترینیانن، لەهەموویان ژیرترن، وە کامڵترینیانن، جا کە ئایەتی ڕوون و ئاشکرا لە دڵ و سینەی ئەو کەسانەدا بووە، ئەوا دەبوونە بەڵگە بەسەر غەیری خۆیانەوە، بۆیە هەڵگران و لەبەرکارانی قورئان پێویستە گرنگیان پێ بدرێت و ڕێزی تایبەتیان لێ بگیرێت و کاروباریان پێ بسپێردرێت، وەك ئیمامەتی نوێژ و ڕاوێژ پێکردن و هتد.

---

(١) رواه البخاري، (٦/ ٦٠) ، كتاب التفسير: سورة الأعراف، باب (خذ العفو وأمر بالعرف) (٤٦٤٢).

(٢) تيسير الكريم الرحمن- عبد الرحمن بن ناصر السعدي- تحقيق: عبد الرحمن بن معلا- (دار السلام)- سورة العنكبوت: ٤٩: ص (٧٤٣).



٣/ (پێشەوا و سەرکردایەتی) (الأِمارة):

هەڵگران و لەبەرکارانی قورئانی پیرۆز لە پێشترن لە خەڵکانی تر بۆ پێشەوایەتی و سەرکردایەتی لە کاروبارەکاندا، چونکە پێغەمبەر ﷺ بەردەوام پێشی خستوون لە زۆر شوێناندا بەسەر خەڵکانی تردا، بۆ نموونە: کاتێك بەڕێی کردوون بۆ غەزا کەسێکی هەڵبژاردووە بە پێشەوا و سەرکردەیان، کە زیاتر قورئانی لەبەربووە، هەروەك (ئەبو هورەیرە) (خوا لێی ڕازی بێت) لەم فەرمودەیەدا دەفەرموێت: ((بَعَثَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَعْثًا، فَاسْتَقْرَأَ كُلُّ وَاحِدٌ مِنْهُمْ مَا مَعَهُ مِنَ الْقُرْآنِ فَأَتَى عَلَى رَجُلٍ مِنْ أَحْدَثِهِمْ سِنًّا فَقَالَ: ((مَا مَعَكَ يَا غُلَامُ؟)) فَقَالَ:مَعِي كَذَا وَكَذَا وَسُورَةُ الْبَقَرَةِ،فَقَالَ:((أَمَعَكَ سُورَةُ الْبَقَرَةِ؟))قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: ((اذْهَبْ فَأَنْتَ أَمِيرُهُمْ))[1].

واتا: ئەبو هورەیرە (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموێت: پێغەمبەر ﷺ (کەتیبەیەك) واتا: ژمارەیەك چەکدار کە بریتی بون لە هاوەڵان نارد بۆ غەزا، پاشان پێغەمبەر ﷺ پرسیاری لە هەریەك لەوانە دەکرد، کە چیان لەبەرە لە قورئان، دواتر هاتە لای پیاوێکیان کە بەتەمەن لەهەموویان بچووکتر بوو، پرسیاری لێکرد: ئەی فلانە کەس چیت لەبەرە (چیت لایە) لە قورئان ؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: ئەمە و ئەوەم لەبەرە، لەگەڵ سورەتی بەقەرەش (البقرة)، پێغەمبەریش ﷺ پێی فەرموو: ئایا سورەتی (بەقەرە)شت لەبەرە؟ کابراش وتی: بەڵێ، پاشان پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بڕۆ تۆ ئەمیر و سەرکردەیانی.

بۆیە ئەمەی لەم فەرموودەیە وەردەگیرێت، گەورەیی سورەتی(البقرة) یە کە لەبەرکارەکەی ڕێزدار و گەورە دەکات، با بەتەمەنیش بچوك بێت، پێش

---

(١) رواه الترمذي،(٥/٦٥) ، كتاب: فضائل القرآن- باب: ما جاء في فضل سورة البقرة وآية الكرسي، (٢٨٧٦) (قال الترمذي: هذا حديث حسن).

خەڵکانی تری دەخات، بۆیە لەبەر گەورەیی ئەم سورەتەش پێغەمبەر ﷺ ئەو کەسەی کردە سەرکردە و پێشەوا، هەرچەندە تەمەنیشی لەهەموویان بچوکتر بوو، وە کارەکەش لە گرنگترینی کارەکانی موسڵمانان بوو، کە جەنگە و ڕۆحی چەندان موسڵمانی پێوە بەندە،و سەرکەوتنی موسڵمانانیشی پێوە بەستراوە.

بۆیە ئەمە ڕێزێکە لە دونیادا بۆ کەسێك کە بەتەنها سوڕەتێکی لەبەرە، ئەی دەبێ چ ڕێز و شکۆیەك هەبێت بۆ کەسێك لە دونیا و دوارۆژدا کە تەواوی کەلامەکەی خوای گەورەی لە دڵ و سینەدا هەڵگرتبێت.

٤/ (الدفن) (شاردنەوە لە گــۆڕدا)

واتا: ئەوەی زیاتر قوڕئانی لەبەرە،لە شاردنەوە لە قەبریشدا پێش دەخرێ بەسەر کەسانی تردا، گەر دوو کەس یان زیاتر لە قەبرێکدا پێکەوە نێژران.

بۆیە لەبەرکاری قوڕئان خوای گەورە بە مردوویش ڕێزی گرتووە و پێش دەخرێ لەکاتی ناشتن لەقەبردا، وەك (جابر) (خوای گەورە لێی رازی بێت) لەم فەرمودەیەدا دەفەرمووێت:((كانَ النبيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيه وَسَلَّمَ) يَجْمَعُ بينَ الرَّجُلَيْن من قَتْلَى أُحُد في ثَوْب وَاحِد، ثُمَّ يَقُولُ: أيُّهُمْ أكْثَرُ أخْذًا لِلْقُرْآنِ، فَإذَا أُشِيرَ لَهُ إلَى أحَدِهِمَا قَدَّمَهُ في اللَّحْدِ))[١].

واتا: (جابر) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ شەهیدەکانی جەنگی ئوحودی دوو دوو لەیەك گۆڕدا دەناشتن و دەیفەرموو: کامەیان زیاتر قوڕئانی لەبەرە، جا کاتێ ئیشارەتیان بۆ لای دانەیەکیان کرد، پێشی خست لە گۆڕاکەیدا کە لەشێوەی (لەحد) بوو.

(١) رواه البخاري، (٢/ ٩١) ، كتاب الجنائز، باب: الصلاة على الشهيد (١٣٤٣) .

وە ئیمامی (علي بن خلف - ابن بطال القرطبي: ٤٤٩هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) لە شەرحی ئەم فەرموودەیەدا فەرموویەتی: (قَالَ المُهَلَّبُ بن أبي صفرة: وَهَذَا خِطَابٌ للأَحْيَاءِ أَنْ يَتَعَلَّمُوا القُرْآنَ، وَلَا يَغْفُلُوهُ حِينَ أَكْرَمَ اللهُ حَمَلَتَهُ فِي حَيَاتِهِمْ وَبَعْدَ مَمَاتِهِمْ)[١].

واتا: (موهـــەلەبی کوڕی ئەبو صفره: ٨٢هـ) فەرموویەتی: ئەمە قسە و خیتابێکە ڕوو لە زیندووانە، کە خۆیان فێری قورئان بکەن و لێی بێ ئاگا نەبن، لەکاتێکدا خوای گەورە ڕێزی ناوە لە هەڵگری قورئان، لەژیانیاندا و وە لەدوای مردنیشیان بەهەمان شێوە.

٥/ (حافزی قورئان هەڵگرانی ڕایە و ئاڵای ئیسلامن):

هـــەڵگرانی قورئـــــان نیشاندەر و بەرزکەرەوەی ئیســــلامن، واتا: وەك نیشانەیەکن بۆ ئیسلام و پێشەوان بۆ خەڵك و چاویان لێ دەکەن، تەنانەت لە قسەکردنیشدا دەبێت جیاواز بن لەخەڵکانی تر و نابێ بە قسەی بێسوود و بێقەدر پێدا بچن، لەگەڵ ئەوانەی کە قسەی بێسوود دەکەن، وە نابێت وەکو خەڵکانێك بێئاگا بن، بەڵکو دەبێت زۆر چاوکراوە و پارێزگار بن، چونکە ئەهلی قورئان بەرپرسە لەوەی کە بە خووڕەشت و هەڵسوکەتی خۆی ئیسلام نیشانی خەڵك بدات بەشێوەیەکی جوان؛ لەبەرئەوەی خەڵك ئەهلی قورئان زۆر بە گەورە سەیر دەکات و چاوی لێ دەکات وەك پێشەوایەکی دین و ئیسلام، تەنانەت هەندێ جار خەڵك وا سەیر دەکات کە لەبەرکاری قورئان هەرگیز توشی هەڵە و تاوان نابێت، یان لەکاتی هەڵەی بچووکیش بە هەڵەی گەورە لەسەری هەژمار دەکرێت و باس دەکرێت، بۆیە دەبێت زۆر وریا بێت.

---

(١) شرح صحيح البخاري: لابن بطال القرطبي ، (٢٠/١٠) ، طبعة: مكتبة الرشد.

(فضيل بن عياض:١٨٧هـ) دەفەرمووێت: (أَهْلُ الْقُرْآنِ حَامِلُ رَايَةِ الإِسْلاَمِ، وَلاَ يَنبَغِي لَهُ أَن يَلْغُوَ مَعَ مَنْ يَلْغُون، وَلاَ يَسْهُوَ مَعَ مَنْ يَسْهُون، وَلاَ يَلْهُو مَعَ مَنْ يَلْهُونَ)[١].

واتا: ئەهلی قورئان هەڵگری ڕایە و ئاڵای ئیسلامن و بەرزکەرەوەی ئیسلامن، بۆیە نابێت قسەی زیاد و بێسوود بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە قسەی بێسوود دەکەن، وە نابێت هەڵە بکەن لەگەڵ ئەوانەی کە وەك خەڵکی ئاسایی بەردەوام هەڵە دەکەن، وە ڕۆبچن لە گاڵتە و گەپ لەگەڵ ئەوانەی کە ڕۆچوون.

بۆیە هەڵگری قورئـــان دەبێت ژیانێکی تایبەتی هەبێت کە لەگـــەڵ قورئانەکەی بگونجێت.

٦/ (هەڵگرانی قورئان سەرکردایەتی بەهەشتیەکان دەکەن لە بەهەشتدا)


لەخاڵی پێشوودا باسمان کرد کە لەبەرکاری قورئان لە دونیا پێشەوای خەڵکن لە چاولێکەریدا هەروەها بەهەمان شێوە لە قیامەتیشدا سەرکردایەتی بەهەشتییەکان دەکەن، بەڕاستی ڕێزێکی گەورەیە خوای گەورە پێی بەخشیون کە بەکەسی نەبەخشیوە.

عَنْ (عَطَاءِ بنِ يَسارٍ) (رضي الله عنه) قَالَ: (حَمَلَةُ الْقُرْآنِ عُرَفَاءُ أَهْلِ الجَنَّةِ)[٢].


واتا: هەڵگرانی قورئـــانی پیرۆز پێشەوایەتی بەهەشتیەکان دەکەن لەبەهەشتدا.


(١) صفة الصفوة، لابن الجوزي (١٢٨/٤).

(٢) مسند الدارمي،(٤ /٢١٨٥)،كتاب: فضائل القرآن، باب: في ختم القرآن، (٣٥٢٧) (إسناده ضعيف) لضعف إبراهيم بن مهاجر، وهو موقوف على (عطاء) ، (عرفاء) واتا (رؤسائهم).



هەر بەم شـــێوەیە خـــوای گەورە ئەهلی قورئـــانی لە هەموو شوێنەك پێشخستووە، بەسەر خەڵكانی تردا لە دونیا بەپێشەوایەتی و پێشنوێژی وڕاوێژ پێكردن و وە هەروەها لە قیامەتیش پێشەوایەتی بەهەشتیەكان دەكەن و لەقەبریشدا بەهەمان شێوە پێش دەخرێن.





بەشی دووەم
(چەند بنچینەو ئامادەکاریەك پێش دەستکردن بە کرداری لەبەرکردنی قوڕئان)

هەر كارێك كە ئێمەی موسڵمان ئەنجامی دەدەین، فەرمانمان پێ كراوە كە بەرنامە ڕێژی تەواوی بۆ بكەین، تاوەكو بەتەواوی و بەڕێكی ئەنجام بدەین، هەروەك (عائشة) خوا لێی ڕازی بێت لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموویێت:((إِنَّ اللهَ يُحِبُّ إِذَا عَمِلَ أَحَدُكُمْ عَمَلاً أَنْ يُتْقِنَهُ))[١].

واتا: (عائشە) خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویێت: خوای گەورە كەسانێكی خۆش دەوێت، كاتێك كارێك ئەنجام دەدەن بەڕك و پێكی ئەنجامی دەدەن.

ئەمە بۆ كارێكی دونیایی سادە بەم شێوە فەرمانمان پێكراوە، ئەی چی ئەگەر ئەم كارەی كە دەتەوێ ئەنجامی بدەیت، لەبەركردنی كەلامەكەی خوای گەورە بێت، كە دونیا و دوارۆژی پێ ڕووناك دەبێتەوە، ئەوكات زیاتر پێویستمان بەم بەرنامە ڕێژییە هەیە، تا كارەكەمان بەسەركەوتوویی ئەنجام بدەین .

بۆیە خوای گەورە لە چەندین ئایەت و وە پێغەمبەریش ﷺ لەچەندین فەرموودەدا جەخت لەسەر ئەم مانایە دەكەنەوە بۆ نموونە:

أ / خوای گەورە لە سوڕەتی (یوسف) لە ئایەتی (٤٧ - ٤٩) لەسەر زاری پێغەمبەر یوســـف (علیە السلام) فێرمان دەكات،كە چۆن بەرنامە ڕێژی

---

(١) رواه أبو يعلى (٧/ ٣٤٩) ، ت: حسين أسد ، (٤٣٨٦) ، والطبراني في الأوسط (١ / ٢٧٥)، (٨٩٧) ، (صححه الألباني).

بکەین لە کارەکانمان دا، کاتێك (حەوت) ساڵ توشی قات و قڕی و برسیتی بوون هەروەك دەفەرموویێت: ﴿قَالَ تَزۡرَعُونَ سَبۡعَ سِنِينَ دَأَبٗا فَمَا حَصَدتُّمۡ فَذَرُوهُ فِي سُنۢبُلِهِۦٓ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تَأۡكُلُونَ (٤٧) ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ سَبۡعٞ شِدَادٞ يَأۡكُلۡنَ مَا قَدَّمۡتُمۡ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلٗا مِّمَّا تُحۡصِنُونَ (٤٨) ثُمَّ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِ ذَٰلِكَ عَامٞ فِيهِ يُغَاثُ ٱلنَّاسُ وَفِيهِ يَعۡصِرُونَ﴾ (یوسف: ٤٧ - ٤٩)، واتا: پێغەمبەر (یوسف)(علیه السلام) وەڵامی ساقی دایەوەو وتی: ئێوە حەوت ساڵ لەسەر یەك کشتوکاڵ بەڕێك و پێکی دەکەن و دانەوێڵە دەچێنن ئەوی دووریتانەوە - ئەوە نەبێ لێی دەخۆن- هەر لەگوڵەکەی خۆیدا بیهێڵنەوەو لەعەنباردا داینێن، چونکە ئاوا لە سوون و جانەوەران دەپارێزرێت، (٤٨) جا لەپاش ئەو حەوت ساڵە «خۆش و پڕپیتە» حەوت ساڵی گرانیی و، قاتی و قڕیی و، وشکە ساڵی پێش دێت هەر رزق و رۆزییەکتان ئەو حەوت ساڵە دانابێ هەمووی دەخۆن کەمێکی نەبێت کە بۆ تۆوی هەڵدەگرن و، ئازووخەی دەکەن (٤٩) لە پاش ئەو حەوت ساڵە گرانییە، ئەمجار ساڵێکی خۆش پێش دێت بۆهەموو خەڵکی بارانێکی زۆر دەبارێ و، ڕزق و رۆزی پەیدا دەبێتەوە هەر لەو ساڵەدا میوەجات و ترێ زۆر دەبێ و دەیگوشن و شەربەت و پێخۆری لێ پەیدا دەکەن بۆ خۆیان.

لەم دوو ئایەتە بۆمان دەردەکەوێت، کە (یوسف) پێغەمبەر (علیه السلام) خەڵکەکەی قوتار کرد لەو برسێتیە بە خۆئامادەکردن و بەرنامە ڕێژی بۆ ئەم حەوت ساڵەی برسێتی و قات و قڕییە.

ب/ وە بە هەمان شێوە پێغەمبەریش ﷺ لە ڕووداوی کۆچکردن لە مەککەوە بۆ مەدینە هەڵسا بە چەندین ئامادەکاری بۆ ئەم کۆچە، بۆ نموونە: کەی کۆچ بکەن و چۆن و کێی لەگەڵدا بێت و بە چ ڕێگایەکدا بڕۆن و بۆ کوێ بڕۆن

و کێ خواردنیان بۆ ببات، کێ شوێنپێیان بزر بکات و چەندان شتی تریش... کە پێغەمبەر ﷺ پلان و بەرنامەی بۆ دانا، تا بگاتە شوێنی مەبەست، لەگەڵ ئەوەی گەر داوای لە خوا بکردبا، وەك ڕووداوی (شەوڕەوی) لەچەند خولەکێك کۆچەکەی پێ دەکرد، بێ ترس و ماندووبوون، بەڵام پێغەمبەر ﷺ فێرمان دەکات، کە ئێمەش چاو لەو بکەین و هەوڵ بدەین و بەرنامە دابنێین، ئینجا پشت بەخوا ببەستین، چونکە ئەو بۆ ئێمە پێشەوا و چاولێکراوە، کەواتە بۆ لەبەرکردنی قوڕئانیش پێویستت بە کاتێکی زۆرە،بۆیە تا شەیتان و جۆرەکانی نەفس توشی ساردی و بێ هیوایت نەکەن، پێویستە تەواو خۆت ئامادە بکەیت بۆ ئەم سەفەرە کە لەبەرکردنی قوڕئانی پیرۆزە.


بۆیە ئێمەش لیرەدا چەند خاڵێك باس دەکەین، کە لەبەرکاری قوڕئان دەتوانێت پشتیان پێ ببەستێت، وەك ئامادەکارییەك بۆ ئەم کارە پیرۆزە، لەوانە:

١- نیازپاکی کلیلی سەرکەوتنی هەموو کارێکە:

هەر کارێك چەند مەبەســـت تیایدا بۆ خـــوا بێت، خوای گەورە بەپێی مەبەستەکەی پاداشتی دەداتەوە و لە کارەکەش سەرکەوتووی دەکات.

بۆیە نیاز و مەبەست لەهەموو کارێکدا بەشی زۆری بەردەکەوێت،هەر ئەو مەبەستەش عادەت و عیبادەت لەیەك جیا دەکاتەوە، بۆیە خوای گەورە دەربارەی نیەت دەفەرمووێت: ﴿قُلۡ إِنِّيٓ أُمِرۡتُ أَنۡ أَعۡبُدَ ٱللَّهَ مُخۡلِصٗا لَّهُ ٱلدِّينَ﴾ (الزمر: ١١)، واتا: بڵێ: بەڕاستیی من فەرمانم پێدراوە کە خوایەکی تاك و تەنیا (الله) بپەرستم و، بە پوختی ئایین و پەرستن بۆ ئەو بکەم.

لە گرنگی نیەتە کە هەندێك کات موسڵمان کارێکی باش و خێر دەکات، بەڵام مەبەستی بۆ خوا نیە، ئەوا پاداشت نادرێتەوە لەسەری،بە پێچەوانەوە



کەسێکی تر نیەت و مەبەستی بۆ خوایە لە کارێك،بەڵام بەهۆکارێك ناتوانێت کارەکەش ئەنجام بدات، ئەوا خوای گەورە پاداشتی تەواوی بۆ دەنووسێت، هەروەك لەم دوو نموونەی خوارەوە باسیان دەکەین:

ئیمامی (تـەبـەری: ٣١٠هـ) لە ئیبن (عـەباسـەوە) دەگێڕێتەوە و دەفـەرمووێت: کاتێك ئەم ئایـەتە هاتە خوارەوە:﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ ظَالِمِيٓ أَنفُسِهِمۡ قَالُواْ فِيمَ كُنتُمۡۖ قَالُواْ كُنَّا مُسۡتَضۡعَفِينَ فِي ٱلۡأَرۡضِۚ قَالُوٓاْ أَلَمۡ تَكُنۡ أَرۡضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةٗ فَتُهَاجِرُواْ فِيهَاۚ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَأۡوَىٰهُمۡ جَهَنَّمُۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا﴾(النساء:٩٧).

واتا: بێگومان ئەوانەیان کە فریشتە گیانیکێشان، لەکاتێکدا ناهەقییان لەخۆیان کرد، چونکە (دار الشرك) یان بەجێ نەهێشت و کۆچیان نەکرد بۆ نیشتمانی ئیمان (مەدینە) بەرلەوە دەڵێن: باشە ئێوە لەکوێبوون،بۆچی لێرە کۆچتان نەکردو لەگەڵ موشریکەکاندا مانەوە ؟! ئەڵێن: ئێمە لەو وڵاتەی مەککەدا بێ دەسەڵات و لاواز کرا بووین، نەمان دەتوانی بۆهیچ لایە کۆچ بکەین و بەناچاری هەر لەوشوێنە ماینەوە فریشتەکان دەڵێن: ئایا زەویی خوا فراوان و ئاواڵە نەبوو تا لەوێ کۆچ بکەن و بڕۆنە جێگایەکی ترو، بە ئازادانە خواپەرستی خۆتانتان کردبا؟جا لە قیامەتدا جێگایان جەحەننەمەو،ئەویش چارەنووسێکی نالەبارو خراپە.

پیاوێك لە مەککەوە بەهۆی نەخۆشیەوە نەیتوانی کۆچ بکات،کاتێك فەرمانی کۆچ بە موسڵمانان درا، جا لە ترسی ئەوە کە لە دار (الکفر) دایە، بە خزم و کەسی وت:تکاتان لێ دەکەم بەزوویی لە مەککە بمەبەنە دەرەوە تا بەرەو مەدینە بڕۆم، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە بەڕێکەوت بەرەو مەدینە، بەڵام پێش ئەوەی بگات بە پێغەمبەر ﷺ لەڕێگادا گیانی سپارد، جا لەم

بارەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: ﴿وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ ٱلْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ﴾(النساء: ١٠٠)[١].

واتا:هەر کەسێك لەماڵی خۆی دەرچێ و کۆچ بکا بۆلای خواو پەیامبەرەکەی ﷺ، پاشان لەرێدا مردنی پێگەیشت، پێش ئەوەی بگاتە ئەوجێگایەی بۆی دەچێ، ئەوە بێگومان پاداشی کەوتۆتە سەرخواو مسۆگەر دەبێت.


لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم کەسە لەکۆچەکەیدا چونکە مەبەستی بۆ خوا بوو، هەرچەندە کارەکەی تەواو نەکرد و لەڕێگەدا وەفاتی کرد و نەگەیشت بە پێغەمبەر ﷺ بەڵام خوا دەربارەی فەرمووی:بەڕاستی پاداشتی کەوتە سەر خوا و بۆی نووسی.

ب/ لەم نموونەیەشدا پیاوێك کە لەگەڵ پێغەمبەریش ﷺ کۆچی کرد و گەیشتە مەدینەش، بەڵام هیچ پاداشتێکی بۆ نەنووسرا، چونکە لە کۆچەکەیدا مەبەستی سەرخستنی دینی خوا نەبوو، بەڵکو مەبەستی ئافرەتێك بوو کە بیخوازێت، کە ناوی (أم قیس) بوو ، بۆیە پێغەمبەریش ﷺ ئەم فەرموودەی دەربارەی فەرموو: ((إنَّمَا الأَعْمَالُ بالنِّيَّات وإنَّما لكلِّ امرئ مَا نَوَى فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إلى اللَّه وَرَسُوله فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّه وَرَسُوله وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُه إِلى دُنْيا يُصِيبُهَا أَو امْرَأَةٍ يَنْكِحُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلى ما هَاجَرَ إِلَيْهِ))[٢].

واتە:بەڕاستی کردەوەکان بەپێی نیەتەکانن، وە هەر کەسێکیش بە گوێرەی نیەتەکەی پاداشت وەردەگرێت، جا ئەو کەسەی کۆچ کردنەکەی بۆ خواو

(١) تفسير الطبري، (٤/ ٦٦)، سورة (النساء: ١٠٠)، ت: (أحمد محمد شاكر – محمود محمد شاكر)- دار إبداع- وە هەروەها (بەیهەقی)ش لە سنن دا هێناویەتی (١٤/٩)(١٨٦٨٧).

(٢) رواه البخاري، (٦/١) ، باب: كيف كان بدأ الوحي إلى رسول الله ﷺ، (١).



گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەی بوبێت، ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ خواو گوێڕایەڵی پێغەمبەرەکەیەتی، وە ئەوەشی کۆچکردنەکەی بۆ دەستکەوتنی دونیا بێت، یان بۆ مەبەستی مارەکردنی ئافرەتێك بێت، ئەوا کۆچ کردنەکەی بۆ ئەو مەبەستەیە کە کۆچی لە پێناودا بۆ کردووە.

بۆیە (عبداللەی کوڕی مەسعود) دەفەرموویت: (مَنْ هَاجَرَ يَبْتَغي شَيْئًا فَهُوَ لَهُ، قَالَ: هَاجَرَ رَجُلٌ لِيَتَزَوَّجَ امْرَأَةً يُقَالُ لَهَا أُمُّ قَيْسٍ، فَكَانَ يُقَالُ لَهُ: مُهَاجِرُ أُمِّ قَيْسٍ) [١].

واتا: هەرکەسێ کۆچ بکات بە مەبەستی شتێ، ئەوا تەنها ئەم شتەی بۆ هەیە، هەروەها فەرمووی: پیاوێك کۆچی کرد لەپێناو ئافرەتێك تا بیخوازێت، کە پێی دەوترا (أم قیس)، پاشان بە پیاوەکەش وترا، پیاوە کۆچکەرەکەی (أم قیس).

بۆیە هەندێ لە زانایان دەفەرموون: پێغەمبەر ﷺ دەربارەی ئەم پیاوە ئەم فەرموودەی فەرموو: ((إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ)).

زانایانیش زۆر گرنگیان بە نیەت داوە لە کار و کردەوەکانیان، ئیمامی (حەسەنی بەسری: ١٠١هـ) بەلای (طاوسی کوڕی کیسان: ١٠٦هـ)دا تێپەڕی، کە فەرموودەی بۆ قوتابیان دەخوێندەوە لە مەجلیسێکی گەورە لە حەرەم دا، (حەسەنی بەسری) چووە بن گوێی و پێی وت:ئەگەر نەفست سەرسامت دەکات، ئەوا لەم مەجلیسە بەپەلە هەڵسە، بۆیە ئیمامی (طاوس) تا نیەتی خۆی بپارێزێت، یەکسەر لە مەجلیسەکە هەڵسا و جێی هێشت) [٢].

---

(١) فتح الباري بشرح صحيح البخاري- ابن حجر العسقلاني، (٦/١) ، (١).


(٢) غيث النفع في القراءات السبع، (٣٩٨)- لولي الله سيد علي النوري الصفاقسي البحري.

بۆیە یەكێك لە پیاوچاكان بەسەرهاتێكی سەیر دەگێڕێتەوە لەسەر نیەت و مەبەست، دەفەرموویت:شەوێك نزیك كاتی بەیانی لە هۆدەیەكی نزیك ڕێگایەك سورەتی(طه) م دەخوێند، كاتێك تەواوم كرد، بۆرژام و خەو بردمیەوە، كەسێكم بینی لەخەوەكە لە ئاسمان دابەزی و (صحیفەیەك) پەڕاوێكی پێ بوو، لە پێشمی دانا؛كە سەیرم كرد سورەتی (طه)ی تیادا نووسرابوو، لەژێر هەر وشەیەك دە چاكە نووسرابوو، تەنها وشەیەك نەبێت، بینیم شوێنەكەی ڕەش كرابۆوە و هیچی لەژێر نەبوو، وتم: سوێند بەخوا ئەم وشەشم خوێندبۆوە، بۆ هیچ پاداشتی لەژێر نەنووسراوە،كەسەكە پێی وتم:ڕاست دەكەی ئەم وشەشت خوێندبۆوە،ئێمەش پاداشتەكەمان بۆ نووسی بووی،بەڵام گوێمان لە بانگ دەرێك بوو، لەلای عەرشەوە بانگی كرد:ئەم وشەیە و پاداشتەكەی لێ ڕەش بكەنەوە،ئێمەش سڕیمانەوە، دەڵێت: منیش لەخەوەكەم گریام وتم:بۆ واتان كرد؟وتی:لەبەرئەوەی پیاوێك بەلاتدا تێپەڕی تۆش دەنگی خۆت بە قورئان خوێندن بەرز كردەوە لەپێناو ئەو بۆیە پاداشتەكەشمان سڕیەوە)[1]، واتا: مەبەستت خۆ دەرخستن بووە.

بۆیە نیەت و مەبەست سەرچاوەی قەبوڵ بوونی پەرستشەكانە، بەتایبەتیش خوێندنەوە و لەبەركردنی قورئانی پیرۆز كە پێویستە نیەتمان بۆ خوای گەورە یەكلا بكەینەوە، تا خوای گەورە لێمان وەربگرێت و ئاسانتر و بەرەكەتداری بكات و قورئانیش لە قیامەت ببێتە بەڵگە بۆمان نەك لەسەرمان.

بۆیە پێغەمبەر ﷺ لە چەندین فەرمووده‌دا باسی ئەو كەسانەمان بۆ دەكات كە قورئان لەبەر دەكەن و دەی خوێنن، بەڵام مەبەستیان بۆ خوا نییە، بەڵكو دەست كەوتنی ناوبانگ یاخود ماڵ و سامانە،یان تا بڵێن دەنگی

(١) قوت القلوب، أبو طالب محمد بن علي المكي- (١١٢/١): ط- العلمية.



خۆشە، کە لە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بە (فاجر) ناوی بردوون پەنا بەخوا، هەروەك (ئەبو سەعیدی خودری:٧٤هـ) فەرمووی: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو فەرمووی: ((يَقْرَأُ القُرْآنَ ثَلاثَةٌ: مُؤْمنٌ، وَمُنَافقٌ، وَفَاجرٌ))، قَالَ بشْرٌ: فَقُلْتُ للْوَليد: مَا هَؤُلَاءِ الثَّلَاثَةُ؟ فَقَالَ: المُنَافِقُ كَافِرٌ بِهِ، وَالفَاجِرُ يَتَأَكَّلُ بِهِ، وَالمُؤْمنُ يُؤْمنُ بِهِ))[١].

واتا: سێ چین قورئان دەخوێنن: ئیماندار و دووڕوویێك و کەسێکی فاجر و تاوانبار، (بِشْر) فەرمووی: بە وەلیدم وت: ئەو سێ چینە کێن؟ وتی: دووڕوو بێ بڕوایە بە قورئان، کەسی فاجر و تاوانبار پێی دەخوات و دونیای پێ بەدەست دێنێت، ئیمانداریش بڕوای تەواوی پێی هەیە.

هەروەها گێڕدراوەتەوە لە (موسای کوڕی ئەیوب:١٥٣هـ) کە فەرمووی: (سَمعْتُ عَمِّي إيَاسَ بن عَامر يَقُولُ: أَخَذَ عَليُّ بن أَبي طَالب بيَدَيَّ ثُمَّ قَالَ: إنَّكَ إن بَقَيْتَ سَيَقْرَأُ القُرآنَ ثَلاثَةُ أَصْنَافٍ: فَصِنْفٌ لله وَصِنْفٌ لِلْجِدَالِ وَصِنْفٌ لِلدُّنْيَا، وَمَنْ طَلَبَ بِهِ أَدْرَكَ)[٢].

واتا: گوێم لە مامم (إیاس) بوو وتی: ئیمامی (عەلی کوڕی ئەبی تالب) دەستەکانی گرتم و پاشان پێی وتم: ئەگەر بمێنی دەبینی، کە سێ چین قورئان دەخوێنن، چینێکیان بۆ خوا و چینێکیان بۆ دەمەدەم و موناقەشەکردن، وە چینی سێیەمیشیان بۆ دونیا و سوودی دونیایی، جا هەرکەسێك بە قورئان داوای هەر چی بکات پێی دەگات.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ باسی دیمەنێکی قیامەتمان بۆ دەکات، کە کەسانێك دێنن، کە قورئانخوێن بوون، بەڵام مەبەستیان خوا نەبووە، بەڵکو بۆ دونیا

(١) رواه أحمد بن حنبل في المسند: (١٧/٤٤٠)، (١١٣٤٠).

(٢) سنن الدارمي: (٤/ ٢٠٩٧)، (٣٣٧٢).


بووە، ئەوا پاداشت و خێریان دەست ناکەوێت، بەڵکو تاوانبارن،هەروەك لە (ئەبی هورەیرە)وە دەفەرمووێت: گوێم لە پێغەمبەر ﷺ بوو فەرمووی:((إِنَّ أَوَّلَ النَّاس يُقْضَى يَوْمَ القِيَامَة وَذكَرَ مِنْهُمْ: وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ العِلْمَ وَعَلَّمَهُ، وَقَرَأَ القُرْآن، فَأُتِيَ بِه فَعَرَّفَهُ نِعمَهُ، فَعَرَفَهَا، قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: تَعَلَّمْتُ العِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ، وَقَرَأْتُ فِيكَ القُرْآنَ، قَالَ: كَذَبْتَ، وَلَكنَّكَ تَعَلَّمْتَ العِلْمَ لِيُقَالَ: عَالِمٌ، وَقَرأْتَ القُرْآنَ لِيُقَالَ: هُوَ قَارِئٌ، فَقَدْ قِيلَ، ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ))[1].

واتا: یەکەم جۆر لەخەڵکی کە دادگایی ئەکرێت و حیسابی لەگەڵ ئەکەن لەڕۆژی دوایی سێ کەسن، یەکێك لەوانە: پیاوێکە فێری زانست بووە و خەڵکیشی فێرکردووە، هەروەها قورئانی خوێندووە، ئینجا ئەیهێنن بۆ لای پەروەردگار و نیعمەتەکانی بیردەهێننەوە و پاداشتەکەی پێ ئەڵێن و دەزانێت، پاشان پێی ئەڵێن: چ کارت پێ کردووە؟

ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت:لەپێناوی تۆدا فێری زانست بووم و خەڵکیشم فێر کرد لەپێناو تۆ، وە قورئانیشم لەبەر تۆ خوێندەوە ، خوای گەورەش لە وەڵامدا پێی دەفەرمووێت: نەخێر درۆت کرد، بەڵکو بۆ ئەوە بوو، تاوەکو پێت بوترێت: کەسێکی قورئانخوێنی، ئەوەش وترا، پاشان فەرمانی پێ دەکرێ لەسەر دەم و چاو ڕادەکێشرێت، تاوەکو فڕێ ئەدرێتە ناو دۆزەخەوە.

بۆیە ئەوەی باس کرا، گرنگی نیەت و مەبەستە لەکارەکانمان و پێویستە وریای نیەتمان بین لەهەموو کارێك،بەتایبەتیش لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز،تاوەکو لەکۆتاییدا پاش ماندوو بوونێکی زۆر لە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتێکی زۆر ئینجا بە چاوماندا نەدرێتەوە و

(١) رواه مسلم، (٤٧/٦) ،كتاب: الأمارة، باب: من قاتل للرياء والسمعة استحق النار، (١٩٠٥).



یەكێك نەبین لەو كەسانەی كە خوای گەورە لە قیامەت پێیان بفەرموێت: (كذبت)درۆت كرد،وە فەرمان بكرێت و بوترێت: لەسەر دەمو چاو بۆ ناو دۆزەخ ڕاییبكێشن، پەنا بەخوا.


٢- (نزاكردن و داواكردن لە خوای گەورە تا ئەم كارەت بۆ ئاسان بكات) :

یەكێك لە خاڵە هەرە گرنگەكان لە ئەنجامدانی هەر كارێك بریتیە: لە پاڕانەوە و داواكردنی لەخوا بۆ ئەوەی كارەكەت بۆ ئاسان بكات و بەرەكەتداری بكات، بۆیە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَقَالَ رَبُّكُمُ ٱدۡعُونِيٓ أَسۡتَجِبۡ لَكُمۡۚ..﴾(غافر: ٦٠).

واتا:پەروەردگارتان فەرمووی: داوا لەمن بكەن و لەمن بپاڕێنەوە، منیش وەڵامتان دەدەمەوە.

جا هانا بردنە بەر خوا ئاسانەكان ئاسانتر دەكات و كۆسپ و ئاستەمەكان لەبەردەم كارەكان ناهێڵێ و لای ئەبا، بۆیە لەبەركردنی قورئان یەكێكە لە كارە هەرە گەورە و پیرۆزەكان و پاداشتێكی زۆریش لە ڕێیەوە بەدەست دێت،بۆیە شەیتانیش بەپێی گەورەیی كارەكە دوودڵی و وەسواست بۆ درووست دەكات و بەردەوام هەوڵت لەگەڵ دەدات؛كە واز بێنی، بۆیە باشترین شت بۆ خۆپاراستن لەمە بریتیە:لە دوعا و پشت بەستن بە خوا و پەنا بردنە بۆی.

یان هەندێ كات كەسانێك پێت دەڵێن:قورئان بۆ لەبەردەكەیت هەر بیرت دەچێتەوە، كە ئەمەش دەبێتە یارمەتیدەری شەیتان لەسەر دوودڵكردنی كەسەكە، یان هەندێ كەسی تر بەنیەتێكی باش بەڵام بە تێگەیشتنێكی




خراپ و هەڵە پێت دەڵێن: کە تۆ کار بە قورئان بکە باشترە لە لەبەرکردنی، بەڵێ قورئان بۆ کارپێکردنە پێش لەبەرکردن، بەڵام لەبەرکردنی قورئان دەبێتە یارمەتیدەرێکی باش، تا لەگەڵی بژی و بەردەوام بیخوێنی و هەوڵی بەرجەستەکردنیشی بدەی لەخۆتدا، وە هیچ شتێ ڕێگر نیە لەوەی لەبەری بکەی و کاری پێ بکەی، کەواتا تا یەکسانییەك ڕابگری لەنێوان ئەم دوو دەستەواژەیە،(لەبەرکردن و کارپێکردن) پێویستە خوای گەورە یارمەتیت بدات، بە داواکردن لێی.

بۆیە برا و خوشکی بەڕێز ئەوە بزانە، کە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە کارە هەرە گەورە و پیرۆزەکانە،بۆیە چەندەها ڕێگر و دوودڵیت دێتە پێش و لەوانەیە تووشی ساردی و بێ تاقەتی ببیت،بەڵام هەردەم پەنا بە خوا بگرە و مەهێڵە شەیتان بەسەرت دا زاڵ بێت، بەڵکو دووبارە و دەبارە هەوڵ بدەوە و دەست پێبکەوە و وە ئەم دوعایەش بخوێنە، کە بۆ لەبەرکردنی قورئان ئاسانکاری دەکات و چەندان نزای تریش هەیە کە دەتوانی بیخوێنی:

(اللُّهُمَّ ارْحَمْنِي بِتَرْكِ الْمَعَاصِي أَبَدًا مَا أَبْقَيْتَنِي، وَارْحَمْنِي أَنْ أَتَكَلَّفَ مَا لَا يَعْنِينِي، وَارْزُقْنِي حُسْنَ النَّظَرِ فِيمَا يُرْضِيكَ عَنِّي.

اللَّهُمَّ! بَدِيعَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ، وَالْعِزَّةِ الَّتِي لَا تُرَامُ، أَسْأَلُكَ يَا اللهُ يَا رَحْمَنُ بِجَلَالِكَ وَنُورِ وَجْهِكَ، أَنْ تُلْزِمَ قَلْبِي حِفْظَ كِتَابِكَ كَمَا عَلَّمْتَنِي، وَارْزُقْنِي أَنْ أَتْلُوَهُ عَلَى النَّحْوِ الَّذِي يُرْضِيكَ عَنِّي.

اللَّهُمَّ! بَدِيعَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ، ذَا الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ، وَالْعِزَّةِ الَّتِي لَا تُرَامُ، أَسْأَلُكَ يَا اللهُ يَا رحمَنُ بِجَلَالِكَ وَنُورِ وَجْهِكَ أَنْ تُنَوِّرَ بِكِتَابِكَ بَصَرِي، وَأَنْ تُطْلِقَ بِهِ لِسَانِي، وَأَنْ تُفَرِّجَ بِهِ عَنْ قَلْبِي، وَأَنْ تَشْرَحَ بِهِ صَدْرِي، وَأَنْ تَعْمَلَ (وَأَن



تَشْغَلَ) بِه بَدَني، فَإِنَّهُ لَا يُعِينُني عَلَى الْحَقِّ غَيْرُكَ، وَلَا يُؤْتِيهِ إِلَّا أَنْتَ، وَلَا حَوْلَ وَلَا قُوَّةَ إِلَّا بِاللهِ الْعَلِيِّ الْعَظِيمِ).


٣- (دووركەوتنەوە لە تاوان):

ئەنجامدانی تاوان پێچەوانەیە لەگەڵ لەبەرکردنی قورئان و کارەکەت لەسەر ئەستەم و زەحمەت دەکات،بەپێچەوانەشەوە کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لەتاوان دڵ و دەروونی مرۆڤ ڕووناك دەکات و کاروباری بۆ ئاسان دەکات و ئارامی پێ دەبەخشێت،لەکۆتاییشدا وا لە مرۆڤ دەکات مێشکی ساف و ئارام بێت و ئامادەیی تیابێت بۆ لەبەرکردن و فێربوون، بەپێچەوانەی دڵ و مێشك و چاوێکی سەرقاڵ بە گوناە و تاوان؛ چونکە قورئانی پیرۆز نور و ڕووناکیە و گوناە و تاوان تاریکیە.

بۆیە هەروەك چۆن ڕووناکی و تاریکی بەیەکەوە کۆ نابنەوە، بەهەمان شێوەش لەبەرکردنی قورئان و ژیان لەگەڵی دا کۆ نابێتەوە لەگەڵ تاوان.

ئەوەش لەبیر نەکەین،کە مرۆڤ پارێزراو نیە لەتاوان،هەر توشی تاوان دەبێت و نابێت شەیتان فێڵی لێ بکات و پێی بڵێت:مادام تاوان دەکەیت، چۆن دەبێت قورئان لەبەر بکەیت؟، نەخێر بەڵکو بەپێی توانا دەبێت لە تاوان خۆت بەدوور بگریت،وە کاتێك توشی تاوانێك بوویت،یەکسەر بگەڕێیتەوە لای خوای گەورە و تەوبە بکەی و بەردەوام نەبی لەسەری و هەردەم خۆت بپارێزی لەتاوان.

(زەحاکی کوڕی موزاحیم:١٠٢هـ)(خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرموویێت: (مَا مِنْ أَحَدٍ تَعَلَّمَ الْقُرآنَ ثمَّ نَسِيَهُ إِلَّا بِذَنْبٍ يُحْدِثُهُ، وَذَلِكَ بِأَنَّ اللهَ تَعَالَى يقولُ:﴿وَمَآ



أَصَٰبَكُم من مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ﴾(الشُّورَى:٣٠)، وَنِسْيَانُ القُرآنِ مِنْ أَعْظَمِ المَصَائِبِ)[١].

واتا:هیچ کەسێك نیە قورئان فێر ببێت و پاشان بیری بچێت،مەگەر تەنها بە تاوانێك نەبێت کە لێی ڕوودەدات،ئەمەش بەهۆی ئەمەوەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَصَٰبَكُم مِّن مُّصِيبَةٍ فَبِمَا كَسَبَتۡ أَيۡدِيكُمۡ﴾ (الشُّورَى: ٣٠).

واتا: هەر بەڵایەکتان تووش بوو، ئەوە بەهۆی کردەوەی خۆتانەوەیە، وە فەرمووی: لەبیرچوونەوەی قورئانیش لە گەورەترین بەڵا و موسیبەتەکانە.


هەروەها پرسیار کرا لە (ئیمامی مالکی کوڕی ئەنەس:١٧٩هـ)(خوا لێی ڕازی بێت): (هَلْ يَصْلُحُ لِهٰذا الْعِلْمِ شَيْءٌ؟ فَقَالَ: إنْ كَانَ شَيْءٌ: فَتَرْكُ المَعَاصِي)[٢].

واتا: ئایا هیچ شتێك دەست دەدات و سوودی دەبێت بۆ فێربوونی ئەم زانستە؟ ئەویش لە وەڵامدا فەرمووی: ئەگەر شتێك هەبێت ئەوا وازهێنانە لە تاوان.

بۆیە پێشینان زۆر هەوڵیان داوە کە لەتاوان دوور بن، بۆیە زۆر شارەزا بوون لە زانستەکانی شەریعەت و لەڕێگای ئەوانەوە بۆ ئێمە گواستراوەتەوە،بۆیە ئەگەر لەبەرکردنت خراپیش بێت،بە دوورکەوتنەوەت لە تاوان لەبەرکردنی قورئانت لەسەر ئاسان دەبێت، هەروەك (عەلی کوڕی خەشرەم:٢٥٧هـ)بە (وەکیعی کوڕی جەراح:١٩٦هـ)ی وت: (إنِّي رَجُلٌ بَلِيدٌ،

(١) كتاب الزهد والرقائق- لابن المبارك، (١٥٩/١) ، تحقيق: أحمد فريد- (دار معراج الدولية).

(٢) جزء فيه أخبار لحفظ القرآن: تخريج ابن عساكر- انتقاء: أبي عبد الله حداد، (٢٢٧).




وَلَيسَ لي حِفْظٌ، فَعَلِّمْني دَواءً لِلحِفْظِ، فَقالَ وَكيعٌ:يا بُنَيَّ،وَاللهِ ما جَرَّبْتُ دَواءً لِلحِفْظِ مِثْلَ تَرْكِ المَعاصي)[١].

واتا: (عەلی کوڕی خەشڕەم) بە (وەکیعی کوڕی جەڕاحی) فەرمووو: من پیاوێکی تەمبەڵم و خوێندەوار نیم و ڕانەهاتووم لەسەر لەبەرکردن، چارەسەرێکم فێر بکە بۆ لەبەرکردن، وەکیع فەرمووی: ئەی کوڕی خۆم سوێند بەخوا هیچ چارەسەرێکم تاقی نەکردۆتەوە،باش بێت بە ئەندازەی وازهێنان لە تاوان.

وە مەرج نیە تەنها کاتێك لەسەرەتای وەرگرتنی زانست بیت، ئینجا لەسەرت زەحمەت بێت بەهۆی تاوانەوە،بەڵکو زۆرجار زانستێکی زۆریشت لایە و هەوڵت بۆی داوە،بە چەندین ساڵ و ماندوو بوونێکی زۆر تا فێری بوویت،بەڵام بەهۆی تاوانەوە ماندووبوون و هەوڵدانی چەندین ساڵت بەفیڕۆ دەڕوات پەنا بەخوا، بەڵکو هەندێ جار بەهۆی تاوانێکەوە بەشێکت لە دەست دەچێت،هەروەك پرسیار کرا لە (سوفیانی کوڕی عویەینە: ١٩٨هـ): ئایا بەندە زانست و زانیاری لێ وەردەگیرێتەوە بەهۆی گوناە و تاوانێك کە ئەنجامی دەدات و بەسەری دادێت؟ (سوفیان)فەرمووی: ئایا گوێت لەو وتەی خوای گەورە نەبووە، کە دەفەرمووێت: ﴿فَبِمَا نَقۡضِهِم مِّيثَٰقَهُمۡ لَعَنَّٰهُمۡ وَجَعَلۡنَا قُلُوبَهُمۡ قَٰسِيَةٗۖ يُحَرِّفُونَ ٱلۡكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ وَنَسُواْ حَظّٗا مِّمَّا ذُكِّرُواْ بِهِۦ...﴾ (المائدة:١٣).

واتا: ئینجا بەهۆی پەیمان شکاندنەکەیانەوە لەبەزەیی خۆمان و، لەهەق و ڕاستیی دوورمان خستنەوەو، دڵیانمان ڕەش کردو،هیچ ئامۆژگارییەکیان وەرنەدەگرت و وشەی پەیمانەکەی خوایان لەجێی خۆی گۆڕیبە وشەی تر،وە بەئارەزووی خۆیان هەقیشیان کردە ناهەق و، کەوتنە دوای هەواو ئارەزووی

(١) جزء فيه أخبار لحفظ القرآن: تخريج ابن عساكر- انتقاء: أبي عبد الله حداد، (٢٢٧).



خۆیان و، نەیانتوانی بەباشی لەپەیمانەکە تێبگەن و کەڵك وەرگرن،و بەشێکی زۆری ئەوەی ئامۆژگارییانی پێکرابوو، لەبیر خۆیانیان بردەوەو ڕەفتاریان پێنەکرد..

پاشان فەرمووی: ئەویش کەلامی خـوایە کە گەورەترین زانسـتە، وە گەورەترین شتێکە کە پێیان دراوە و تایبەتمەند کراون پێی و لەسەریان بووەتە بەڵگە و نیشانە[1].

بۆیە (ئیمامی شافیعی:٢٠٤هـ) فەرمووی:

شَكَوتُ إِلَى وَكِيعٍ سُوءَ حِفْظِي   فَأرْشَدَنِـي إِلَى تَرْكِ الـمَعَاصِـي
وَأَخْبَرَنِـي بِأَنَّ العِلْـمَ نُـــورٌ   وَنُـــورُ اللّهِ لَا يُهْدَى لِعَاصِـي[2]


واتا: (ئیمامی شافیعی) (خوا لێی ڕازی بێت) فەرمووی: چوومە لای (وەکیع)ی مامۆستام و گلەیی ئەوەم کرد کە لەبەرکردنم خراپ بووە، ئەویش ئامۆژگاری کردم بە وازهێنان لەتاوان، وە پێشی وتم کە زانست ڕووناکییە، ڕووناکی خوای گەورەش نابەخشرێت بە تاوانبار.

ئەمانە هەندێ لە فەرمایشتی زانایان بوون، لەسەر وازهێنان لە تاوان تا بتوانیت زانست بەدەست بهێنیت، یان ئەوەی بەدەستت هێناوە لە زانست بیپارێزیت.

بۆیە دوورکەوتنەوەت لەتاوان کار و کردەوەیە بەم قورئانەی کە لەبەرت کردووە، لەبەرئەوەی قورئان تەنها بۆ لەبەرکردن نیە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە کردەوەشی پێ بکەیت.

(١) جزء فيه أخبار لحفظ القرآن: تخريج ابن عساكر- انتقاء: أبي عبد الله حداد، (٢٢٧).

(٢) ديوان الشافعي- تحقيق: د. محمد عبد المنعم خفاجي، باب (العلم نور) ، (٨٨).



خـــوای گەورە لە سورەتی(الصف:٢) سەرزەنشـــتی ئەوانە دەكات كە ئـــامۆژگاری خەڵك دەكەن بە دووركەوتنەوە لە تـــاوان نەهی لەشتێك دەكەن، كەچی بۆخۆشیان ئەنجامی دەدەن، هەروەك دەفەرموویت:﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفۡعَلُونَ ﴾(الصف:٢).

واتا: ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە! بۆچی شتێ دەڵێن و ڕەفتاری پێ ناكەن؟.

بۆیە دووركەوتنەوە لە تاوان كارێكی داواكراوە، هەر بۆیە لەسەرەتادا خۆت دوور بگرە لە تاوان،ئینجا دەست بەم پڕۆژە پیرۆزەی تەمەنت بكە، واتا: (التَّخْلِيَةُ قَبْلَ التَّحْلِيَةِ)[١].


واتا: (خۆ پاككردنەوە لە تاوان پێش خۆڕازاندنەوە بە زانست).

٤- (بڕیاردان و خۆ یەكلا كردنەوە بۆ ئەنجامدانی ئەم پڕۆژە پیرۆزە وە پشتگوێ خستنی گشت ئەگەرەكانی سەرنەكەوتن)

یەكێك لەم شتە گرنگانەی كە سەركەوتوومان دەكات لە لەبەركردنی قورئانی پیرۆز، خۆ یەكلاكردنەوە و بڕیاردانە بۆ ئەنجامدانی ئەم كارە و بڵێی هەر دەبێت ئەنجامی بدەم.

وە لەبەركردنیش بكە كاری سەرەكی و پێش كارەكانی تری بخە، زۆربەی ئەوانەی سەرەتا بەجۆش و خرۆشەوە قورئان لەبەر دەكەن ، پاش ماوەیەك وازدێنن،ئەڵێن:كارێكم بۆ دروستبوو، یان مەجالم نیە،ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،لەبەركردنی قورئانیان نەكردۆتە كاری سەرەكی، بەڵكو لەكاتی دەست بەتاڵ بووندا دەستی پێكردووە، دواتر كارێكی بۆ هاتۆتە پێش و كاتە بەتاڵەكەی بەم كارە داوەو وازی لە لەبەركردنی قورئان هێناوە.

(١) تهذيب التفسير وتجريد التأويل، عبدالقادر بن شيبة الحمد،(٤٢-٤٣).



بۆیە دڵنیابە، بەم شێوەیە هەرگیز ناتوانیت قورئان لەبەر بکەیت، چونکە هەموو کات لە کاتە بەتاڵەکان هەندێ کار دێتە ڕێمان بەڵام دەبێت کارەکان دوا بخەین، نەك کرداری لەبەرکردنی قورئانەکە، ئەمەش بەوە دەبێت،کە بزانیت لەبەرکردنی قورئان لەکردەوە گەورەکانە و دەبیتە ئەهل و نزیکانی خوای گەورە، گەر وات کرد ئەوا گرنگترین کار دەبێت لات و ئەنجامی دەدەی.

وە نابێت شەیتان هیچ دوودڵییەکت بۆ دروست بکات، بەوەی قەناعەتت پێ بکات، کە بڵێی زۆرە و پێم لەبەر ناکرێت، یان ئەگەر لەبەریشم کرد، لەبیری دەکەم، یان تاوان دەکەم، بۆیە لەبەری ناکەم هتد... ئەم بیرکردنەوانە لە شەیتانەوەیە، بەڵکو مرۆڤ خاوەنی ئیرادە و هێزێکی زۆرە، خوای گەورەش موسڵمانی بەهێزی خۆشتر دەوێت لە موسڵمانی لاواز و بێهێز.

هەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((الْمُؤْمِنُ الْقَوِيُّ خَيْرٌ وأَحَبُّ إلى اللهِ مِنَ الْمُؤْمِنِ الضَّعِيفِ))[١].

واتا: ئیماندداری بەهێز باشترە و چاکترە لای خوای گەورە لە ئیمانداری لاواز و بێهێز.

بۆیە ئەگەر توشی ئەم دوودڵییانە بووی پەنا بەخوا بگرە و داوای یارمەتی لێ بکە، کە ئەم کارەت بۆ ئاسان بکات.

بۆیە بە دوعاکردن خوای گەورە کارەکانت بۆ ئاسان دەکات، بەمەرجێك خۆت یەکلا بکەوە و پشت بەخوا ببەستە و خۆت ئامادە بکە و بڵێ: هەر دەبێت ئەنجامی بدەم و قورئانی پیرۆز لەبەر بکەم.

(١) رواه مسلم: (٨/ ٥٦) ،كتاب: القدر، (٢٦٦٤).

٥- (لەبەرکردن لە منداڵی و تەمەنێکی بچوك وەك نەخشی سەر بەرد وایە)

یەکێك لە بەخششە هەرە گەورەکانی خوای گەورە بەسەر موسڵمانان ئەوەیە، کە هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە لە خزمەتی زانست بێت، بەتایبەت لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، کە ئەمە ڕێگای زانایانی پێشین بووە کە هەر لە تەمەنێکی بچووکەوە لەخزمەت زانست و لەبەرکردنی قورئان بوون، چونکە لەم تەمەنەدا بیر و هۆشی ڕوون و بێگەردترە، لە بیر و هۆشی گەورە بەهۆی نەبوونی بەرپرسیارێتی و کێشە و ئیش و کارەوە.

وتراوە کە (قتادة:١١٨هـ) فەرمویەتی: ((فَإِنَّ الحِفْظَ في الصِّغَر نَقْشٌ في حَجَـــرِ))[١].

واتا: لەبەرکردن لەمنداڵییەوە وەك نەخشی سەر بەرد وایە و لاناچێ.


هەروەها (ئەبو سەعیدی خودری:٧٤هـ) دەفەرمووێت: ((مَنْ قَرَأَ القُرآنَ قَبْلَ أَنْ يَحْتَلِمَ فَقَدْ أُوتِيَ الحُكْمَ صَبِيًّا))[٢]. واتا: هەرکەسێك پێش باڵغبوون قورئان

---

(١) الحث على حفظ العلم وذكر كبار الحفاظ: لأبي الفرج عبدالرحمن بن الجوزي، (٤٤)، ت: مروان العطية، دار الهجرة.

تێبینی: لە فەرموودەیەك دا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: ((حِفْظُ الغُلامِ الصَّغيرِ كَالنَّقْشِ في الحَجَرِ، وحِفْظُ الرَّجُلِ بَعْدَما يَكْبُرُ كَالكِتابِ عَلَى الماءِ)) رواه الديلمي في المسند الفردوس، (٢٧٣٥). بەڵام فەرموودەیەکی لاوازەو پشتی پێ نابەسترێ، وە (حەسەنی بەسریش)دەفەرمووێت : (العِلْمُ فِي الصِّغَرِ كالنَّقْشِ في الحَجَرِ) الآداب الشرعية والمنح المرعية:لابن قدامة المقديسي: (٢٤٤/١).

(٢) رواه البيهقي في الشعب- (٤٧٣/٢) ، (٢٣٨٢) - وأخرجه ابن أبي الشيبة في المصنف: (٣٠٦٧٣).



بخوێنێت و لەبەر بکات ئەوا خوای گەورە لەمنداڵییەوە زانست و ژیری پێ بەخشیوە.


بۆیە هەر کەسێك لە منداڵییەوە قورئان لەبەر بکات، ئەوا ئەم قورئانە تێکەڵ بە خوێن و گۆشتی دەبێت، لەبەرئەوەی لەسەرەتای تەمەنی لەبەری کردووە، کە عەقڵ و بیر و هۆش لە گەورەبوون دایە، قورئانیش لەدڵیدا جێگیر دەبێت،لەکاتی گەشەکردنی لاشە و مێشکی بەیەکەوە، بۆیە قورئان تێکەڵ بووە لەگەڵ خوێن و لاشەدا.

هەروەك (ئەبو هورەیرە:٥٧هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە دەفەرمووێت:((مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرْآنَ فِي شَبِيَتِهِ اخْتَلَطَ الْقُرْآنُ بِلَحْمِهِ وَدَمِهِ))[1].

واتا: هەرکەسێك لە منداڵییەوە فێری قورئان ببێت، ئەوا خوای گەورە لەگەڵ گۆشت و خوێنیدا تێکەڵی دەکات.

بۆیە لەبەرکردن لەم تەمەنە تایبەت نیە تەنها بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بەڵکو بۆ فێربوون و بەدەستهێنانی زانستیش ئەمە تەمەنێکی گونجاوە،بەتایبەتی لەبەرکردنی مەتن و بەیتە شیعرەکان و فەرموودەکان گونجاوترە، لەبەرئەوەی تێگەیشتن لە زانستەکانی تەفسیر و عەقیدە و شەرحی فەرموودە و نەحو و صەرف و هتد ... تۆزێ زەحمەتترە لەم تەمەنەدا، بەڵام لەتەمەنی (١٥)ساڵی و بەرەو سەرەوە دەتوانێت، وەك خۆی لەبابەتەکان تێ بگات و زۆر بەباشی لە مێشکی دا خەزنیان بکات.

(١) السنن الصغرى،أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي: (٣٣٥/١) ،كتاب:فضائل القران ،(٩٤٩).



هەروەك (عەلقەمەی کوڕی قەیسی نەخەعی:٦٢هـ)(خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت:(مَا حَفِظتُ وَأَنا شَابٌّ ، فَكَأَنِّي أَنظُرُ إليه فِي قرطاسٍ)[1].

واتا: (عەلقەمە) دەفەرمووێت: ئەوەی لە گەنجیدا لەبەرمکردبوو هەر وەك ئەوە بوو لەسەر پەڕ (وەرەقە) بیخوێنمەوە.

بۆیە شاعیر (أبو عبد الله نفطوية :٣٢٣هـ - إبراهيم بن محمد الأزدي) دەفەرمووێت:

مَا الحِلْمُ إلّا بِالتَّحَلُّمِ فِي الكِـــبَـرِ وَمَا العِلْمُ إلّا بِالتَعَلُّمِ فِـي الصِّغَــــرِ
وَلَوْ ثَقُبَ القَلْبُ الْمُعَلَّمُ فِي الصِّبَا لَأَلْفَيْتَ فِيهِ الْعِلْمَ كَالنَّقْشِ فِي الحَجَرِ[2]

واتا: نەرم و نیانی ئەوەیە، کە لە تەمەنێکی گەورەوە فێر ببیت، وە زانستیش ئەوەیە کە لە منداڵیەوە فێری ببیت، وە ئەگەر دڵی فێرکارێك کە هەر لە منداڵییەوە فێربووە کون بکەی، ئەوا ئەو زانستانە دەبینی، کەهەر وەك ئەوە وایە لەسەر بەرد نەخشێندرابێت.

هەروەها گونجاوترین تەمەن بۆ لەبەرکردنی قورئان بەزۆری لە تەمەنی (٣ بۆ ٥) ساڵی دەست پێ دەکات، لەسەرەتا دا دایك و باوکەکە دەتوانن دەست پێ بکەن و قوڕئان بە منداڵەکە لەبەربکەن، بەوەی لەکاتی یاریکردنی منداڵەکە تەسجیلێکی بۆ هەڵ بکەن و سوڕەتێکی کورت و ئاسانی بۆ دابنێن لەسەری، بەم شێوەیە منداڵەکە بەبێ ویستی خۆی گوێی لێ دەگرێ و دواتر زیاتر یارمەتی بدرێت و بۆی بخوێندرێتەوە و پرسیاری لێ بکرێت، بەم شێوەیە سوودی دەبێت بۆی و لەسەری ئاسان دەبێت.

---

(١) سير أعلام النبلاء : (٥٥/٤).

(٢) جامع بيان العلم وفضله: لابن عبد البر، (٣٦٤) ،(٥٠٢).


ئەم ڕێگایەش سەیر نیە و تاقیش کراوەتەوە و، تەنانەت جاری وا هەبوە منداڵەکە لە دایکیش نەبووە واتا: لە سکی دایکی بووە و دایکی زۆر گوێی لە قورئان گرتووە، بەم شێوە کاریگەری لەسەر منداڵەکە درووست کردووە، کاتێ منداڵەکە کەمێ گەورە بووە، بەڵام ئەمە زۆر کەم ڕوودەدات واتا: حاڵەتێکی دەگمەنە.

تێبینییەك: ئەگەر ئەمەت خوێندەوە، وتت من تەمەنم تێ پەڕیوە، ئاگادار بە نەڵێیت: ئەم هەلەم لەدەست چووە و تازە ناتوانم قورئان لەبەر بکەم، نەخێر بەڵکو مرۆڤ لەتوانای دایە لەهەموو تەمەنێك دا قورئان لەبەر بکات، بەمەرجێك بڕیار بدەیت، کە لەبەری بکەی و خۆتی بۆ ئامادە بکەی.

من لەماوەی (١٠) ساڵی تەجروبەی خۆم لە بنکەی قورئان دەیان کەسم بینیوە، کە لەسەرووی تەمەنی (٥٠) ساڵی بونە، کەچی هەموو قورئانیشیان لەبەر کردووە.

کۆتا جار مام حاجیەك لە تەمەنی (٦٥) ساڵی تەواوی قورئانی لەبەر کرد، تەنانەت بیرم دێت :کە کەسێك خوێندەواریشی نەبوو،تەنانەت توانای جیاکردنەوەی پیتەکانیشی نەبوو، بەڵام تەنها بە گوێگرتن و دووبارەکردنەوەی لەتەمەنێکی گەورە قورئانی لەبەرکرد.

هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە،کە بڕیاری دابوو قورئان لەبەر بکات و تەواوی هەوڵی خۆی دا و خوای گەورەش بۆی ئاسان کرد، کەواتا: بۆ ئێمە ئاسانترە و نابێت خۆمان لەم کارە پیرۆزە بێبەش بکەین.



٦-(دیاریکردنی هاوڕێیەك بۆ هاندان و پێشبڕکێ لەسەر لەبەرکردن)

باشترە بۆ کەسێك کە قورئان لەبەر دەکات،هاوڕێیەك دەست نیشان بکات لەکاتی لەبەرکردن، تاوەکو پێشبڕکێ بکەن و هانی یەکتر بدەن بۆ لەبەرکردن و یارمەتی یەکتریش بدەن بۆ دەورکردنەوەی بەشی لەبەرکراوە.

٧-(چوون بۆ بنکە و شوێنی لەبەرکردنی قورئان)

زۆر کات قوتابی لەبەرکاری قورئان ناتوانێت قورئان لەبەر بکات و بەردەوام بێت لەسەری، تەنها بە بەشداری کردن نەبێت لەگەڵ کەسانی تر، چونکە توانای بەردەوام بوونی نیە، بەهۆی ئەوەی هەندێ جار ناتوانێت خشتەیەکی ڕێك و پێك دابنێت بەهۆی سەرقاڵی بە کاری ڕۆژانە، یان بە هەر کارێکی تر، بەڵام ئەگەر لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابی وەك خۆی بێت باشتر دەتوانێت بەردەوام بێت،ئەگەر کەسێکیان سەرپەرشتییان بکات ئەوا لەبەرکردن و پێداچوونەوەشیان باشتر دەبێت، سوودێکی تری بنکە و بەکۆمەڵ لەبەرکردن ئەوەیە کەسانێکی پەیوەست بە قورئانەوە دەبنە هاوڕێت، هەروەها سوودێکی تریشی ئەوەیە کەوا بنکە ڕۆژانی تایبەت و دیاریکراوی بۆ دانراوە، کە قوتابی پەیوەست دەکات بەم کارەوە و کاتی بۆ تەرخان دەکات، جیاواز لەوەی کە خۆی لەماڵ کاتی بۆ دابنێت،کە زۆربەی کات بەهۆی درووستبوونی ئیش و کارەوە ناتوانێ لەبەرکردن یان دەورکردنەوە ئەنجام بدات لەم کاتەدا،بۆیە کاتەکە دەگۆڕێت بۆ کاتێکی تر، کە زۆربەی کات ساردبوونەوەی بەدوادا دێت، بەهۆی پابەندنەبوون بەو بەرنامەی کە دایناوە لە ماڵ یان شوێنێکی تر.

بۆیە ئەگەر تۆ یەکێکی لەو کەسانەی کە بە کۆمەڵ نەبێت ناتوانیت قورئان لەبەر بکەیت، ئەوا ئامۆژگاریت دەکەم،کە بچیت بۆ ئەو شوێنانەی کە بەکۆمەڵ قورئان لەبەر دەکەن؛ وەك: مزگەوت و بنکەکانی قورئان، چونکە وەك وتمان ئەم شوێنانە بەرنامەی تایبەتیان هەیە و کاتی لەبەرکردن و دەورکردنەوە و تاقیکردنەوەکان دیاریکراوە و وە سوودیش لە بۆنەکان وەردەگرن لەهەندێ کاتدا، بەتایبەت مانگی ڕەمەزانی پیرۆز کە هەندێ جار پێشبڕکێی تیادا ئەنجام دەدەن، کە قوتابی لەم کاتەدا زیاتر لەبەرکردن و دەورکردنەوەی تیادا ئەنجام دەدات، بەمەش سوودێکی زۆری بۆی دەبێت، بۆیە ئەم شوێنانە باشترن بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

٨- (پەیوەستبوون بە مامۆستایەکی قورئان لەبەر)

یەکێك لە تایبەت مەندییەکانی لەبەرکردنی قورئان بریتیە: لە هەبوونی مامۆستایەکی شارەزا تاوەکو لە هەڵە دوور بیت، چونکە فێربوونی قورئانی پیرۆز لەسەرەتادا پێویستە لای مامۆستا فێری بیت، چونکە قورئانی پیرۆز یاسای تایبەتی هەیە، وەك تەجوید، ئەگەر ئەو کەسەی قورئانی پیرۆز فێر دەبێت و لەبەری دەکات، عەرەبیش بێت، ناتوانێت بەبێ فێربوونی ئەم یاسایانە قورئان بەدرووستی بخوێنێت، بۆیە پێویستی بە مامۆستایەکی شارەزایە،ئەگەر نا تووشی هەڵەی زۆر دەبێت،یاخود کاتێك قوتابیەکە بەشە لەبەرکراوەکە بۆ مامۆستاکەی دەڵێتەوە ،ئەگەر بەهەڵە لەبەری کردبێت، مامۆستاکەی بۆی ڕاست دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بەتەنها خۆی دەوری کردباوە بۆ خۆی،هەستی بەم هەڵە نەدەکرد، دواتریش ڕاست کردنەوەی ئەستەم دەبوو، هەروەك زانایان دەفەرموون: (مَنْ كانَ شَيْخُهُ كِتابُهُ كانَ

خَطَؤُهُ أَكْثَرُ مِن صَوابِهِ)، واتا: (هەر کەسێك تەنها لەسەر کتاب خۆی فێر بێت بەبێ مامۆستا، ئەوا هەڵەی زیاتر دەبێت لە ڕاستەکەی).

ئەوە بۆ کەسێك کە عەرەب بێت نەتوانێت بەتەنها خۆی فێری قورئان بێت، ئەی چ جای بۆ کەسێك عەرەب نەبێت بێگومان هەڵەی زیاتر دەبێت.

وەسوودێکی تریش لە سوودەکانی دانیشتن لە خزمەت مامۆستا ئەوەیە، کە ئەو بەشەی پێتدراوە بۆ لەبەرکردن بۆ مامۆستا دەیڵێیتەوە، ئەوەش گرنگییەکی زۆر گەورەی هەیە لە پەروەردەی دەروونیدا.

(لوقمانی حەکیم) بە کوڕەکەی فەرموو:(ئەی کوڕی شیرینم بەکوێ گەیشتی لە ژیری و داناییەکەتدا؟) لەوەڵامدا وتی: (واز لەو کارانە دەهێنم کەسودیان نیە) (لَا أَتَكَلَّفُ مَا لَا يَعْنِينِي)، لوقمانیش وتی: (ئەی کوڕم شتێکی تر ماوە، لەبەردەم زانایان لەسەر ئەژنۆ دابنیشە، چونکە خوای گەورە ئەو دڵەی کە مردووە، زیندووی دەکاتەوە بە دانایی و ژیری، وەك چۆن زەوییەکی مردوو زیندوو دەکاتەوە بەبارانی بەخوڕ لە ئاسمانەوە)(١).

بۆیە هەبوونی مامۆستا بۆ قوتابی لای موسڵمانان شتێکی ناسراو بووە، هەروەك (قابسي- علي بن محمد:٤٠٣هـ) کەیەکێك بووە لە زانا مالیکیەکان دەڵێت: (وقدْ مَضى أمرُ المُسْلِمينَ أَنَّهُم يُعَلِّمُونَ أَوْلَادَهُمُ الْقُرآنَ، وَيَأْتُونَهُمْ بِالمُعَلِّمينَ)(٢).

واتا: (بێگومان لەناو موسڵمانان هەر ئاوا هاتووە، کە منداڵەکانیان فێری قورئان بکەن و بیان بەنە خزمەت مامۆستایان).

(١) جامع البيان العلم وفضله لابن عبد البر- (٧٧/١).

(٢) آداب المتعلم في الفكر التربوي الإسلامي- أحمد محمد فلاتة، (٩٧).

بۆیە (سلێمانی كوڕی موسا:١١٩هـ) دەفەرموویێت: **كان يقال: (لا تَأْخُذُوا القُرآنَ مِن مُصْحَفِيٍّ، ولا العِلْمَ من صُحُفِيٍّ)**[١].

واتا: قورئان وەرمەگرن لە كەسێك كە خۆی لەسەر قورئان فێربووە (بێ مامۆستا)، وە زانستیش لە كەسێك وەرمەگرن كە خۆی لەسەر كتاب (بێ مامۆستا) فێربووە، (أبو حيان الأندلسي-محمد بن يوسف الغرناطي:٧٤٥هـ) لەم دوو بەیتە شیعرە دەفەرموویێت:

مَنْ يَأْخُذِ العِلْمَ عَنْ شَيْخٍ مُشَافَهَةً ... يَكُنْ مِنَ الزَّيْغِ وَالتَّحْرِيفِ فِي حَرَمِ.

وَمَنْ يَكُنْ أَخْذًا لِلعِلْمِ عَنْ صُحُفٍ ... فَعِلْمُهُ عِنْدَ أَهْـلِ العِلْمِ كَالْعَدَمِ[٢].

واتا: هەركەسێك زانست دەماودەم لە مامۆستا وەربگرێت،ئەوا لە گومان و هەڵە پارێزراوە، هەر كەسێكیش زانست وەربگرێ تەنها لەسەر كتێب (بێ مامۆستا) ئەوا زانستەكەی لای زانایان وەك نەبوو وایە.

(سوودەكانی بوونی مامۆستای قورئان):

١- ئامۆژگاری دەكات و گەورەیی قورئانی لەناخی دا جێگیر دەكات.

٢- سۆز و بەزەیی بەرانبەر قوتابییەكە دەبێت.

٣- هانی دەدات بۆ لەبەركردن.


٤- پێداگرە لەسەر فێربوونی قوتابی و بەپێی توانای قوتابییەكە فێری دەكات.

٥- ڕاست كردنەوەی هەڵەی قوتابی لە تەجوید و لەبەركردن و هتد.. كاتێ هەڵە دەكات.

---

(١) شرح ما يقع في التصحيف والتحريف- أبو أحمد الحسن العسكري- (١٠).

(٢) نيل الإبتهاج بتطريز الديباج، أحمدبابا التنبكي، (٥٢٤).



٦- شیکردنەوەی ئایەتە لێکچووەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنی.

٧- چارەسەرکردنی ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕووی قوتابی دەبێتەوە.

* (چۆنیەتی و پێوەرەکانی دەستنیشان کردنی مامۆستای گونجاو)

بەشێوەیەکی گشتی چەند بنچینە و بنەمایەك هەیە بۆ دیاریکردنی مامۆستایەکی گونجاو، واتا: بۆ فێربوونی زانست بێت، یان بۆ لەبەرکردنی قورئان، کە پێویستە قوتابی ئاسوودە بێت لەلای و لەگەڵی بگونجێت، تاوەکو سوودی لێ ببینێت، چونکە ئەگەر مامۆستا زیرەك و لێهاتوو بوو، ئەوا کاتی زیاتر بۆ قوتابییەکە دەگەڕێتەوە، سوودی زانستی زیاتریش دەبینێ، هەروەها لەکاتی کێشە و ساردبوونەوەی قوتابەیەکە مامۆستاکە بۆی چارەسەر دەکات.

بۆیە گەڕان و بەدواداچوون و دۆزینەوەی مامۆستایەکی باش و زیرەك پێویستە و پێشینە چاکەکانیش زۆر گرنگیان بەم بابەتە داوە، هەروەك پێشەوا (محمد بن سیرین:١١٠هـ) دەفەرموویت: (كُنَّا إِذَا أَرَدْنَا أَنْ نَأْخُذَ عَنْ شَيْخٍ سَأَلْنَا عَنْ مَطْعَمِهِ وَمَشْرَبِهِ وَمَدْخَلِهِ وَمَخْرَجِهِ، فَإِنْ كَانَ عَلَى اسْتِوَاءٍ أَخَذْنَا عَنْهُ، وإلَّا لَمْ نَأْتِهِ)[١].

واتا: ئێمە کاتێك دەمانویست زانست لە مامۆستا وەربگرین، پرسیارمان لەهەموو شتێکی دەکرد تا بزانین باشە یان خراپ، تەنانەت پرسیارمان لە خواردن و خواردنەوە و چوون و هاتنیشی دەکرد، ئەگەر بمانزانیبا گونجاوە، زانستمان لێ وەر دەگرت، ئەگەر نا نەدەچووینە لای).

(١) الكامل في ضعفاء الرجال- لابن عدي، (١٦٣/١).

بۆیە پێویستە لە دەستنیشان کردنی مامۆستا پەلە نەکات، تاوەکو بەتەواوی بیری لێ نەکاتەوە.

(برهان الدين الزرنوجي: ٥٩١هـ) دەفەرمووێت: (اختار أبو حنيفة (رحمه الله) (حماد بن أبي سليمان) - رضي الله عنه- بعد التأمل والتفكر)[١].

(زەرنوجی) دەفەرمووێت (أبو حنیفەی کوڕی حەمادی کوڕی سلیمان بیری کردەوە ئینجا مامۆستای دەستنیشان کرد).

وقال: (الحكيم السمرقندى -أبو القاسم إسحاق بن محمد بن إسماعيل: ٣٤٢هـ) قال: (إِذَا ذَهَبْتَ إلى بُخَارَى؛ فَلا تعجل في الاخْتِلافِ إِلى الأَئِمَّةِ، وَامْكُثْ شَهْرَيْنِ؛ حَتَّى تَتَأَمَّلَ،وَتَخْتَارَ أُستَاذاً)[٢].


هەروەها دەفەرمووێت: (حکیم) لە ئامۆژگاری هەندێك لە فێرخوازانی زانستی شەرعیدا فەرمووی: ئەگەر ڕۆیشتی بۆ (بخاری) ئەوە لە ڕۆیشتندا بۆ لای زانایان پەلە مەکە، دوو مانگ بمێنەوە، تاوەکو بەتەواوی بیر ئەکەیتەوە و مامۆستایەك دەستنیشان دەکەیت.

بۆیە لەکاتی دەستنیشان کردنی مامۆستاش پێویستە چەند مەرجێکی تێدابێت لەوانە:

١- زانستێکی زۆری هەبێت و شارەزاییەکی باشی لە قوڕئان هەبێت،بەتەقوا و لەخواترس بێت.

(١) تعليم المتعلم في طريق التعليم-(برهان الدين زرنوجي)،(٤٨) فصل:في اختيار العلم والأستاذ- دار:ابن كثير.

(٢) تعليم المتعلم في طريق التعليم-(برهان الدين زرنوجي)،(٥١) فصل:في اختيار العلم والأستاذ- دار:ابن كثير.



٢- پێویستە بتوانێت ئەو زانیارییەی کە لایەتی بیگەیەنێت بە قوتابی.

٣- خاوەنی بیر و باوەڕێکی ڕاست و درروست بێت و عەلـمـانی و بێ دین نەبێت.

(محمد بن سيرين:١١٠هـ) دەفەرموویێت: (إِنَّ هَذا العِلْمَ دِينٌ فَانْظُرُوا عَمَّنْ تَأْخُذُوْنَ دِينَكُم)[١].

واتا: ئەم زانستە (ئایین) ە سەیربکەن بزانن ئاینەکەتان لەکێ وەر دەگرن.

٤- ئەگەر قورئان بە قوتابی لەبەر بکات،خۆی دەبێت قورئانی لەبەربێت، بەڕێگای لەبەرکردن تێ پەڕی بێت و ئاستەنگەکانی لەبەرکردن شارەزابێت، لەگەڵ چارەسەرەکەی،هەروەها شارەزا و وردەکار بێت لە تەجوید و خوێندنەوەی تا قوتابییەکە بە ماندووبوونێکی کەمتر سوودێکی زیاتر ببینێت، چونکە لە لەبەرکردن و خوێندنەوەش قوتابی دەتوانێت سوود لە شێوازی لەبەرکردنی مامۆستا و خوێندنەوە و فێربوونەکەشی ببینێت.

(١) تذكرة الجامع والمتكلم في آداب العالم والمتعلم- لابن جماعة ، (٨٥).

٩- (ڕاستکردنەوەی خوێندنەوە پێش لەبەرکردن)

یەکێك لەو کارانەی کە پێویستە لە کاتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز ئەنجامی بدەیت، بریتیە: لە ڕاستکردنەوەی خوێندنەوە لەپیت و (مخارج وصفات) و جوڵەکان لەبەرئەوەی ئەگەر بەهەڵە لەبەری بکەیت، ڕاستکردنەوەی ئەستەم دەبێت.

بەڵام بۆ خۆپارێزی لەم هەڵانە تەنها هەوڵ و کۆشش بێ سوودە،دەبێت مامۆستایەکی شارەزا یارمەتیت بدات و لای بخوێنیت، هەروەك چۆن هاوەڵان لەدەمی پێغەمبەرەوە وەریان گرت، بۆیە تۆش بەهەمان شێوە تا لە هەڵە دوور بیت، دەبێ پشت بە مامۆستا ببەستیت، بۆیە ئەگەر بەبێ مامۆستا فێری قورئان ببیت، توشی هەلەی زۆر دەبی وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:


(كَانَ حَمْزَةُ الزِّيات في صغر سنه يَتْلُو القُرْآنَ من مُصْحَف فَقَرَأَ يَوْماً وَأَبُوهُ يَسْمَعُ (الم ۞ ذَلِكَ الكِتَابُ لَا زَيتَ فِيهِ)، فَقَالَ أَبُوهُ: دَعِ الْمُصْحَفَ وَتلَقَّنَ مِن أَفْوَاهِ الرِّجَالِ)[١].

واتا: (حەمزەی زەییات: ١٥٦هـ) لەکاتی منداڵی قورئانی بۆ باوکی دەخوێند لەسەر قورئان، ڕۆژێك قورئانی خوێندەوە باوکیشی گوێی بۆ گرتبوو، ئایەتی (الم ۞ ذَلِكَ الكِتَابُ لَا زَيتَ فِيهِ)، بەم شێوەی خوێندەوە (لا زَيتَ فيهِ)[٢]، باوکیشی پێی وت: واز لە قورئانەکە بێنە و لە دەمی پیاوانی وەربگرە؛ واتا: کەسانی شارەزا.

---

(١) أخبار الحمقى والمغفلين- لابن الجوزي، (٧٧).

(٢) خۆی ڕاستەکەی بەم شێوەیە (لا رَيْبَ فِيه).



بۆیە بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵانە پێویستە قوتابی لای مامۆستا بخوێنێت، مەگەر دەستی نەکەوت ئەوکات دەتوانێت لە خەتمی قورئان بەدەنگ فێر ببێت، بەڵام بۆ ئاگاداری نابێت تەواو پشتی خۆی پێ ببەستێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی.

بەهەمان شێوە هاتووە کابرایەك بە کوڕەکەی خۆی وت ،کە قورئانی دەخوێند (في أي سورة أنت؟ قال: في (أُقسِمُ بِهَذَا البَلَدِ وَوَالِدِى بِلَا وَلَدٍ). فَقالَ أَبُوهُ: لَعُمرِي مَن كنتَ ابْنَهُ فَهُوَ بِلاَ وَلَدٍ)[1].

واتا: باوکی پێی وت: چ سوڕەتێك دەخوێنی؟ منداڵەکەش وتی: لە سوڕەتی: (أُقسِمُ بِهَذَا البَلَدِ وَوَالِدِي بِلاَ وَلَدٍ)[2].

باوکیشی پێی وت: تۆ کوڕی هەرکەسێك بیت ئەوا وەك بێ کور وایە).
کۆتا بەسەرهاتیش وەکو شتێکی خۆش(ئیبن جەوزی: ٥٩٧هـ) دەفەرموویێت:
(أن رجلا عالما دخل قرية من القرى فاستضافه إمام هذه القرية فقال له: عندي بعض الإشكالات في القرآن أريد أن أستشيرك فيها- وهو إمام الجماعة- فقال له العالم: تحدث، فقال: قوله تعالى (إياك نعبد وإياك ستين أم تسعين)، قال: وعلى أي حال فأنا أقرؤها (تسعين) أخذا بالاحتياط)[3].


واتا: (ئیبن جەوزی) لە کتابەکەی دەفەرموویێت: کە (پیاوێکی زانا سەردانی گوندێك لە گوندەکانی کردووە و پێش نوێژی گوندەکە میوانداری کردووە و پاشان بە زاناکەی وتووە: هەندێك کێشە و پرسیارم لە قورئانی

(١) أخبار الحمقى والمغفلين- لابن الجوزي، (٨١).
(٢) (وَوَالِدِي بِلاَ وَلَدٍ) واتا: باوکم بێ منداڵە، خۆی ڕاستەکەی بەم شێوەیە {وَوَالِدٍ وَمَا وَلَدَ}.
(٣) أخبار الحمقى والمغفلين- لابن الجوزي: (٨١).

پیرۆز هەیە و دەمەوێت پرسیار و ڕاوێژت پێ بکەم، کەخۆی پێشنوێژی مزگەوت بووە،- زاناکە پێی وت: قسە بکە،- ئیمامەکە وتی: (إياك نعبد وإياك - ئایا ستین یا تسعین) دەخوێنرێتەوە؟ وای زانیوە ئەوە ژمارەیە، (ستین) واتا (٦٠)، (تسعين) واتا (٩٠)، ئیمامەکە وتیشی: هەر کامێکیان بێت کێشە نیە،من لایەنە زۆرەکەم وەر گرتووە کە (٩٠) واتا (تسعين) واتا: ئیحتیاتم وەر گرتووە.

ئەم هەڵانەی کە باسمان کرد هۆکارەکەی ئەوەیە،کەسەکە خۆی فێری خوێندنەوەی قورئان بووە و نەچۆتە لای مامۆستا،هەرچەندە هەڵەکان پێش دانانی خاڵبەندی و جوڵەکانی (فەتحە و کەسرە و ضمە) بووە لەسەر پیتەکان.

بۆیە پێش لەبەرکردن پێویستە هەڵەکان ڕاست بکرێتەوە ئینجا لەبەر بکرێت.



١٠- (ئارامگری لەسەر لەبەرکردنی قورئان و ناخۆشییەکانی لەبەرکردن)

ڕێگای لەبەرکردنی قورئان درێژە و پێویستی بە کاتێکی زۆرە، ئەگەر قورئانیش لەبەر بکەیت، ئەوا پێویستت بە دەورکردنەوەیە بەدرێژایی تەمەن تا لەبیری نەکەی و بەردەوام لەگەڵ قورئان بژیت، بۆیە ئەم ڕێگایە پێویستی بە سەبر و ئارامگرتنێکی زۆرە.

تەنانەت دابەزینی قورئان لەماوەی (٢٣) ساڵ دابەزیوە کە کاتێکی زۆرە، بەڵام بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەبەر بکرێت و لە ئەحکامەکانی تێبگەن و کاریشی پێ بکەن، بۆیە بەم ماوە زۆرە دابەزیوە، وە تا لەسەریشیان ئاسان بێت.


بۆیە لەبەرکاری قورئان پێویستە ئارامگر بێت و پەلەش نەکات، بۆیە هەندێك جار کەسانێك دەبینین و گوێمان لێ دەبێت، کە لەماوەیەکی کەم توانیویەتی قورئان لەبەر بکات، کە هەندێ جار گەیشتۆتە (١٥) پانزە ڕۆژ و هەندێ جار مانگێك، کە بەڕاستی من بەباشی نازانم، لەبەرئەوەی یەکەم جار کە قورئان لەبەر دەکەیت، پێویستە بەهێواشی و زۆر بەجوانی لەبەر بکەیت، چونکە یەکەم لەبەرکردنی قورئان ئەگەر باش بوو، دواتر بۆ پێداچوونەوە (المراجعة) کەمتر ماندوو دەبی،تەنانەت ئەگەر ماوەیەکی زۆریش پێیدا نەچوویەوە،بە جارێك خوێندنەوە دووبارە دێتەوە بیرت، بەڵام ئەگەر بەپەلە و باشت لەبەر نەکرد، ئەوا کە دەور دەکەیەوە،لە جاری یەکەم زۆر ماندووتر دەبیت، بۆیە پێویست بە پەلەکردن ناکات و دەبێت لەسەرخۆ بیت، بەشێوەیەك حەق و کاتی پێویستی لەبەرکردنی تیادا نەفەوتێ، بەتایبەت بۆ ئەو شوێنانەی کە ئایەتی لێکچووی زۆرە، کە دواتر باسی چەند کتابێك دەکەین، لە ئایەتە لێکچووەکان (المتشابهات).


بۆیە (مسعود عبد الرحیم الحاجي: ٥٦٦هـ) دەفەرمووێت: سمعت (ابن طاهر- محمد بن طاهر المقدسی:٥٠٧هـ) یقول: بلدت الدم في طلب الحديث مرتين)[١].

(مەسعود عبدالرحیم حاجی) دەفەرمووێت: گوێم لە (ابن طــاهر) بوو فەرمووی: لەپێناو وەرگرتنی فەرموودە دووجار خوێنم لێ ڕۆیشتووە.

لەم فەرمایشتەشەوە بۆمان دەردەکەوێت کە زانایان چەند ئارامگر بوون لەسەر ئازارو ناخۆشیەکانی فێربوونی زانست و فەرموودە.

(١) سیر أعلام النبلاء، (٣٦٣/١٩).





بەشی سێیەم
(چەند بنچینەیەك بۆ لەبەركردنی قورئان)

١- (دانانی خشتەو و بەرنامەیەكی تۆكمە و بەهێز بۆ لەبەركردن)

پێویستە لەسەر ئەو كەسەی كە نیازی لەبەركردنی قورئانی هەیە، پرۆگرامێكی بەهێز دابنێت، كە دیاری بكات (چەند لەبەر بكات و چۆن و لە هەفتەیەك دا چەند رۆژ و چ كاتێك لەبەر بكات و لەكوێ لەبەر بكات)، ئەگەر ئەم شتانەی دیاری كرد، سەرەتای كرداری لەبەركردنەكەی بەباشی ئەنجام داوە، بە مەرجێك زۆر پێداگر بێت لەسەر ئەو كات و رۆژەی دیاری كردووە، نەیدات بە هیچ كارێكی تر مەگەر زۆر پێویست بێت.

٢- (پابەندبوون و دەستگرتن بەو بەرنامەی كە داتڕشتووە)

هەروەك لە پێشتردا باسمان كرد،پێویستە ئەو كەسەی قورئان لەبەر دەكات بەرنامەیەكی تۆكمە و بەهێزی بۆ دابنێت، لەبەرئەوەی ئەم پرۆژەیە كە لەبەركردنی قورئـــانی پیرۆزە، پێویستی بە كاتێكی زۆرە كە بێ بەرنامەڕێژی سەركەوتوو نابێت.

هەروەها لەوەش گرنگتر، پابەندبوونە بەم بەرنامە و جێبەجێ كردنیەتی وەك خۆی بێ دواخستنی كارەكە (لەبەركردنەكە)بۆ كاتێكی تر و رۆژێكی تر،ئەمەش بەنسبەت یەكەم لەبەركردن كە لەسەرەتا بۆ یەكەم جار دەست بە لەبەركردنی قورئانی پیرۆز دەكات، واتا نابێت هەر بڵێت ئەمڕۆ نا سبەی دەست پێدەكەم، كاتێكیش بەرنامەت دانا، یەكێك لە خاڵەكانی بەرنامەكە

ئەوەیە کە بەشێك دیاری بکەیت بۆ لەبەرکردن لە ڕۆژێکی دیاریکراو دا ، نابێت زۆر بخرێتە ڕۆژی دواتر، واتا: بڵێی ئەمڕۆ نا بەیانی (بەبیانووی ئەوەی کە کارم هەیە) بەم شێوەیە هەر دوا بخرێت، تا ئەو بەرنامەیەی کە داتڕێشتووە لێت تێك دەچێت.

٣- (دیاری کردنی کاتێکی گونجاو یارمەتیدەرە بۆ لەبەرکردنێکی باش)

یەکێکی تر لەو خاڵانەی کە یارمەتیدەرە بۆ لەبەرکردن بریتیە لە دیاریکردنی کاتێکی گونجاو وە ئەم کاتەش نەگۆڕدرێت، بۆیە ئەم کاتەی کە بۆ لەبەرکردن دیاری دەکرێت ، پێویستە ئارام و بێ دەنگە دەنگ بێت و کەسەکەش مێشکی ئارام بێت، بۆیە نابێت لەکاتێك لەبەر بکات،کە خەم و خەفەت و کێشەی هەبێت، یان دەنگە دەنگ هەبێت،بەڵکو دەبێت بێدەنگ و ئارام بێت.

بۆیە باشترین کات بۆ لەبەرکردن چەند کاتێکە لەوانە:

أ/ (پێش بانگی بەیانی – پارشێو) واتا (سَحَرْ):

پێش بانگی بەیانی (سَحَرْ) باشترین و ئارامترین کاتە بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، چونکە لەم کاتەدا دڵەکان ئارام و بێگەرد و بەتاڵن لەسەرقاڵی و کێشەی ڕۆژانە، هەروەها مێشکیش لەم کاتەدا ئارام و سافە چونکە دوای خەو هیچ ماندووبوون و غەمێکی نیە و ئیسراحەتی کردووە.

قِیلَ لـ(حَمّادِ بن زَیْدٍ:١٧٩هـ): (ما أَعْوَنُ الأَشْیاءِ عَلَى الحِفْظِ؟ قالَ: قِلَّةُ الغَمِّ)[١].

(١) جامع بیان العلم وفضله- لابن عبد البر،(٢ /١٠٩٠)، دار ابن الجوزي.

واتا: پرسیار کرا لە (حەمادی کوڕی زەید): یارمەتی دەرترین شت چیە بۆ لەبەرکردن؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: کەمی خەم و خەفەت.

بۆیە زانایان ئەم کاتەیان بەفیڕۆ نەداوە، بەڵکو لەم کاتەدا سەرقاڵی نووسین و فێربوون بوونە، چونکە زانایان شەویان کردۆتە (سێ) بەش بەشێکی بۆ نووستن و بەشێکی بۆ خوداپەرستی و بەشی سێیەمی بۆ نووسین و خوێندنەوە بووە.

وقالَ (ابنُ جَماعَةَ – محمد بن إبراهيم بن سعد الله بن جماعة:٧٣٣هـ): (أَجْوَدُ الأوْقات للحفْظ الأَسْحارُ، ولِلبَحْثِ الأَبْكارُ، ولِلكِتابَةِ وَسَطُ النَّهارُ، ولِلمُطالَعَةِ وَالمُذاكَرَةِ اللَّيْلُ)[١].

واتا: چاکترین کات بۆ لەبەرکردن کاتی پارشێوە، وە بۆ گەڕانیش بەدوای رزق و ڕۆزی بەیانیان زووە بۆ نووسینیش ناوەڕاستی ڕۆژە، وە بۆ خوێندنەوە و دەور کردنیش شەوانە.

(وقيلَ لِبَعْضهم: بِمَ أَدْرَكْتَ العِلْمَ؟ قالَ: بالمِصْباح وَالجُلُوسِ إلى الصَّباحِ. وقالَ الآخَرُ: بِالسَّفَرِ وَالسَّهَرِ، والبُكورُ في السُّحورِ)[٢].

واتا: بە هەندێ لە زانایانیان وت: بە چ گەیشتیت بەم زانستە؟ وتی: بەمۆم و چرا و دانیشتن تا بەیانی، یەکێکی تریش وتی: بەسەفەر و شەونخونی و زوو هەڵسان لەخەو لەپارشێو.

(١) تذكرة السامع والمتكلم في العلم والمتعلم، (٧٢).

(٢) الفقه والمتفقه، للخطيب البغدادي (١٠٣/٢).

وە لە (ئیسماعیلی كوڕی ئەبو ئوەیسەوە:٢٢٦هـ) (خوا لێی رازی بێت) فەرموویەتی:

(إذا هَمَمْتَ أنْ تَحْفَظَ شَيْئًا فَنَمْ، وقُمْ عِنْدَ السَّحَرِ فَأَسْرِجْ وانْظُرْ فِيهِ، فَإِنَّكَ لا تَنْساهُ بَعْدُ إنْ شاءَ اللهُ)[١].


واتا:ئەگەر ویستت نووسراوێك لەبەر بكەیت، ئەوا بخەوە و لەكاتی پارشێو هەڵسە و چراكە داگیرسێنە و بەوردی سەیری نووسراوەكە بكە،پاش ئەمە بەویستی خوا هەرگیز بیرت ناچێتەوە.

ب/ كاتی دووەم: (بەرە بەیان: دوای نوێژی بەیانی): دوای نوێژی بەیانی تاقی كراوەتەوە، كە یەكێكە لە كاتە باش و ئارامەكان بۆ لەبەركردن،زانستی ئێستاش ئەوەی دۆزیوەتەوە، كە باشترین كات بۆ پێدانی چالاكی بە مێشكی مرۆڤ بەرەبەیانێكی زووە، لەبەرئەوەی لەم كاتەدا گازی ئۆزۆن (O_3) لە چینەكانی خوارەوەیە لەسەر زەوی و زۆر بە سودە بۆ دەماغ، خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿وَٱلصُّبۡحِ إِذَا تَنَفَّسَ﴾(التكوير: ١٨)، واتا: سوێند بە سپێدەی بەرەبەیان كاتێ ڕووناكی خۆی دەردەخات و جیهان بە دەم هەموو شتێكەوە پێدەكەنێ.

هەروەها پێغەمبەریش ﷺ فەرموویەتی:(اللهــمَّ بارِكْ لأُمَّــتِي فــي بُكورِها)[٢]. واتا: خوای گەورە پیت و بەرەكەت بخە ئیش و كاری ئومەتەكەم لە بەیانی زوودا.

(١) الجامع في الحث على حفظ العلم، (١٧٧).


(٢) رواه أبو داود، (٥٧/٣) ، كتاب الجهاد، باب: في الابتكار في السفر (٢٦٠٦).



ج/ کاتی سێیەم: (دوای نوێژی عیشا) (پێش نووستن): ئەمەش یەکێکی ترە لەو کاتانەی کە یارمەتیدەرە بۆلەبەرکردن، لەبەرئەوەی لەکاتی نووستن ژێری ناوەوەی مێشك بەئاگایە و ئەو شتانەی کە ڕۆژانە بینیوتە، یان خوێندووتۆتەوە، یان لەبەرت کردووە، لێك دەداتەوە و هەندێ کات لەمێشکی خۆی دەیهێڵێتەوە، بۆیە ئەو شتەی تۆ لەبەری دەکەیت پێش خەو، پاشان لەسەری دەخەویت،ژێری ناوەوە خەزنی دەکات و هەڵدەستێ بە شیکردنەوە و پاشان جێگیرکردنی لەبیر و هۆش.

د/ کاتی چوارەم: چەند کاتێکی تریش هەن جگە لەم کاتانەی کە باس کران گونجاون بۆ لەبەرکردن،یان کاتێك کە خۆت پێت گونجاوە و پێت دەکرێت و دەتوانی لەم کاتەدا لەبەر بکەیت،ئەگەر نەت توانی لەم کاتانەی کە پێشتر باسمان کرد لەبەر بکەیت، ئەوا دەتوانی لەکاتێکی تر لەبەری بکەیت، بەتایبەتیش نێوان بانگی مەغریب و عیشا کە بەندەش لەم کاتەدا لەبەرم دەکرد واتە لە نێوان بانگی مەغریب و عیشا و کاتێکی زۆرگونجاوە،چونکە کاتێکە دەستت بەتاڵە و کاتێکی وات لێ ناگرێت، لەبەرئەوەی هەر کارێکت هەبێت، بەزۆری لەم کاتەدا دەست هەڵدەگریت و مەجالت دەبێت، وە ئەگەر لە مزگەوتیش لەبەر بکەی جەوێکی ئارامیشی دەبێت و سوودی زۆریشی دەبێت بەپشتیوانی خوا.

تێبینی: کاتەکانی لەبەرکردن لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە، بۆیە هەر کەسێك لە چ کاتێکدا دەتوانێت باشترین لەبەرکردن ئەنجام بدا با لەو کاتەدا لەبەر بکات.



٤- (دەستنیشانکردنی شوێنێکی شیاو بۆ لەبەرکردن)

دیاریکردنی شوێنێك بۆ لەبەرکردن کاریگەرییەکی زۆرتری هەیە بۆ لەبەرکردن،بۆیە لەبەرکردن لەشوێنێکی گونجاو باشترە، وەك لەشوێنێکی تری نەگونجاو.

*** شوێنی گونجــاو بۆ لەبــەرکردن لە چەند مەرجێك دا خـــۆی دەبینێتەوە، کە ئەمانەن:**


مەرجی یەکەم: هێمنی و تیشك و ڕووناکییەکی مامناوەند: کە دوور بێت لە ژاوە ژاو و تیشکی بەهێز، چونکە ئەمانە وریاکەرەوەن و ژیری لە لەبەرکردن سەرقاڵ دەکەن.

مەرجی دووەم: هەوایەکی پاك و گۆڕاوی هەبێت: کە زیندووکەرەوەی ژیری و لاشەن و چالاکیان دەکات.

مەرجی سێیەم: شوێنەکە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی هەبێت و دووربێت لە سەرقاڵی و دیمەن و نەخش و نیگار تاوەکو فکر و بیری ئینسان تێك نەدات و سەرقاڵی نەکات، وە هەرچەندە ئەو جێگایە تەنگ و چوار لا گیراو بێت بەمەرجێك شوێنی هەواگۆڕکێی هەبێت باشترە لەم شوێنەی کە فراوان و دارستان و باخی تێدایە، یان نەخش و نیگاری هەیە، چونکە چاوەکان دەکەونە سەریان و بەهۆیەوە بیر و هۆش پەرش و بڵاو دەبێت.

قالَ (الخَطيبُ البَغْداديُّ): (اعْلَمْ أنَّ للحفْظ أَماكنَ يَنْبَغي للمُتَحَفِّظ أنْ يَلْزمَها، وأَجْوَدُ أَماكِنَ الحِفْظِ الغُرَفُ دونَ السُّفْلِ، وكُلُّ مَوْضعٍ بَعيدٌ مِمّا يُلْهِي وخَلا القَلْبُ)[١].

(١) الفقيه والمتفقه: (١٠٣/٢).



واتا: بزانە چەند شوێنێك بۆ لەبەركردن هەن، پێویستە ئەو کەسەی قورئان لەبەر دەکات، پابەندبێت پێوەیانەوە، باشترین جێگاش بۆ لەبەرکردن ژوورە لەقاتی سەرەوە، وە هەموو شوێنێکیش کە دوور بێت لەو شتانەی کە مێشك و چاو سەرقاڵ دەکات،(وەك سەر دەریا یان سەرجادە و شەقام یا باخ و باخات کە مێشك و دڵ سەرقاڵ دەکەن).

قالَ (ابنُ الجَوْزِيِّ): (ولا يَنْبَغِي أنْ يَتَحَفَّظَ على شاطِئِ البَحْرِ، ولا بِحَضْرَةِ خُضْرَةٍ لِئلّا يَشْتَغِلَ القَلْبُ)[١].

هەروەها (ابن الجوزي)ش دەفەرمووێت: نابێت کەسێك کە قورئان لەبەر بکات لە قەراغ دەریا بێت، وە نابێت لەپێشی سەوزە و میوە هەبێت، تاوەکو دڵی سەرقاڵ نەبێت.

بۆیە ئەو جێگایانەی کە باسمان کردن بۆ لەبەرکردن نابێت بەڵام بۆ خوێندنەوەیەکی ئاسایی دەگونجێت و کێشەی نیە، وەك چیرۆك و مێژوو و ... هتد.


وە باشترین شوێنیش بۆ لەبەرکردن بریتیە: لە مزگەوت، چونکە مرۆڤ لە مزگەوتدا لە سێ شت وریا دەبێت:

١- چاو: چونکە هیچ شتێکی حەرام نابینێت.

٢- گوێ: گوێی لە هیچ شتێکی خراپ نابێت.

٣- زمان: زمانیش پارێزراو دەبێت لە قسەی خراپ و باسکردنی خەڵك، ئەگەر ئەم سێ شتە پاریزراو بوون، ئەوا کاری لەبەرکردنەکە ئاسانتر دەکات.

(١) الحث على حفظ العلم وذكر كبار الحفاظ - لابن الجوزي،(٢٥٥).



هەروەها ئەمەش کە بەم بنچینەوە بەندە، لەبەرکردن بە ڕۆیشتنەوەیە لەبەر ئەوەی هاتوچۆ یارمەتیدەرە بۆ گورجی ئەندامەکان ئەگەر تووشی سستی بن، هەروەها هاتوچۆ بۆ پێداچوونەوە (المراجعة) باشتریشە.


خاڵێکی تریش؛ کە بەهەمان شێوە سوودی دەبێت بریتیە: لە تایبەتمەندکردنی سوڕەتەکان بە شوێنەکان، بۆ نموونە: ژووری کتێبخانەکەت بۆ سوڕەتی (الإسراء) دابنێ، وە مزگەوتیش بۆ سوڕەتێکی تر بەم شێوەیە، چونکە ئەو شوێنە یارمەتیدەرە بۆ بیرهاتنەوەی سوڕەتەکان و لێت تێك ناچێت، لەبەرئەوەی زۆرت لەم شوێنە لەبەر نەکردووە.

بۆیە: (عبد الله کوڕی مسعود:٣٢هـ) فەرمووی: (واللهِ الَّذي لا إلهَ غَيْرُهُ، ما أُنزِلَتْ سُورَةٌ مِن كتابِ اللهِ إلّا أنا أَعْلَمُ أَيْنَ نَزَلَتْ ...)[١].

واتا: (عـــبداللەی کـــوڕی مەسعـــود) فەرمووی: ســـوێند بەوەی هیچ پەرستراوێکی بەحەق نیە جگە لە ئەو)، هیچ سوڕەتێك لەقوڕئان دانەبەزیوە، مەگەر دەزانم لەکوێ دابەزیوە.

وە ئەو شوێنانەشی کە قوڕئانی تیادا دابەزی جیاواز بوون، هەندێکی لە مەککە و هەندێك لە مەدینە و هەندێکی لەسەر شاخ و هەندێك لە ماڵی (عائیشە) (خوا لێی ڕازی بێت) کە ئەمەش کاریگەری لەسەر لەبەرکردن و مانەوەی هەیە.

(١) رواه البخاري،(٦/ ١٨٧)، كتاب:فضال القرآن،باب:القراء من أصحاب النبيﷺ (٥٠٠٢).



٥- (لەبەرکردن لەسەر یەك چاپ)ی قورئان

دیاریکردنی چاپێکی قورئان یارمەتیدەرە بۆ خەزنکردنی لاپەڕە و شوێنی دیاریکردنی ئایەتەکان، چونکە قورئان چەندان جۆر چاپی هەیە، کە ئەگەر لەسەر چاپێك لەبەرت کرد، دواتر لە جۆرێکی تر کە شوێنی ئایەتەکان گۆڕا، یان جۆری نووسینەکە، ئەوا ناتوانی شوێنی ئایەتەکان دەستنیشان بکەیت، چونکە کاتێك قورئان لەبەر دەکەیت، لە ئاوێنەی بیر و هۆشتدا وێنە و شوێنی ئایەتەکان خەزن دەکات و وەك شاشە لەبەرچاوت دەبێت، ئەگەر نا گۆڕینی چاپەکە سەرەنجام شوێن و وێنەی ئایەتەکان لەبیر و هۆشدا دەشێوێنێت و جێگیر نابێت.

بۆیە باشترین چاپ (ملك فهد)ە ، کە پێی ئەڵێن: (مصحف الحفاظ) یان (مصحف المدینة) لەبەرئەوەی جیادەکرێتەوە بەوەی:

١- ڕوونی و جوانی خەتەکەی و دێڕەکانی.

٢- لاپەڕەکان بەئایەت دەست پێ دەکات و بە ئایەت کۆتایی دێت.

٣- بەربڵاوی ئەم جۆرە چاپە لە هەموو وڵاتەکان.

٤- وە چەندان جۆر و شێوازی هەیە لە گەورە و بچووك مامناوەند.

تێبینی: وا باشترە کەسی قورئان لەبەر کەر (٣ - ٤) قورئانی هەبێت، یەکیان بۆ شوێنی کار، یەکیان لەماڵ و دانەیەکی تر لای خۆی بێت لەگیرفانیدا، بۆ ئەوەی لە هەر کام لەم(٣) شوێنانە بوو قورئانەکەی لابێت.

٦- (تێپەڕنەبوون لەسەر بەشی لەبەرکراو تا بەتەواوی وبە جوانی لەبەری دەکەیت)

واتا: پەلە نەکەیت لەکاتی لەبەرکردن تا ئەو بەشەی دیاریت کردووە بەجوانی و ڕێکی لەبەری دەکەیت،چونکە ئەگەر قوتابی بەشی دیاریکراوی بەباشی لەبەر نەکرد، ئەوا بەتێپەڕبوونی کات تووشی ساردبوونەوە و وازهێنان دەبێت، لەبەرئەوەی هەر لەبەری کردووە، بەڵام بەباشی لەبەری نەکردووە، بۆیە کۆبۆتەوە لەسەری و توانای پێداچوونەوەی نابێت،بەڵام ئەگەر بەجوانی لەبەری کرد، ئەوا پێداچوونەوەشی ئاسانترە، بەتایبەت یەکەم لەبەرکردن زۆر گرنگە، ئەگەر بەباشی لەبەرت کرد، ئەوا ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دەوری نەکەیەوە هەر بەباشی لەبیرت دەمێنێت، بەمەرجێك لەدوای لەبەرکردنەکە پێشووتر لەمێشك جوان جێگیرت کردبێت ، ئەو کات بەدەورکردنەوەیەکی کەم و ماندووبوونێکی کەم و کاتێکی کەم بەئاسانی دەوری دەکەیەوە.

بۆیە نابێت پەلە بکرێت لە لەبەرکردنی شوێنێکی تر تا ئەو بەشە تازەیەی لەبەرتکردووە زۆر بەجوانی لەمێشکدا جێگیر دەبێت، بۆیە هەروەك چۆن پێویستە بەهێواشی لەبەربکەین، بەهەمان شێوەش دەبێت ئەوەندە لەبەربکەین، کە توانای لەبەرکردنیمان هەیە،نەوەك زیاتر لە توانای خۆمان لەبەربکەین، کە دووبارە ببێتە هۆی کێشە و ساردبوونەوەمان، ئەوەتا خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿وَقَالَ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوۡلَا نُزِّلَ عَلَيۡهِ ٱلۡقُرۡءَانُ جُمۡلَةٗ وَٰحِدَةٗۚ كَذَٰلِكَ لِنُثَبِّتَ بِهِۦ فُؤَادَكَۖ وَرَتَّلۡنَٰهُ تَرۡتِيلٗا﴾ (الفرقان: ٣٢).

واتا: خوانەناس و بێباوەڕان وتیان: بۆچی قورئانی بەیەك جار بۆ نایەت، (هەروەك تەوڕات و ئینجیل تێکرا بۆ پێغەمبەر موسا و عیسا (عليهما السلام)

هاتن، هەر بەم جۆرە و بەینا و بەین و کەم کەم و لەماوەی (٢٣) ساڵدا ئەم قورئانەمان بۆت نارد تا دڵی تۆی زیاتر پێ بەهێز و قایم بکەین.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَقُرۡءَانًا فَرَقۡنَٰهُ لِتَقۡرَأَهُۥ عَلَى ٱلنَّاسِ عَلَىٰ مُكۡثٍ﴾ (الإسراء: ١٠٦).

واتا: ئەو قورئانەشمان بەش بەش بۆ ناردوی، هەتا بەرە بەرەو بەشێنەیی و لەسەرخۆ بۆخەڵکی بخوێنیتەوە.


(الخطيب البغدادي-أحمد بن علي بن ثابت:٤٦٣هـ) دەفەرموێت: (وينْبَغي لَهُ أنْ يَثْبُتَ في الأَخْذِ ولا يكْثِرَ، بَلْ يَأْخُذَ قَليلاً قَليلاً حَسَبَ ما يَحْتَمِلُهُ حِفْظُهُ ويُقَرِّبُ مِن فَهْمِهِ ...)[١].

واتا: (خەتیبی بەغدادی) دەفەرموێت: پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە فێر دەبێت و شت لەبەر دەکات، ئەوەی وەری دەگرێت و لەبەری دەکات بەباشی لەبەری بکات و وەری بگرێت، زۆر وەر نەگرێت لەسەرووی توانای خۆی، بەڵکو کەم کەم وەری بگرێت،بەشێوەیەك پێی لەبەر بکرێت و لەتوانایدا هەبێت لەبەری بکات و لێی تێ بگات.

هەروەها (یونس بن یزید:١٥٩هـ) ئەڵێت: (ابن شهاب الزهري:١٢٤هـ) پێی وتم: (يا يُونُسُ، لا تُكابِرِ العِلْمَ، فإنَّ العِلْمَ أَوْدِيَةٌ، فَأَيُّها أَخَذْتَ فيه قُطِعَ بِكَ قَبْلَ أنْ تَبْلُغَهُ، ولكنْ خُذْهُ مَعَ الأَيّامِ وَاللَّيالي،ولا تَأْخُذِ العِلْمَ جُمْلَةً، فإنَّ مَنْ رامَ أَخْذَهُ جُمْلَةً ذَهَبَ عَنْهُ جُمْلَةً، ولكِنِ الشَّيْءَ بَعْدَ الشَّيْءِ مَعَ الأَيّامِ وَاللَّيالِي)[٢].

(١) الفقيه والمتفقه: (١٠١/٢).

(٢) جامع بيان العلم وفضله ، (١٠٤/١).



واتا: (یونس) فەرمووی: (ئیبن شیهاب) پێی وتم: ئەی (یونس) نەکەی ململانێ لەگەڵ زانست بکەیت، چونکە زانست چەند دۆڵێکە لە کامەیان زانست وەربگریت، ئەوە تۆ دەبڕێ پێش ئەوەی تۆ ئەو ببڕیت، بۆیە لەگەڵ تێپەڕبوونی شەو و ڕۆژ زانست وەربگرە، وە نەکەی هەمووی بەیەکەوە وەربگریت، چونکە بەڕاستی هەر کەسێك تێکڕا وەری بگرێ، هەمووشی تێکڕا لێ دەڕوات، بەڵام شت دوای شت و لەگەڵ تێپەڕبوونی شەو و ڕۆژ وەری بگرە.

بۆیە دیاریکردنی بەشی پێویست بۆ لەبەرکردن زۆر گرنگە و دەبێت ڕەچاوی دوو شێوازی تیا دا بکرێت کە ئەمانەن:

شێوازی یەکەم: هەندێ ئایەت یان سوڕەت لە قوڕئاندا زەحمەتتر لەبەر دەکرێت لە هەندێکی تر، بۆیە لەکاتی لەبەرکردنی ئەم ئایەتانە وا باشە کەمتر لەبەر بکرێت تا جێگیر بێت، بەڵام لەکاتی گەیشتن بە ئاسانەکان دەتوانرێت زیاتر لەبەر بکرێت.

شێوازی دووەم: لەبەرکردنی قوڕئان لەکاتی لەبەرکردنی بە دوو حاڵەتدا تێ دەپەڕێ:

١- حاڵەتی (قبض): بریتیە لە زەحمەتی لە لەبەرکردندا واتا ناتوانێت ئەو مقدارە لەبەر بکات کە پێشتر لەبەری دەکرد، چارەسەریش ئەوەیە، کە بۆ ماوەیەکی کاتی واز لە لەبەرکردنی وانەی نوێ بهێنێت و دەست بە دەورکردنەوەی ئەوە بکات، کە پێشتر لەبەری کردووە تاوەکو لە حاڵەتی بێئومێدی دەربچێت.

٢- (حاڵەتی بسط): ئەم حاڵەتەش پێچەوانەی حاڵەتی یەکەمە، کە قوتابی هەست بە توانایەکی زیاتر دەکات لەپێشتر بۆ لەبەرکردن، بۆیە دەتوانێت ئەندازەکە زیاتر بکات.

٧- (گوێگرتن و خوێندنەوەی ئەو لاپەڕەیەی دیاریت کردووە بۆ لەبەرکردن)

ئەمەش یەکێکی ترە لەو شتانەی کە ئاسانکارە بۆ کرداری لەبەرکردنی قورئان، ئەویش بریتیە: لە گوێگرتنی چەند جارێك، کە لە پێنج (٥) جار کەمتر نەبێت، بۆ ئەو لاپەڕەیەی کە دیاریت کردووە بۆ لەبەرکردن، ئەم شێوازەش دوو سوودی سەرەکی دەبێت:

یەکەمیان: لە هەڵەی لەبەرکردن و هەڵەی تەجویدی دەتپارێزێت.

دووەمیان: بەهۆی ئەم گوێگرتنەوە وا دەکات ئەم بەشە دیاریکراوە لە مێشکیدا جێگیر بێت بەهۆی دەنگەوە،ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دەوری نەکاتەوە لەبیری ناچێت،چونکە بەهۆی دەنگەوە لەبەری کردووە، بەتایبەت ئەم گوێگرتنە کاریگەرییەکی زیاتر و باشتری دەبێت، ئەگەر ئەم قورئان خوێنەی گوێی بۆ دەگرێت، حەز بە دەنگی بکات.

ئەمەش بەهۆی ئەوەیە، کە مرۆڤ چۆن بەهۆی چاوەوە دەتوانێت زانیارییەکان لەمێشك خەزن بکات، بەهەمان شێوەش بەگوێگرتن دەتوانێت ئاسانتر لەبەری بکات.

بۆیە یەکێك لە هاوەڵە ئافرەتەکانی پێغەمبەر ﷺ کە ناوی (حاریسەی کچی نوعمان) (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموویێت: (**ما حَفظْتُ «ق» إلَّا مِن فِي رَسولِ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، يَخْطُبُ بِهَا كُلَّ جُمُعَةٍ**)[١].

واتا: (حاریسەی کچی نوعمان) دەفەرموویێت: سوڕەتی (ق)ـم لەبەر نەکرد مەگەر لەزاری پێغەمبەرەوە ﷺ نەبێ کە هەموو هەینیەك لەوتاردا دەیخوێند.

(١) رواه مسلم، (١٣)، كتاب: الجمعة، باب: تخفيف الصلاة والخطبة، (٨٧٣).


بۆیە منیش هەڵسام بە تاقیکردنەوەی ئەم خاڵە و کاریگەرییەکی ئێجگار زۆری هەبوو لەسەر ئاسانی لەبەرکردن،بەشێوەیەك دوای گوێگرتنی لاپەڕەیەك چەند جارێك توانیم بە پشتیوانی خوا بە پێنج خولەك لاپەڕەیەك لەبەر بکەم، وە لە پێنج ڕۆژدا سورەتی (آل عمران) ـم لەبەر کرد، تۆش بەهەمان شێوە دەتوانی سوود لەم شێوازە وەربگری و تاقی بکەیتەوە.

٨- (تێگەیشتن لەئایەتەکان کرداری لەبەرکردن ئاسانتر دەکات)

یەکێکی تر لە بنچینەکان بریتیە لەوەی ئەو کەسەی کە قورئان لەبەر دەکات، تێ بگات لەو بەشەی کە لەبەری دەکات بەپێی توانا، چونکە تێگەیشتن لە ئایەتەکان،وا دەکات کە زیاتر لە مێشك بمێنێتەوە، هەروەها وا دەکات هەندێ لە ئایەتەکان وەك خۆی بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی جێگۆڕکێیان پێ بکات، بەهۆی تێگەیشتن لێیان.

هەروەها سوودی ئەوەشی هەیە، کە ناوەڕۆکی سورەتەکە باس لە چ دەکات یان بە چ ناسراوە، بۆیە ئەم تێگەیشتنە لە ئایەتەکان گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆ لەبەرکردن و ناسینی سورەتەکان، بەڵام ئەم تێگەیشتنەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر جیاوازی هەیە؛ واتا بنچینەیەکی گشتی نیە، بۆیە ئەگەر سەیر بکەین، منداڵی بچوك قورئان لەبەر دەکات بێ ئەوەی لێی تێ بگات، یان کەسێك کە عەرەبیش نیە، بەڵام زۆر بەجوانی قورئانی لەبەر کردووە، بۆیە ئەم تێگەیشتنە گشتی نیە.

لێرەدا مەبەست لە تێگەیشتن واتا: هەندێ ئایەت لە هەندێکی تر گرانترە، بۆیە تێگەیشتن لێیان یارمەتیدەرە بۆ لەبەرکردنێکی باشتر، یان زۆر کات



وشەیەك ماناكەی نادیارە لات، بەزانینی ماناكەی و تێگەیشتن لێی، ئەوكات لەمێشكدا دەچەسپێت.

بەڵام منداڵ ناتوانێت لە هەموو ئایەت و وشەكان تێ بگات، بەڵكو بەپێی توانا منداڵەكە ئایەت و وشەكانی بۆشی دەكرێتەوە.

٩- (دوانەخستنی لەبەركردنی ئەمڕۆ بۆ بەیانی)

كە ئەمەش خاڵێكی زۆر گرنگە لەكاتی لەبەركردن، واتا: ئەم بەشە دیاریكراوەی كە ئەمڕۆ دەتەوێت لەبەری بكەیت، دوای مەخە بۆ بەیانی بە هەر پاساوێك بێت، لەبەر ئەوەی هەندێ جار دواخستنی ڕۆژێك ڕۆژانی تری بەدوادا دێت، بەمەش ساردبوونەوە ڕوو دەدات و چالاكی ڕۆژانی پێشتری لەدەست دەدات، زۆر جار لەڕێی ئەم دواخستنە ڕێگا بۆ شەیتان خۆش دەبێت، بەسەر ئەو كەسەی كە دەیەوێت قورئان لەبەر بكات و وای لێ دەكات هەر بڵێت: ئەمڕۆ نا بەیانی لەبەری دەكەم تا بەیەكجاری وازی لێ دێنێت، ئەمەش بۆ كەسێكە كە ڕۆژانە لەبەری دەكات، بەڵام لە كاتێكدا توشی ساردبوونەوە دەبێت.

جۆرێكی تر كەسێك نیەتی هێناوە قورئان لەبەر بكات، بەڵام هەر دوای دەخات، بۆ بەیانی كە ئەمەش مەبەستەكەی بۆ لەبەركردن سوودی پێ ناگەیەنێت.

١٠- (خوێندنەوەی قورئان بە ئاوازێکی خۆش و تەجویدێکی جوان و دەنگێکی بەرز ئایەتەکان جێگیر تر دەکەن لە مێشك)

یەکـــێك لە توێژینەوەکان کە لە وڵاتی ئـــەمریکادا ئەنجـــام دراوە، دەرکەوتووە؛ کە خوێندنەوەی هەر نووسینێك بەدەنگ وا دەکات کە زیاتر لە مێشکدا جێگیر بێت، بەشێوەیەك کاتێك بەدەنگ دەیخوێنیەوە و گوێت لێ دەبێت ئەوا بەڕێژەی (٨٠٪) لە مێشکدا خەزنی دەکات.

هەروەها پێغەمبەر ﷺ پێش (١٤٠٠) ساڵ فەرموویەتی: ((لَيْسَ مِنَّا مَنْ لَمْ يَتَغَنَّ بِالقُرآنِ))[١].

واتە: لەسەر ڕێچکەی ئێمە نیە، ئەو کەسەی قورئان بە ئاوازو دەنگێکی خۆش نەخوێنێت.

بۆیە ئەوەی بە چاو و گوێگرتن لەبەر دەکرێت، جێگیرترە وەك لەوەی تەنها بەچاو لەبەر بکرێت، هەروەها ئەوەش کە بە چاو و گوێ و نووسین لەبەر دەکرێت بەهێزترە؛ وەك لەوەی کە تەنها بە گوێ و نوسین لەبەر بکرێت، وەك لەم خشتەیە دەردەکەوێت:


* (خشتەی تۆمارکردن و خەزنکردنی ڕێژەی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی بیر و هۆشی (بینین و بیستن و وت نەوە و نووسینەوە) ی وەریان دەگرێت بەم ڕێژەیەیە:

* (١٠٪) ی زانیارییەکانی بیر دەمێنێتەوە کاتێك شت بە چاو دەخوێنێتەوە.

* (٢٠٪) خەزن دەبێت کاتێك گوێی لە زانیارییەکان دەبێت؛ واتا لەڕێگەی بیستن.

---

(١) رواه البخاري، (١٥٤/٩)، كتاب التوحيد- باب: قول الله تعالى: {وأسروا قولكم أو اجهروا به}، (٧٥٢٧).



* (٣٠٪) خەزن دەبێت لە ڕێگای بینینەوە.

* (٥٠٪) لەڕێگای بینین و بیستنەوە بەیەکەوە لەهەمان کاتدا، خەزن دەکات

* (٨٠٪) لەڕێگای وت نەوەی خەزن دەکات.


* بەڕێژەی (٩٠٪) خەزن دەبێت،کاتێك بە دەنگ دەوترێتەوە و بەکردار جێبەجێی دەکەیت.

بۆیەهەستەوەرەکانبەتایبەتیشدەنگلەلەبەرکردنداکاریگەرییەکیزۆری هەیە، بەشێوەیەك کاتێك وشەیەك لەبیر بکرێت، یان بەهەڵە بخوێندرێتەوە، ئەوا زمان و گوێ کە ڕاهاتوون لەسەر ئەم دەنگە بەخوێندنەوەیەکی دروست،ئەم هەڵەیە قبوڵ ناکەن، چونکە قورئان بەهۆی تەجویدەوە شێوازێکی تایبەتی خوێندنەوەی هەیە، کە لەکاتی خوێندنەوەی بە تەجوید کاریگەری زیاتر لەسەر مێشك جێ دێلێت.

(أبو هيلال الحسن بن عبدالله بن سهل عەسکەری: ٣٩٥هـ) دەفەرمووێت: (وَيَنبَغي للــدَّارس أَنْ يَرْفَعَ صَوْتَهُ في دَرْســـه حَتّى يُسْمِعَ نَفْسَهُ، فَإِنَّ ما سَمِعَهُ الأُذُنُ رَســـَخَ في القَلْبِ، وَلِهٰذَا كان الإِنْسَانُ أَوْعَى لِما يَسْمَعُهُ وَلِمَا يَقْرَأْه،...)[١].

واتا: پێویستە لەسەر خوێنەر لەکاتی دەرسدا دەنگی بەرز بکاتەوە، بەشێوازێك کە خۆی گوێی لە خۆی بێت، چونکە کاتێك کە گوێ دەیبیستێت، لە دڵدا جێگیر دەبێت ، بۆیە مرۆڤ هۆشیارترە لەوەی لەخۆی دەبیستێت، نەوەك ئەوەی دەی خوێنێتەوە بەبێ دەنگ.

(١) الحث على طلب العلم والاجتهاد- لأبي هلال العسكري: (٣٧).



هەروەها (زوبەیری کوڕی بەککار: ٢٥٦هـ) دەفەرموویّت: (دَخَلَ عَلَيَّ أَبِي وَأَنَا أَرْوِي فِي دَفْتَرٍ وَلَا أَجْهَرُ، أَرْوِي فِيهَا بَيْنِي وَبَيْنَ نَفْسِي، فَقَالَ لِي: إِنَّمَا لَكَ مِنْ رِوَايَتِكَ هٰذِهِ مَـا أَدَّى بَصَرُكَ إِلَى قَلْبِكَ، وَمَا أَدَّى سَمْـعُكَ إِلَى قَلْبِكَ)[١].

واتا: باوکم هاتە لام، لەو کاتەدا من لە دەفتەر دەم خوێندەوە، بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە بەڵکو لەدڵی خۆمدا دەم خوێندەوە، ئەویش پێی وتم: لەمەدا تەنها چاوەکانت نووسراوەکە بە دڵت دەگەیەنن، جا ئەگەر ویستت ڕیوایەتەکە لەبەر بکەیت، ئەوا تەماشای بکە و هەروەها دەنگیشت لەگەڵیدا بەرز بکەوە، تاوەکو چاو و گوێیەکانت بەیەکەوە نووسراوەکە بەدڵت بگەیەنن.

بۆیە ئەوەی بە دەنگ و گوێ لێبوونی خۆت لەبەر دەکرێ، کاریگەریی زیاترە و باشتر جێگیر دەبێت لە مێشك و دڵدا.

١١- (لەبەرکردنی ڕۆژانە بەبێ پچڕان)

ئەمەش بنچینەیەکی گرنگە لە بنچینەکان بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، کە بریتیە: لە لەبەرکردنی ڕۆژانە بەبێ پچڕان ئەگەر کەمێکیش لەبەر بکرێت، تەنها ئەم ڕۆژە نەبێت، کە بۆ پشوو و حەسانەوەی خۆت داتناوە، وە ئەم ڕۆژەش کە بۆ دەورکردنەوەی لەبەرکردنی ئەم هەفتە داتناوە.

(عائشە) خوا لێی ڕازی بێت دەفەرموویّت پرسیار کرا لە پێغەمبەر ﷺ: (أَيُّ الأَعمَالِ أَحبُّ إِلَى اللهِ؟ قال: أَدْوَمُهَا وَإِن قَلَّ)[٢].

---

(١) الجامع في الحث على حفظ العلم- إنتقاء ابي عبد الله الحداد (١٧٤).

(٢) رواه البخاري، (٨/ ٩٨)، كتاب: الرقاق، باب: القصد والمداومة على العمل، (٦٤٦٥).

واتا: بەڕاستی خۆشەویستترین کار و کردەوە لای خوا بەردەوام بوونە لەسەر ئەم کارە، ئەگەر کەمیش بێت، هەروەك وتراوە: (فَإِنَّ تَوَالِي نُقَطِ المَاءِ عَلَى الصَّخْرَةِ يُحْدِث فيها حُفْرَةً).

واتا: دڵۆپە ئاو بەبەردەوامی لەسەر بەرد دەبێتە هۆی چاڵبوونی.

بۆیە دەروونی خۆت ڕابهێنە،کە ڕۆژانە قورئان لەبەر بکەیت و بەشێك دەستنیشان بکەیت بۆ لەبەرکردن و ڕۆژانە بەردەوام بە لەسەر لەبەرکردنی بێ پچڕان.

ئەم لەبەرکردنە بەم بەرنامەوە لەسەرەتادا کەمێك ماندوو و بێتاقەتت دەکات، بەڵام دواتر لەگەڵی ڕادێیت، ئەوکات لەبەرکردن دەبێتە بەشێکی کاری ڕۆژانەت، بەم شێوەیە وردە وردە مێشك لەگەڵ ئەم لەبەرکردنە فراوان دەبێت، بەڵام ئاگادار بە، دەبێت ڕۆژانە بەردەوام بێت لە لەبەرکردن بێ پچڕان، چونکە ئەگەر پچڕان ڕوویدات، ئەوا لەوانەیە ماندووبوونی پێشتر بەفیڕۆ بچێت.

(ابن شهاب الزهري التابعي الكبير:١٢٤هـ) دەفەرموویێت: (إِنَّ الرَّجُلَ لَيَطْلُبُ وَقَلْبُهُ شعبٌ منَ الشِّعَابِ، ثُمَّ لَا يَلْبَثُ أَنْ يَصِيرَ وَاديا، وَلَا يُوضَعُ فِيهِ شَيْءٌ إِلّا التهَمَهُ)[١].

واتا: کەسێك بەدوای زانست دەکەوێت و دڵی جۆگەلەیە کە لە جۆگەلەکان، پاشان ئەبێتە چەمێك، هەرشتێکی تێ بکەیت یەکسەر قووتی دەدات).

هەروەها ئیمامی (الشمس الدين الذهبي: ٧٤٨هـ) فەرمووی: (كانَ أَحْمَدُ بْنُ الفُرَاتِ لا يَتْرُكُ كُلَّ يَوْمٍ إِذَا أَصْبَحَ أَنْ يَحْفَظَ شَيْئًا وَإِنْ قَلَّ)[٢].

(١) الحث على طلب العلم والاجتهاد في جمعه، (٣٦).

(٢) هەمان سەرچاوە: (٧٧).

واتا: (ذهبي) فەرمووی: (ئەحمەدی کوڕی فوڕات) هیچ ڕۆژێکی بەفیڕۆ نەئەدا، تاوەکو شتێکی لەبەرنەکردایە، ئەگەر کەمیش با)یە.

پێویستیشە لەسەر ئەو کەسەی کە قورئان لەبەردەکات، یان فێری زانست دەبێت،ڕۆژێك بۆ پشوو دیاری بکات،کە هیچ لەبەرنەکات تاوەکو دەروونی ئارام بێت و مێشکی پشوو بدات، لەبەرکراوەکانیش شوێنی خۆیان بگرن و ڕۆژێك یان دوو ڕۆژیش بۆ دەورکردنەوەی لەبەرکراوی ئەم هەفتەیە بێت، بەم شێوەیە لەبەرکردنێکی باشی دەبێت.

قال (ابن الجوزي: ٥٩٧هـ): (وَيَنْبَغِي أَنْ يُرِيحَ نَفْسَهُ مِنَ الْحِفْظِ يَوْمًا أَوْ يَوْمَيْنِ لِيَكُونَ ذَلِكَ كَالْبِنَاءِ الَّذِي يُرَاحُ لِيَسْتَقِرَّ)[1].


واتا: (ئیبن جەوزی) دەفەرموویت:(پێویستە لە هەفتەیەکدا ڕۆژێك یان دوو ڕۆژ پشوو بەخۆت بدەیت، چونکە وەکو ئەم بینایەی لێ دێت، کە لەشوێنی خۆی جێگیرە).

١٢- (نووسینەوەی بەشی دیاریکراوی ڕۆژانە بەدەست دوای لەبەرکردن)

باشترە ئەو کەسەی کە قورئانی پیرۆز لەبەر دەکات،دەفتەرێکی هەبێت،کە بەشی لەبەرکراوی ڕۆژانەی تیادا بنووسێتەوە و لەگەڵیدا دەنگ هەڵبڕێت، لەبەرئەوەی ئەو نووسینە وا دەکات، دەستیش کە هەستەوەرێکە بەشدار بێت، لە جێگیرکردنی بەشی لەبەرکراو یان دیاریکراو بۆ لەبەرکردن.

ئەم نووسینەوەش بەم شێوە دەبێت:

(١) الحث على حفظ العلم وذكر كبار الحفاظ، (٥٠)، باب: في ذكر الأوقات التي يكرر فيها المحفوظات.



* دەست دەكات بە نووسینەوەی ئایەتی یەكەم چەند جارێك تا لەبەری دەكات،یان لەبەری كردووە ، بەڵام بە لەبەر دەی نووسێتەوە تا چاكتر جێگیر بێت.

* پاشان دەست بە نووسینەوەی ئایەتی دووەم دەكات، بەهەمان شێوە.

* دواتر هەردوو ئایەت بەیەكەوە دەنووسێتەوە،تا بەشی دیاریكراوی ئەم ڕۆژە لەبەر دەكات، ئەوە ئەگەر بەنوسین لەبەر بكات، ئینجا بەم شێوە دەینوسێتەوە،بەڵام ئەگەر پێشتر لەبەری كردبوو ، مەبەستی بوو جێگیری بكات لە مێشك، ئەوە لەسەرەتای لاپەڕەكە تا كۆتایی دەینوسێتەوە.

* پاشان كە بەشی ئەم ڕۆژەی كردە بەش بەش و لەبەری كرد، ئەوا هەمووی بەیەك جار دەنووسێتەوە، تاوەكو بەباشی لە دڵ و مێشك دا جێگیر بێت.

ئەم لەبەركردنە بەڕێگای نووسینەوەی بەردەوام شێوازی لەبەركردنی مۆریتانیەكانە، كە لەسەر لەوحەی دار دەی نووسنەوە و زۆر گرنگی پێ دەدەن.

تێبینی: پێویستە لەكاتی لەبەركردن بە نووسین دەنگیشی لەگەڵ بەرز بكاتەوە، ئەگەر نا تەنها بە نووسین وا فێر دەبێت و ناتوانێت دواتر بەدەنگ بیخوێنێتەوە، چونكە تەنها بە نووسین فێربووە.

١٣- (دووركردنەوەی بەشی لەبەركراو لە نوێژەكاندا)

پێویستە ڕۆژانە ئەو بەشەی كە لەبەركراوە بخوێندرێت و دەور بكرێتەوە، باشترین كاتیش بۆ دەوركردنەوە ئەو كاتەیە كە لەناو نوێژ دایە، جا ئەو نوێژە جیاوازی نیە، شەونوێژ بێت، یان نوافل یان تەڕاویح بێت، بۆیە

سوودی ئەم شێوازە دەورکردنەوەیە ئەمەیە، کە هەندێ جار قوتابی وا فێر دەبێت، کە لەسەر قورئانەکە لەبەر بکات و قورئانەکەی لەدەست بێت، بەڵام هەرکاتێك قورئانەکەی دانا، ئەوا دەشڵەژێت و ئایەتەکانی بۆ نایەت، چونکە وا ڕانەهاتووە، لەکاتی دەورکردنەوە قورئانی لانەبێت، تا ئەگەر شتێکی لەبیرچوو ئەوا یەکسەر تەماشای قورئانەکە بکات، تا بیری بێتەوە، بەڵام ئەم سەیرکردنە یەکسەر کارێکی باش نیە، چونکە وا ناکات، کە ورد بێتەوە بەبیری خۆی بهێنێتەوە، بۆیە سوودی ئەم شێوازە ئەوەیە کە لەنوێژ دایت و قورئانت لا نیە، تا لەکاتی بیرچوونەوە سەیری بکەیت،بەڵکو هەوڵ دەدەیت، وردبیەوە و بە بیری خۆتی بهێنیەوە،کە ئەم بیرکردنەوەیە و دواتریش بیرهاتنەوەی ئایەتەکە بێ ئەوەی سەیری قورئان بکەیت، وا دەکات جارێکی تر ئەم شوێنە لەبیر نەکەیت،یان ئەگەر لەکاتی لەبیرچوونەکە وردبوویەوە و دواتر سەیری قورئانەکەت کرد،واتا: دوای ورد بوونەوەش بەڵام هەر بیرت نەهاتەوە،ئینجا سەیری قورئانەکەت کرد،بەهەمان شێوە جارێکی تر لەبیری ناکەیت، چونکە زۆر وردبوویەوەو، جوانتر لە مێشکدا وێنەکەی خەزن بوو بە هۆی بیرنەهاتنەوە.

بۆیە هەر بەشێکت لەبەر کرد، ئەوا هەوڵ بدە دووبارەی بکەیەوە،هەر وەك پێشووتر باسمان کرد،باشترین شوێنیش بۆ دەورکردنەوە نوێژەکانە، بەتایبەت شەونوێژ، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویێت: ﴿إِنَّ نَاشِئَةَ ٱلَّيْلِ هِىَ أَشَدُّ وَطْـًٔا وَأَقْوَمُ قِيلًا﴾(المزمل: ٦)، واتا:بەڕاستی شەوبێداری و گفتوگۆ و پاڕانەوە و ڕاز و نیاز لەگەڵ پەروەردگاردا زۆر کاریگەرترە لەسەر شانی نوێژکار لە نوێژی ڕۆژ.

(١٤) (بەردەوام دووبارەکردنەوەی لەبەرکراو بێ پچڕان):

هەروەك چۆن ئێمە لەسەرەتادا گرنگییەكی زۆر بە لەبەركردن دەدەین، بەهەمان شێوە پێویستە گرنگییەكی زیاتریش بە دووبارەكردنەوە بدەین، لەبەرئەوەی ئەگەر لەبەرتكرد، بەڵام دەورت نەكردەوە، ئەوا هەوڵ و ماندووبوونەكەت بەفیڕۆ دەچێت و بەزوویی لەبیری دەكەیت، بۆیە كاری سەرەكی دوای لەبەركردن بریتیە: لە دەوركردنەوە بەبەردەوامی تا بەباشی لە مێشك جێگیر دەبێت،هەروەك(حەسەنی كوڕی ئەبو بەكری نەیسابوری:٥١٧هـ) دەفەرمووێت: (لَا يَحْصُلُ الحِفْظُ لِي حَتَّى يُعَادَ خَمْسِينَ مَرَّةً)[١].

واتا: ناتوانم لەبەر بكەم تا پەنجا جار دووبارەی نەكەمەوە.

وە هەروەها (ئیبن جەوزی) لە (حەسەن) ـەوە بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت: (أَنَّ فَقِيهًا أَعَادَ الدَّرْسَ فِي بَيْتِه مِرَارًا كَثِيرَةً، فَقَالَتْ لَهُ عَجُوزٌ فِي بَيْتِه: قَدْ وَاللهِ حَفِظْتُهُ أَنَا! فَقَالَ: أَعِيدِيهِ، فَأَعَادَتْهُ. فَلَمَّا كَانَ بَعْدَ أَيَّام، قَالَ: يَا عَجُوزُ، أَعِيدِي ذَلِكَ الدَّرْسَ، فَقَالَتْ: مَا أَحْفَظُهُ. قَالَ: أَنَا أُكَرِّرُ عِنْدَ الحِّفْظِ لِئَلَّا يُصِيبَنِي مَا أَصَابَكِ)[٢].

واتا:یەكێك لە فەقیهەكان چەند جارێك لەماڵەوە دەرسەكەی دووبارە كردەوە،پیرەژنێك لەمالەكەیدا وتی: سوێند بەخوا من وا لەبەرم كرد، فەقیهەكە پێی وت: بۆم دووبارە بكەوە، پیرەژنەكەش بۆی دووبارە كردوە، دوای چەند ڕۆژێك فەقیهەكە پێی وت: ئەی پیرەژن ئەو وانەیەی پێشوو

(١) صيد الخاطر- لابن الجوزي، (١٢٦)- دار ابن الجوزي.

(٢) الحث على حفظ العلم وذكر كبار الحفاظ، (٤٩)-باب الرابع: في بيان طريق أحكام الحفظ.

بۆت خوێندمەوە،دووبارە بۆم بخوینەوە، ئافرەتە پیرەکەش وتی: ئێستا بیرم نەماوە، فەقیهەکەش پێی وت: من دەرسەکە دووبارە دەکەمەوە، تا ئەوەی بۆ تۆ ڕوویدا بۆ من دووبارە نەبێتەوە -واتا فەرامۆشی ناکەم.

ئیمامی (جەعفری صادق:١٤٨هـ) زۆر جوان دەفەمەرموویێت: (القُلُوبُ تُرْبَةٌ، وَالعِلْمُ غَرْسُهَا، وَالمُذَاكَرَةُ مَاؤُهَا، فَإِذَا انْقَطَعَ عَنِ التُّرْبَةِ مَاؤُهَا جَفَّ غَرْسُهَا)[١].

واتا:دڵەکان خۆڵن، زانستیش چاندنە، دەورکردنەوەش ئاوەکەیەتی، هەرکاتێکیش خۆڵەکە ئاو نەدرا ئەوا چاندنەکە وشك دەبێت.

هەروەها هاوەڵانیش کاتێك شتێکیان لەبەردەکرد، خێرا دەوریان دەکردەوە، هەروەك لە (نافع)ەوە هاتووە، کە (أَنَّ ابن عمر كَانَ لَهُ كُتُبٌ يَنْظُرُ فِيها قَبْلَ أَنْ يَخْرُجَ إِلى النَّاس)[٢].


واتا:(ئیبن عومەر - عبدالله کوڕی عمر: ٧٣هـ): (سەیری نووسراو و کتێبەکانی خۆی دەکرد، پێش ئەوەی لەماڵ دەرچووبا بۆلای خەڵك).

بۆیە هەر لەبەرکردنێك پێویستی بە دەیان دەورکردنەوە (مراجعه)هەیە بەشێوەیەك شەنقیتیەکان کە شوێنێکە لە ئەفریقیا و هەندێ شوێنی وەك ئۆزبەکستان و داغستان و ئەو شوێنانە ئەگەر مەبەستیان بێ لاپەڕەیەك لەبەر بکەن، نابێت لە (١٠٠) جار کەمتر بیخوێننەوە،تەنانەت لە ئۆزبەکستان (٣٥٠) جار لاپەڕەیەك دەخوێننەوە، دوای لەبەرکردنیش (١٥٠) جار دەوری دەکەنەوە.

شەنقیتییەکانیش دوای لەبەرکردنی قورئان دەبێت سەد (١٠٠) خەتم بە لەبەربکەن، تا پێیان بوترێت (حافظی قورئان).

(١) الحث على حفظ العلم وذكر كبار الحفاظ، باب الرابع: في بيان طريق أحكام الحفظ، (٢٠٠).

(٢) سير أعلام النبلاء، (٣/ ٢٣٨).



بۆیە ئەم دەورکردنەوەیە لای زانایانی فەرموودەش گرنگ بووە، کە ساڵانە تاقیکردنەوەیان لە فەرموودەکان لێ کراوە، تاوەکو بزانن بیری ماوە یان بیری نەماوە، یان ئایا هەڵە دەکات یان نا، ئەگەر هەڵەکانی زۆر بوبا، ئەوا فەرموودەی بە مەرج لێ وەردەگیرا...هتد.

{خشتەی ڕێژەی بیرهاتنەوەی زانیاریەکان بەپێی تێپەڕبوونی کات}

هەستەکانی لەبەرکردن	دووبارەکردنەوەی خێرا	دوای ٣ سەعات	دوای ٣ ڕۆژ
گوێ	٪١٠٠	٪٧٠	٪١٠
چاو	٪١٠٠	٪٧٢	٪٢٠
چاو و گوێ	٪١٠٠	٪٨٥	٪٦٥

(جۆرەکانی یادگەو زاکرەی مرۆڤ)

هۆکاری باسکردنی ئەم بابەتە، بەهۆی گرنگی دەورکردنەوەی خێراو بەردەوامە، دوای لەبەر کردن،چونکە نابێت کە بۆیەکەم جار چەند ئایەتێك یان چەند فەرموودەیەك لەبەر دەکرێت، پاشان وازی لێبهێندرێت و بۆ ماوەیەکی درێژ دەورنەکرێتەوە،لەبەر ئەوەی خێرا لەبیردەچێتەوە، چونکە هێشتا نەگوازراوەتەوە بۆ یادگەی دور مەودا،بۆیە پێویستە لە ماوەیەکی کورت دەور بکرێتەوە کە لە سێ (٣) ڕۆژ زیاتر تێنەپەڕێت بەسەری دا،هەروەك لە خشتەی سەرەوە ڕوونمان کردەوە،لێرەش دا باسی جۆرەکانی یادگەی مرۆڤ دەکەین کە(٣)جۆرن وبەپێی جۆرەکەی کاریگەری لەسەر مانەوەی زانیارییەکان هەیە بۆ نموونە:


١- (یادگەی كتوپڕ یان هەستەوەرەكان) (الذاكرة الحسية): ئەم یادگەیە گرنگی بەم زانیاری و ڕووداوانە دەدات كە كتوپڕ ڕوودەدە،كە یەكەم قۆناغی خەزن كردنی زانیارییەكان دەگرێتەوە،كە لە ڕێگای یەكێك لە پێنج هەستەوەرەكانی مرۆڤەوە وەك (بینین - بیستن ...هتد) خەزن دەبن لە یادگەو (١بۆ ٥) چركە (سانیە) دەمێننەوە،واتا: ئەم یادگەیە ئەم زانیاریانەی ئێستا دەخوێندرێننەوە لە خۆ دەگرێت،بەڵام لە ماوەیەكی زۆر كورت كە ناگاتە دە چركە لەبیر دەچنەوە.

٢- (یادگەی كورت مەودا) (الذاكرة قصيرة المدى): ئەو زانیاری و ڕووداوانەی ئێستا ڕوودەدەن خەزن دەكات تا جێگیر دەبن لە مێشك، وە ماوەیەكی درێژتر دەمێننەوە لە (یادگەی كتوپڕ) كە دەگاتە نزیكەی بیست (٢٠) چركە بۆ خولەكێك،پاشان بەرەو یادگەی (دوور مەودا)بەڕێییان دەكات.

دوو هۆكاریش هەن شتەكان لە یادگەی كتوپڕ (هەستەكی)یەوە بۆ یادگەی (كورت مەودا) دەگوێزنەوە، ئەوانیش : ئاگالێبوون و درك پێكردنن.

٣- (یادگەی دوور مەودا)(الذاكرة طويلة المدى):ئەو زانیاریانە لە خۆ دەگرێت كە لە ڕابردوویەكی دوردا ڕوویان داوە، واتا: یادگەیەكی جێگیر كەرە،و زانیارییەكانی ناوی بەرگە دەگرن و لە ئەگەری تێكچوونی خانەیەكی موخیشدا هەر دەمێننەوە و بەدرێژایی ژیان بەردەوامن،وە ڕووبەری ئەوەندە گەورەیە، وەك عەمبارێكی گەورە وایە، بڕێكی زۆر لە زانیارییەكان خەزن دەكات، كە نە دەژمێردرێن و نە كاتیشیان بۆ هەیە[1].

(١) یادگەو بیرخۆهێنانەوە - د.إبراهيم فەقێ- وەرگێڕانی: سامان مامڵێسی، لاپەڕە: (٣١-٣٢-٤٤) ، بەدەست كارییەوە.



١٥- (کرداری بەیەك گەیاندنی نێوان ئایەتەکان دەبێتە هۆی بەستنەوەی بۆ لەبەرکردن)

ئەم بنچینەیەش بریتیە:لە گەیاندنی دەنگ و سەیرکردن بەچاو لەنێوان کۆتایی ئایەت وسەرەتای ئایەتی دواتر، ئەم بەستنەوەیە گرنگییەکی یەکجار زۆری هەیە، بۆیە بیرچوونەوەی سەرەتای ئایەتەکان و پچڕانیان، یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی لەبەرکارانی قورئانی پیرۆز، کە هەندێ جار بە لەبیرچوونەوەی سەرەتای ئایەتەکان توشی ساردبوونەوە دەبێت، بۆیەکاتێ قوتابی قورئان لەبەر دەکات، پێویستە کۆتایی ئایەت بە سەرەتای ئایەتی دواتر بگەیەنێت و چەند جارێك دووبارەی بکاتەوە، هەروەها وا باشترە، لە هەموو سورەتێك ئایەتی کۆتایی بزانێت، ئەگەر پرسیاری لێ کرا بێ ئەوەی ئایەتی پێش خۆی بخوێنێت.

بەستنەوەی نێوان ئایەتەکان بە چەن ڕێگایەك دەبێت لەوانە:

١- بەستنەوە و دووبارەکردنەوە:واتا: کۆتایی ئایەت بە سەرەتای ئایەتی دوای خۆی دەگەیەنێت و چەند جارێك دووبارەی دەکاتەوە کە لە پێنج (٥) جار کەمتر نەبێت، بەم شێوەیە:﴿..وَٱلۡمَغۡرِبُۚ يَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ (١٤٢) وَكَذَٰلِكَ جَعَلۡنَٰكُمۡ أُمَّةٗ وَسَطٗا ...﴾(البقرة: ١٤٢ - ١٤٣).

٢- بەمانا و تەفسیرکردن:ئەمەش واتا مانای کۆتایی ئایەت پەیوەندی بەسەرەتای مانای ئایەتی دواترەوە هەیە،یان کۆتا ئایەت پرسیارە و سەرەتای ئایەت وەڵامەکەیەتی، وەك سورەتی (الأنبیاء: ٦٢ و ٦٣)﴿قَالُوٓاْ ءَأَنتَ فَعَلۡتَ هَٰذَا بِـَٔالِهَتِنَا يَٰٓإِبۡرَٰهِيمُ (٦٢) قَالَ بَلۡ فَعَلَهُۥ كَبِيرُهُمۡ هَٰذَا فَسۡـَٔلُوهُمۡ إِن كَانُواْ يَنطِقُونَ (٦٣)﴾.

واتا: ئەوسا كۆبوونەوەو ئیبراهیمیان هێناو وتیان: ئاخۆ تۆ ئەم كارەت بە خواكانمان كردووە، ئەی ئیبراهیم؟ (٦٢) ئیبراهیم وتی: بەڵكو بتە گەورەكەیان ئەمەی كردووە!دە ئەوەتانێ بپرسن لێیان ئەگەر قسە دەكەن.

٣- دووبارەبوونەوەی وشەیەك لەسەرەتای ئایەتەكان:واتا سەرەتای چەند ئایەتێك بەیەك وشە دەست پێ دەكات و ئێمەش لەڕێگای ئەم وشانەوە دەستنیشانی دەكەین، وەك لە سوڕەتی (الروم: ئایەتی ٢٠ تا ٢٥) دیارە پێنج ئایەت بە ﴿وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ﴾ دەست پێ دەكات.


ئەمە چەند ڕێگایەك بوو بۆ بەستنەوەی ئایەتەكان بەیەكتری.

هەروەها چەند جۆرێكی تری بەستنەوە و پەیوەندی نێوان ئایەتەكانیش هەیە، هەروەك لەپێشدا باسمان كرد كە ئەمانەن:

١- بەستنەوەی ئایەتە یەك بەدوای یەكەكانی ناو لاپەڕەیەك بە دووبارەكردنەوەی بە دەنگێكی بەرز و گەیاندنی كۆتایی ئەیەت بە سەرەتای ئایەتی دواتر.

٢- بەستنەوەی نێوان لاپەڕەكان و گەیاندنی كۆتایی ئایەتی لاپەڕەیەك بە سەرەتای ئایەتی لاپەڕەی دواتری خۆی، تا ئەگەر لاپەڕەیەكت بەلەبەر خوێند بزانیت سەرەتای لاپەڕەی دواتر چیە تا بێ پچڕان بیخوێنیت ، ئەمەش لەكاتی پێشنوێژیی درێژ پێویستت پێی دەبێت.

٣- ئەم جۆرەشیان بریتیە لە بەستنەوەی كۆتایی سوڕەتێك بە سەرەتای سوڕەتی دواتر.



سوودەکانی ئەم گەیاندنەش بریتیە لەوەی:

١- لە کاتی دەورکردنەوە یان پێشنوێژی کردن توشی پچڕان و لەبیرچوونەوە نابێت.

٢- هەروەها توشی ساردبوونەوەش نابێت لەکاتی خوێندنی ئایەتەکان.

٣- وە لەکاتی دەورکردنەوە و پێداچوونەوە بازدان بەسەر وشە یان ئایەت ڕوونادات.

١٦- (گرنگیدان بە ئایەتە لێکچووەکان)

قورئانی پیرۆز چەندین ئایەتی لێکچووی تێدایە، کە لێکچوونەکەیان یان لەڕووی ماناوەیە، یان لەڕووی وشەوەیە، لێرەدا ئێمە مەبەستمان لێکچوونە لەڕووی وشەوە، کە قورئانی پیرۆز نزیکەی دوو هەزار (٢٠٠٠) ئایەتی لێکچووی تێدایە، بۆیە پێویستە لەسەر لەبەرکاری قورئان ئایەتە لێکچووەکان بەجوانی بزانێت و بەیاسایەك بۆخۆی لێکیان جیا بکاتەوە، تا بەجوانی لەبەریان بکات.

بۆیە یەکێك لەو کێشانەی کە تووشی لەبەرکارانی قورئان دەبێت، لێکچوونی ئایەتەکانە، باشترین ڕێگاش بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم کێشەیە دا بریتیە: لە دیاریکردنی کتابێك بۆ ئایەتە لێکچووەکان، کە بە یاساش بۆت ڕێك بخات، دواتر چەند کتێبێك باس دەکەین.

ئەگەر لەسەر کتاب نەکرا، ئەوا دەکرێت؛ پشت بە مامۆستایەکی لێهاتوو ببەسترێ، بۆ دیاریکردنی ئایەتە لێکچووەکان، بەڵام ئەمە کەمێ زەحمەتە و کاتی پێویستە.

بۆیە بۆ ڕێکخستن و لەبەرکردنی ئایەتە لەیەکچووەکان چەند خاڵێکت پێویستە، لەوانە:

١- دیاریکردنی کتابێکی باش یان مامۆستایەك بۆ دیاریکردنی شوێنە لێکچووەکان.

٢- دەستنیشانکردنی مانای ئایەتەکان بەپێی شوێنیان و جیاوازیان لەڕووی وشە و واتاوە.

٣- وردبوونەوە لەسەر جیاوازی ئایەتە لێکچووەکان و پێداچوونەوەیان بەوردی و بەراوردکردنیان بەیەکتر.

هەروەها پێویستە بڕگەی کۆتایی ئایەتەکانی وەك (عَزِيزٌ حَكِيمٌ) (غَفُورٌ رَّحِيمٌ) ... هتد لەبیر نەکەین و وریا بین و بەستنەوە بکەین لەگەڵ پێش و دوای خۆی، تا بیرمان نەچێتەوە.


وەکو لەم نموونەیە دیارە:

(ئەسمەعی) کە ناوی (عبدول مەلیکی کوڕی قُریب:٢١٦هـ) دەگێڕێتەوە و ئەڵێ: (من ئەم ئایەتەم دەخوێندەوە: (السَّارِقُ وَالسَّارِقَةُ فَاقْطَعُوا أَيْدِيَهُمَا جَزَاءً بِمَا كَسَبَا نَكَالًا مِنَ اللَّهِ، وَاللَّهُ غَفُورٌرَحِيمٌ)،وَبِجَنْبِي أَعْرَابِيٌّ، فَقَالَ: كَلَامُ مَنْ هَذَا؟ فَقُلْتُ: كَلَامُ اللَّهِ. قَالَ: أَعِدْ. فَأَعَدْتُ، فَقَالَ: لَيْسَ هَذَا كَلَامَ اللَّهِ. فَانْتَبَهْتُ فَقَرَأْتُ: {وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}.

فَقَالَ: أَصَبْتَ، هَذَا كَلَامُ اللَّهِ. فَقُلْتُ: أَتَقْرَأُ الْقُرْآنَ؟ قَالَ: لَا. فَقُلْتُ: فَمِنْ أَيْنَ عَلِمْتَ؟ فَقَالَ: يَا هَذَا، عَزَّ فَحَكَمَ فَقَطَعَ، فَلَوْ غَفَرَ وَرَحِمَ لَمَا قَطَعَ)[1].

---

(١) الكشكول:محمد بن حسين العامل الهمذاني-(البهاء العاملي)، (١١٢/٢)، ت:محمد عبدالكريم النمري، الناشر:دار الكتب العلمية.



واتا: (ئەسمەعی) ئەڵێ: (السارق والسارقة) بە هەڵە لەکاتی خوێندنەوەی وتم: (وَاللَّهُ غَفُورٌ رَحِيمٌ)، لەو کاتەدا دەشتەکیەك لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو وتی: ئەمە قسەی کێیە؟ وتم قسەی خوایە،وتی: دووبارە بیخوێنەوە، منیش بەهەمان شێوە دووبارەم کردەوە، وتی: ئەوە فەرموودەی خوای گەورە نیە،پاشان کە هۆشیار بووم زانیم هەڵەم کردووە،خوێندمەوە:{وَاللَّهُ عَزِيزٌ حَكِيمٌ}، ئینجا وتی: ڕاستت خوێندەوە، ئەوە فەرموودەی خوایە، منیش وتم: قورئانت خوێندووە؟ وتی: نەخێر، وتم: ئەی چۆنت زانی هەڵەم کردووە؟ وتی: ئەی فڵان دەسەڵات و بڕیار دەرکردن پاشان بڕین و جێبەجێکردن، جا ئەگەر لەمەدا بەزەیی پیدا هاتبایەوە و ڕەحمی پێ کردایە نەی دەبڕی.

مەبەستی ئەوەیە، خوا بڕیاری بەسەر دا داوە و جێبەجێ دەکرێت، جا ئەگەر لەمەدا بەزەیی هەبێت، کە وەك تۆ خوێندتەوە کە خوا بەبەزەییە، ئەوا فەرمانی نەدەکرد دەستی ببردرێت.

تێبینی: ئەمەش چەند سەرچاوەیەکە بۆ دیاریکردنی ئایەتە لێکچووەکان، کە هەر یەکێکیان چەند لایەنێکیان لەم بابەتە گرتووە و جۆراوجۆرن، جۆرێکیان گرنگی بەو بەشانە داوە کە لەیەك دەچن، وەك: (البرهان في متشابه القرآن: للكرماني) وە کتابی (فتح الرحمن: لأبي زكريا الأنصاري).

وە جۆرێکی تریان بەشێوەی شیعرە، وەکو (منظومة الدمياطي) و (منظومة السخاوي) و (منظومة الدنفاسي).

هەروەها هەندێ کتێب بۆ لەبەرکردنی ئایەتەکان یاسای بەکارهێناوە، وەك (مصحف التبيان).

*بەندەش هەڵسام بە کۆکردنەوەی هەرسێ شێوازی کە لەسەرەوە باسم کرد، لە کتێبێك و ناوم نا (تَوْجِيهُ الحُفَّاظِ لِضَبْطِ آياتٍ مُتَشابِهَة الأَلْفاظِ) کە نزیکەی (٧٠٠) لاپەڕەیە.

جیاکەرەوەکانی ئەم کتێبەش لەوانەی پێش خۆی ئەمانەن:

١- ئایەتە لێکچووەکانم لەسەر قورئان دیاری کردووە، تا قوتابی ماندوو نەبێت بە گەڕانەوە بۆ سەر کتێبی تر.

٢- دیاریکردنی ئایەتە لێکچووەکان و جیاوازی نێوانیان ئەگەر یەك پیتیش بێت.

٣- دانانی یاسا بۆ لەبەرکردنی ئەم جیاوازیانە.


٤- بەکارهێنانی نزیکەی (٦٠٠) دێڕ هۆنراوە بۆ لەبەرکردنی جیاوازیەکان.

٥- بەکارهێنانی نزیکەی (١٥٠) سوودی تەفسیری لە ئایەتەکان، کە یارمەتی دەرن بۆ لەبەرکردنی ئایەتە لێکچووەکان.

٦- دیاریکردنی ئەو ئایەتانەی تەنها یەك جار لە قورئان بەم شێوە هاتووە، ئەوەی تر کەمێك جیاوازیان هەیە.

٧- بەکارهێنانی (٢٢) یاسا بۆ ئاسانکاری بۆ لەبەرکردنی ئایەتە لێکچووەکان.

ئەمە هەندێ لە جیاکەرەوەکانی ئەم کتێبە بوو، چەند جیاکەرەوەیەکی تریش هەبوو، کە لێرە پێویست بە باسکردنیان ناکات.



١٧- (بە هەل وەرگرتن و قۆستنەوەی بۆنە و مەوسیمەکان)

ئەمەش خاڵێکە لەو خاڵانەی کە وا دەکات بۆشاییەکی باشتر و لەبەرکردنێکی جێگیرترت هەبێت، کە بریتیە: لە بەهەند وەرگرتنی بۆنەکانی وەك مانگی رەمەزان، بەهۆی ئەوەی لەم مانگەدا مرۆڤ زیاتر کاتی هەیە بۆ لەبەرکردن و دەورکردنەوە، چونکە مانگی قورئانە و هەروەها دڵی مرۆڤیش ئامادەییەکی زیاتری تێدایە بۆ وەرگرتنی قورئانی پیرۆز بەهۆی دوورکەوتنەوەی زیاتری لە تاوان.

هەندێ جار لەم مانگە پیرۆزە دا کە رەمەزانە، پێشبڕکێ بۆ لەبەرکارانی قورئان رێك دەخرێت، کە ئەم پێشبڕکێیانەش ئاسانکاری دەکات بۆ لەبەرکردن و دەورکردنەوە.

بۆیە زۆر گرنگە ساڵانە کاتێك بۆ ئەنجامدانی پێشبڕکێی لەبەرکردنی قورئـــانی پیـــرۆز و دەورکردنەوەی لەهەموو شارەکان بەتایبەتیش لەناو مزگەوت و شوێنەکانی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز دیاری بکرێت، وەك (بنکەکانی لەبەرکردنی قورئان)، کە ئەمەش دەبێتە چالاکییەك بۆ بنکە و شوێنەکانی کە ئەم پێشبڕکێیەی تیادا ئەنجام دەدرێت، بەهەمان شێوەش دەبێتە چالاکی بۆ ئەو قوتابییانەی کە بەشدار دەبن و دەتوانن لەبەرکردن و دەورکردنەوەی خۆیان تیادا باشتر بکەن، کە ئەم پێشبڕکێیانە زیاتر بۆ دەورکردنەوە سوودی دەبێت، ئەگەر ژمارەی جوزئەکان زۆر بێت،وە ئەگەر لە ماوەیەکی کورت بێت ئەوا پێشبڕکێی بچوك کراوەیە و نابێت زۆر دیاری بکرێت بۆ لەبەرکردن، سورەتێك یان جوزئێك زیاتر گونجاو نابێت.


(١٨) (كێبڕكێ و موونافەسە كردن لە لەبەركردن دا)

یەكێكی تر لەو ڕێگایانەی كە یارمەتیدەرە بۆ لەبەركردن بریتیە: لە پێشبڕكێ و موونافەسەكردن لە لەبەركردن دا، بەتایبەت لەنێوان منداڵاندا،بۆیە پێویستە لەسەر مامۆستا یان دایك و باوك گرنگی بدەن بەم لایەنە لەكاتی لەبەركردنی قورئانی پیرۆز، كە دروست كردنی روحی موونافەسە و پێشبڕكێ كردنە لەنێوان قوتابیان، هەروەك خوای گەورە دەفەرموویت:

﴿وَفِي ذَٰلِكَ فَلۡيَتَنَافَسِ ٱلۡمُتَنَٰفِسُونَ﴾(المطففين:٢٦).

واتا: جا ئەوانەی كە پێشبڕكێ و پێشدەستی دەكەن، با لەوەدا پێش دەستیی و كێبەركێ بكەن و هەوڵبدەن بۆ كاروكردەوەی چاك.

بۆیە پێویستە دەستخۆشیان لێ بكەن، تاوەكو زیاتر هان بدرێن بۆ ئەو موونافەسەكردنە و پێشبڕكێ بكەن بۆ لەبەركردن لەنێوان خۆیاندا، كە بەمەش چاونەترسی و ئاگاداریش دروست دەبێت لای قوتابی، و یەكێك لە شێوەكانی دروستكردنی پێشبڕكێ ئەوەیە، كە دایك و باوك لەماڵەوە پێشبڕكێ بكەن لەنێوان منداڵەكان، بەوەی پێیان بڵێن: ئەوەی فڵان سورەت لەبەر بكات، بۆ نموونە: فڵان ڕۆژ بەدڵی ئەو دەچینە شوێنێك، یان خواردن بەدڵی ئەو دەبێت، یان مامۆستا لە قوتابخانە بەهەمان شێوە هانی قوتابیان بدا بەم ڕێگایانە، بەڵام دەبێت ئاگادار بێت، ئەمە نەبێتە هۆی درووستكردنی ڕق و ئیرەیی لەنێوانیان، بەڵكو ببێتە هۆی نزیككردنەوەی قوتابی لە قورئانی پیرۆز و بەرەوپێشبردنیان لەم بابەتە.



١٩- (کارکردن بە لەبەرکردن و خوێندنەوەی بەیەکەوە)

مەبەستی سەرەکی لە لەبەرکردنی قورئان بریتیە لە کارپێکردنی لە ژیانی ڕۆژانەماندا، هەروەها گەیشتن بەو پلە و پایانەی کە خوای گەورە بۆ ئەهلی قورئانی داناوە،لە دونیا و دوارۆژدا، بۆیە کاتێك چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز لەبەر دەکەیت، پاشان کاری پێ دەکەیت، واتا لەبەرکردن و کارپێکردن بەیەکەوە ئەنجام دەدەیت، ئەوا لەبەرکراو باشتر جێگیر دەبێت لە مێشك و دڵدا، لەبەرئەوەی دوای لەبەرکردن بەکردار لەخۆتدا جێبەجێی دەکەیت، ئاشکراشە هەر شتێك بە کردار ئەنجام بدرێت ئاسانتر دەبێت بۆ لەبەرکردن و فێربوون، هەروەك (عبداللەی کوڕی مەسعود) دەفەرمووێت: (كَانَ الرَّجُلُ مِنَّا إِذَا تعلَّمَ عَشْرَ آيَاتٍ لَمْ يَتَجَاوَزْهُنَّ حَتَّى يَعْرِفَ مَعَانِيَهُنَّ وَالعَمَلَ بِهِنَّ)[١].

واتا: کەسێك لە ئێمە ئەگەر دە (١٠) ئایەت فێربووبایەو لەبەری کردبا، لەسەری تێ نەدەپەڕی، بۆ ئایەتێکی تر تا لە مانا و مەبەستەکەی تێ نەگەیشتبا و کاری پی نەکردبا.

بۆیە ئەگەر تەنها قورئان لەبەر بکرێت بێ تێگەیشتن لە ماناکەی، وەیان کاری پێ نەکەیت، واتا: کرداری لەبەرکاری قورئان پێچەوانەی قورئان بێت، ئەوا زۆر جار دەبێتە بەڵگە لەسەری نەك ببێتە بەڵگە بۆی.

ئیمامی (عومەر) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (لَا يَغُرَّنَّكُمْ مَنْ قَرَأَ القُرْآنَ، إِنمَّا هُوَ كَلَامٌ يَتَكَلَّمُ بِهِ، وَلَكِنِ انْظُرُوا مَنْ يَعْمَلُ بِهِ)[٢].

---

(١) تفسير الطبري-جامع البيان عن تأويل آي القرآن، (٧٤/١)، ت:د. عبدالله بن عبدالمحسن التركي،الناشر:دار هجر، ط: ٢٠٠١.

(٢) فتح الرحمن في بيان هجر القرآن- محمود الملاح- الفصل: العمل بالقرآن بين الترغيب والترهيب- (١٩٨).

واتا: فریو مەخۆن بەکەسێك کە تەنها قورئان دەخوێنێت، چونکە بەڕاستی تەنها قسەیەکە دەوترێت، بەڵکو سەیربکەن کە کێ کاری پێ دەکات.

وە هەروەها (ئیمامی غزالی: ٥٠٥هـ) دەفەرموویێت: (ئەگەر سەد ساڵ زانست بخوێنیت و سەد کتێب کۆ بکەیتەوە، ئەوا ئامادە نابی بۆ ڕەحمەتی خوای گەورە ئەگەر کردەوەی لەگەڵ نەبێت)[١].

بۆیە کارپێکردن بە قورئانی پیرۆز مانای قەبوڵ بوونی ئەو ڕەنج و ماندوو بوونەیە، کە لە لەبەرکردن و تیگەیشتنی قورئان سەرفت کردووە، وە سەرکەوتووی دونیا و قیامەت دەبیت، بۆیە (ئیبن جەوزی:٥٩٧هـ) دەفەرموویێت: (اللَّهَ اللَّهَ في العَمَل بالعلْم، فَإنَّهُ الأَصْلُ الأَكْبَرُ، وَالمِسْكِينُ كُلُّ المِسْكِينِ مَنْ ضَاعَ عُمْرُهُ فِي عِلْمٍ لَمْ يَعْمَلْ بِهِ، فَفَاتَتْهُ لَذَّاتُ الدُّنْيَا وَخَيْرَاتُ الآخِرَةِ)[٢].

واتا: (ئیبن جەوزی) دەفەرموویێت: الله الله لە کارکردن بە زانست، چونکە بەڕاستی کارکردن بە زانست گەورەترین بنچینەیە، داماویش ئەو کەسەیە کە تەمەنی خۆی سەرف دەکات لە زانستێك کە کاری پێ نەکردوە، بەمەش خۆشیەکانی دونیاو ئاخیرەتی لەدەست چوو.

بۆیە بەڕاستی کارکردن بە قورئانی پیرۆز وەك تەرازوویێك وایە،بۆ جیاکردنەوەی کارە ڕاستەکانمان لە هەڵەکان.


هەروەك (حەسەنی بەسری) دەفەرموویێت: (رَحِمَ اللَّهُ عَبْداً عَرَضَ نَفْسَهُ وَعَمَلَهُ عَلَى كِتَابِ اللَّهِ، فَإِنْ وَافَقَ كِتَابَ اللَّهِ حَمِدَ اللَّهَ وَسَأَلَهُ الزِّيَادَةَ، وَإِنْ خَالَفَ كِتَابَ اللَّهِ أَعْتَبَ نَفْسَهُ وَرَجَعَ مِنْ قَرِيبٍ)[٣].

---

(١) أيها الولد- للغزالي، (٩٩).

(٢) صيد الخاطر ، (٢١٨).

(٣) أخلاق حملة القرآن- للآجري، (١١٥).



واتا:(حەسەنی بەسڕی)دەفەرموویێت:خوا ڕەحم بە بەندەیەك بكات، كە كردەوەكانی خۆی بەراورد دەكات لەگەڵ قورئانی پیرۆز، ئەگەر هاوتا بوون لەگەڵ كتابی خوای گەورە ئەوا سوپاسی خوای گەورە دەكات و وە داوای زیاتر لە خوا دەكات، وە ئەگەر پێچەوانە بوو لەگەڵ كتابەكەی خوا، ئەوا سەرزەنشتی خۆی دەكات و زوو بۆ لای خوای گەورە دەگەڕێتەوە.

بۆیە ئەی قوتابی خۆشەویست و لەبەركاری قورئانی پیرۆز كە گەورەترین پڕۆژەیە لەژیانی خۆت ئەنجامی دەدەیت، پێویستە زۆر كار لەسەر ئەوە بكەیت، كە بزانی خوای گەورە لەم لەبەركردنە داوای چیت لی دەكات، سەرەتا لەسەرت پێویستە كە بەپێی توانا لە ئایەتەكانی قورئان تێ بگەیت، واتا لەبەرەكانت ببەستیتەوە بە تێگەیشتنەوە، ئەمەش بەوە دەبێت كە لەكاتی لەبەركردنی هەر ئایەتێك بگەڕێیتەوە بۆ تەفسیری قورئان، هەرچەندە تەفسیرەكەش كورت بێت،دواتر دەتوانیت پشت بەهەندێك كتاب و تەفسیری تربەستیت، تا زیاتر لە ئایەتەكان تێ بگەیت.

هەروەها لەهەموو ئەو شتانە دوور بكەویەوە كە كارپێكردنت لەسەر ئەستەم دەكەن، وەك تاوان و گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا كە ئەمانەش دوورت دەخەنەوە لە لەبەركردنی قورئان و كارپێكردنی.


(٢٠) (وردبوونەوە و تەركیز كردنی ئایەتەكان لەكاتی لەبەركردن)

سەیركردن و ڕوانین ئامرازێكی سەرەكییە، كە كرداری لەبەركردنی پێوە بەندە و پشتی پێ دەبەسترێت، بۆیە پێویستە لەكاتی لەبەركردندا ئەو لاپەڕەیەی كە مەبەستتە لەبەری بكەیت، زۆر بەوردی و بەجوانی سەیری بكەیت و بەچاو وێنەی بگریت، تاوەكو لەمێشك و یادگەدا چاپ و جێگیر بێت، لەبەرئەوەی وەك پێشووتر باسمان كرد، چاو وەك ئامێری وێنەگرتن وایە، ئەو شتانە وێنە دەگرێت لە مێشك كە بەوردییەوە سەیر دەكرێت، بۆیە لەكاتی لەبەركردنی لاپەڕەیەك ئەو بەشەی كە لەبەرت كردووە، پێویستە بزانی كە كەوتۆتە كام لای لاپەڕەكە، واتا كەوتۆتە لای ڕاست، یان چەپ، یان سەرەوە، یان خوارەوە، هەروەها ئەم لاپەڕە لەچەند ئایەت پێك هاتووە و باس لە چی دەكات، و چەندان شتی تر ....، كە باشتر وایە بزاندرێت بۆ ڕێكخستنی لەبەركردنەكە، بەم شێوە زانیارییەكان زیاتر لە مێشك دەمێننەوە،ئەگەر پاش ماوەیەكیش پرسیارت لێ كرا دەربارەی ئەم زانیارییانە، ئەوا بە وردبوونەوە لەم لاپەڕەیە و گێڕانەوەی وێنەیی كە لە مێشكدا هەڵی گرتبوو دێتەوە یادت.

بۆیە زانایانیش ئەم بەشەیان پشت گوێ نەخستووە لە كرداری لەبەركردن، كە وردبوونەوە و هەڵگرتنی وێنەی لاپەڕەیە لە مێشك.

هەروەك (ئەحمەدی كوڕی فوڕات:٢٥٨هـ) وتوویەتی: (لَمْ نَزَلْ نَسْمَعُ شُيُوخَنَا يَذْكُرُونَ أَشْيَاءَ فِي الحِفْظِ، فَأَجْمَعُوا أَنَّهُ لَيْسَ شَيْءٌ أَبْلَغَ فِيهِ مِنْ كَثْرَةِ النَّظَرِ)[١].

(١) الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع، (٢/٢٥٠)،باب: اختيار وقت المناسب للحفظ.



واتا: بەردەوام گوێیان لە زانایانـیان دەبێت، کە هەندێ شت باس دەکەن بۆ لەبەرکردن، کۆدەنگ بوون لەسەر ئەوەی هیچ شتێك وەك چاو بە زۆر سەیرکردن زانیارییەکان بە مێشك ناگەیەنن.

هەروەها (ئیسماعیلی کوڕی ئەبی ئوەیس:٢٢٦هـ) ڕێنمایی یەکێك دەکات، کە پرسیاری لی دەکات، دەفەرموویت: (إِذَا هَمَمْتَ أَنْ تَحْفَظَ شَيْئًا،فَنَمْ،ثُمَّ قُمْ عِنْدَ السَّحَرِ،فَأَسْرِجْ،وَانْظُرْ فِيهِ، فَإِنَّكَ لَا تَنْسَاهُ بَعْدَ إِنْ شَاءَ اللَّهُ)[١].

واتا:ئەگەر ویستت نووسراوێك لەبەر بکەیت،ئەوا بخەوە،لەکاتی پارشێو هەڵبستە و چراکە دابگیرسێنەو سەیری نووسراوەکە بکە بەوردی و تەرکیزەوە،پاش ئەمە هەرگیز بیرت ناچێتەوە.

(٢١) (دیاریکردنی ئەو شوێنانەی کە هەڵەی تیادا دەکەیت)

ئەمەش بەوە دەبێت،ئەگەر لەکاتی لەبەرکردن،یان دەورکردنەوە، لە شوێنێك یان چەند شوێنێك هەڵەت تیادا کرد، ئەوا گرنگە ئەم شوێنە بە قەڵەمێك دیاری بکەیت و نیشانەی بۆ دابنێی و تەرکیزی زیاتری لەسەر بکەیت،پاش دەستنیشانکردنی هەڵەکان دەست بکە بە دەورکردنەوەی ئەم شوێنانە چەند جارێك،تاوەکو بەجوانی لەمێشکدا جێگیر دەبێت، هەندێ شوێنی وەك ئۆزباکستان و مۆریتانیا نزیکەی (١٠٠) جار لاپەڕەیەك دووبارە دەکەنەوە بۆ لەبەرکردنی.

(١) الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع(٢/ ٢٥٠)، باب: اختيار وقت المناسب للحفظ.


(٢٢) (پارێزگاری کردن لە خەتم و خوێندنەوەی ڕۆژانە)

ئەمەش یەکێکی ترە لەو خاڵە گرنگانەی کە وا دەکات لەبەرکردن زیاتر لە مێشکدا بمێنیتەوە.

ئەمەش بەوە دەبێت، کە ڕۆژانە بەبەردەوامی خەتمی هەبێت بەخوێندنەوە هەروەها بەردەوام گوێگرتنی ڕۆژانەشی هەبێت،بەوەی کە سوڕەتێك یان چەند سوڕەتێك دیاری بکات تاوەکو گوێی بۆ بگرێت، کە ئەمەش جۆرێکی ترە لە دەورکردنەوەی ئەوەی کە لەبەرت کردووە،بەم شێوازە کاتێکی کەمتریشت پێویستە بۆ دەورکردنەوە، لەبەرئەوەی زۆر جار دەکرێت ئەم گوێگرتنە لەناو سەیارە ئەنجام بدرێت، لەکاتی چوون بۆ دەوام، یان لەکاتی ئیش و کار، یان هەر شتێکی تر کە مەجالی گوێگرتنی هەبێت، بەمەش بەکاتێکی کەم دەتوانیت دەورکردنەوەیەکی خێرا ئەنجام بدەیت.

٢٣- (نەگۆڕینی مامۆستای لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز)

زۆر گرنگە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لەسەر دەستی یەك مامۆستای شارەزا بێت لەسەرەتاوە تاوەکو هەموو قورئانی پیرۆز لەبەر دەکات،یان ئەگەر ئەو شوێنانەی بەش بەش و بە قۆناغ لەبەر دەکەن لانی کەم مامۆستا نەگۆڕێت، تا ئەم بەش و مەرحەلە تەواو دەکات، کە بۆ ساڵێك داندراوە بۆ لەبەرکردن، بۆیە نەگۆڕینی مامۆستا چەندان سوودی هەیە، لەوانەش پەیوەندییەکی ڕوحی بەهێز لەنێوان مامۆستا و قوتابی دروست دەکات و گەشەی پێ دەکات، هەروەها وا دەکات کە ئاسانتر وانەکانی لەبەر بکات، بەهۆی هۆگربوونی بە مامۆستاکەی، بەهەمان شێوەش شارەزای شێوازی مامۆستاکەی دەبێت و شەرمیش لە مامۆستاکەی ناکات لەکاتی وتنەوەی بەشی لەبەرکراو.



بەڵام ئەگەر زوو زوو مامۆستا بگۆڕێت، قوتابیەکە لەسەرەتادا هەست بە شەرم و دڵەڕاوکێ دەکات و کاتی پێویستە تا شەرمەکەی نامێنێ و لەگەڵ مامۆستاکەی ڕادێت و فێرە شێواز و ڕێگاکانی فێرکردنی مامۆستاکەی دەبێت.

(کورتکراوەی گرنگترین بنچینەکانی پێشوو):

((قَلَّل المقْدارَ، وَأَكْثِرِ التَّكْرَارَ، وَحَافِظْ علىَ الاسْتِمْرَارِ وَأَلْزِم الاسْتِغْفَارَ وَقَلَّل مِنَ الأَوْزَارِ وَصَاحِبِ الأَخْيارَ)).

بەهەمان شێوەش شێخ (عبدالله بن محمود الطويل) دەفەرموێت:

كَـــيْ تَحفظَ القُـرآنــا •• فَــاسْتَمِـعِ البَـيـانــا
فَـقَـلّـلِ الـمِـقْــدارا •• وَأكــثِـرِ الـتّـكـرارا
وَأدِمِ اسْــتِـغـفــارا •• وَالتَـزِمِ استِمـرارا
وَخَـفِّـفِ الأَوْزارا •• وَصَـاحِبِ الأَخْـيـارا
ثُمّ الـدُّعــا مِـدرارا •• وَأَخْـلِـصِ الأَسْـرارا

(چۆنییەتی لەبەرکردنی لاپەڕەیەك بە کردار)


١- ئەو لاپەڕەیەی بۆ لەبەرکردن دەستنیشانت کردووە بەوردی و تەرکیزەوە دەی خوێنیتەوە پێش لەبەرکردن، بۆیە تەرکیز لەئایەتی یەکەم دەکەیت، وەك ئەوەی بتەوێت لەمێشکدا وێنەی بگریت، پاشان ئایەتی دواتر و پاشان دواتر تا ئەم لاپەڕەیە تەواو دەبێت و سەرەتای ئایەتەکانیش لەگەڵی دیاری دەکەیت، کە بە چی دەست پێ دەکات و پاشان بابەتی ئەم لاپەرەیە باس لە چی دەکات.

٢- خوێندنەوەی تەفسیری ئەو ئایەتانەی کە بڕیارە لەبەری بکەیت، چونکە هەر دەقێك کە تێی گەیشتی ئاسانتر لەبەر دەکرێت.

٣- گوێگرتن زیاتر لە (٥) جار لەو بەشەی یان ئەو لاپەڕەیەی کە نیازت وایە لەبەری بکەیت، تاوەکو زیاتر گوێ بگریت، ئاسانتر لەبەر دەکرێت، وە هەچەندە دەنگی قورئان خوێنەکە لات خۆشتر بێت، تەرکیزت لەسەر ئایەت و ماناکەی زیاتر دەبێت و ئاسانتر لەبەر دەکرێت.

٤- لاپەڕەیەك لە قورئانی پیرۆز پێك دێت لە (١٥) دێڕ، بۆیە ئەم (١٥) دێڕە دابەش بکە بۆ دوو بەش یان سێ یان زیاتر تاوەکو تەرکیزت لەسەری باشتر بێت و هەر بەشە و بە جوانی لەبەری بکەیت وە لە کاتی هەڵەکردن لە هەر بەشێك دا ئەم بەشە (١٠ بۆ ٢٠) جار دووبارە بکەوە تا جارێکی تر توشی هەڵە نەبیت.

٥- شـــێوازی لەبەرکردنەکەش پـــاش گوێگرتن و تێگەیشـــتن لە بەشـــە دیاریکراوەکە ئایەت ئایەت لەبەری بکە ئەگەر ئایەتەکە زۆر درێژبوو بەپێی




نیشانەی وەستانەکان (الوقف) لەبەری بکە، ئایەتی یەکەم (١٠ – ٢٠) جار دووبارەی بکەوە، تا بەتەواوی جێگیر بێت لە دڵ و مێشکدا، ئینجا ئایەتی دووەم بەهەمان شێوە پاشان ئایەتی یەکەم و دووەم بەیەکەوە (١٠ بۆ ٢٠) جار تا بەشی یەکەم تەواو دەبێت، ئینجا دەست بکە بە بەشی دووەم بەهەمان شێوە پاشان بەشی یەکەم و دووەم تا لاپەڕەکە کۆتایی دێت.

ئینجا دەست دەکەی بە دووبارەکردنەوەی ئەم لاپەڕەیە بە کاملی و بەتەواوی کە ئەویش دەکرێ بیکەی بە دوو بەش یان هەمووی بەیەکەوە دەور بکەیەوە،بەڵام تا یەك هەڵەشت تیادا کرد، بەسەر ئەم لاپەڕەیەدا تێ مەپەڕە، تا بەجوانی هەمووی دەور دەکەیەوە بێ هەڵە و بێ ئەوەی سەیری قورئانەکە بکەیت، ئەوا بەم شێوەیە ئەم لاپەڕەیەت بە جوانترین شێوە لەبەرکرد ،بە جێبەجێکردنی ئەم خاڵانە.

٦- دواتر گرنگی دەدەی بەیەکگەیاندنی ئایەتەکان و بەستانەوەیان بە یەکتر بەم شێوەیە:﴿كَذَٰلِكَ جَزَآءُ ٱلۡكَٰفِرِينَ(١٩١) فَإِنِ ٱنتَهَوۡاْ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ (١٩٢)﴾ (البقرة:١٩١– ١٩٢).

واتا: بەدەنگ بیخوێنیتەوە، پاشان بێ وەستان بیگەیەنە بە ئایەتی دوای خۆی و چەند جارێك دووبارەی بکەوە تا جێگیر دەبێت.



بەشی چوارەم
(مــندالْ و قورئــان)

باسی یەکەم:- (گەورەیی فێرکردنی قورئان بۆ مندالْ)

١) عَنْ عَليِّ بْن أَبي طَالب رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: (أَدِّبُوا أَوْلاَدَكُمْ عَلَى ثَلاَثِ خِصَالٍ: حُبِّ نَبِيِّكُمْ، وَحُبِّ أَهْلِ بَيْتِهِ، وَقِرَاءَةِ الْقُرْآنِ)[١].

واتا: منداڵەکانتان لەسەر سێ تایبەتمەندی ڕابهێنن و پەروەردەیان بکەن:

یەکەمیان: خۆشەویستی پێغەمبەر ﷺ،دووەمیان:خۆشەویستی ئال و بەیتەکەی، سێیەمیان: خوێندنەوەی قورئان).

٢) (عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ: مَنْ عَلَّمَ وَلَدًا الْقُرْآنَ قَلَّدَهُ اللَّهُ تَعالَى قِلاَدَةً يَعْجَبُ مِنْهَا الْأَوَّلُونَ وَالْآخِرُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[٢].


---

(١) مسند الفردوس- الدليمي، (١٧٠٥)، جامع شعب الأيمان- للبيهقي (٤٠١/٦).

(٢) هەمان سەرچاوە، (١٨٩/٥)، (٧٤٦٨).

تێبینی:ئەم فەرموودەش هاتووە (عَنْ أَنَس (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ:قَالَ رَسُولُ الله(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمْ):(مَنْ عَلَّمَ ابْنَهُ الْقُرْآنَ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ وَمَا تَأَخَّرَ، وَمَنْ عَلَّمَهُ إِيَّاهُ ظَاهِرًا، بَعَثَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى صُورَةِ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ، وَيُقَالُ لاَبْنِهِ: اقْرَأْ، فَكُلَّمَا قَرَأَ آيَةً رَفَعَ اللَّهُ (عَزَّ وَجَلَّ) الْأَبَ بِهَا دَرَجَةً، حَتَّى يَنْتَهِيَ إِلَى آخِرِ مَا مَعَهُ مِنَ الْقُرْآنِ)(مسند الفردوس،للدليمي(٧٤٧)، (فەرموودەیەکی لاوازەو پشتی پێ نابەستریٚ).

واتا: لە(ئەنەسی کوڕی مالیك)ەوە دەفەرموێت:پێغەمبەر(صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمْ)فەرمووی: (هەر کەسێك منداڵی خۆی فێری خوێندنەوەی قورئان بکات بە سەیرکردن و خوێندنەوەی بەچاو، ئەوا خوای گەورە لە تاوانەکانی پێشوو و دواتری خۆش دەبێت، وە هەر کەسێ منداڵێکی خۆی فێری قورئان بکات بە تەفسیری و بەڕوونی، خوای گەورە لە ڕۆژی



واتا: هەرکەسێك منداڵێکی خۆی فێری قورئان بکات، خوای گەورە لە قیامەت ملوانکەیەکی لە مل دەکات، وەك ڕێزێك کە خەڵکانی پێشینە و پاشینەکان سەرسام دەکات.

٣- عَنْ بُرَيْدَةَ بْن الحَصيب رَضيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ:قَالَ رَسُولُ الله(صَلَّى اللهُ عَلَيْه وَسَلَّمْ): (...وَيُكْسَى وَالِدَاهُ حُلَّتَيْنِ لاَ يُقَوَّمُ لَهُما أَهْلُ الدُّنْيا،فَيَقُولانِ:بِمَ كُسِنا هَذِهِ؟فَيُقَالُ:بِأَخْذِ وَلَدِكُما القُرآن)[1].

واته: (...باوك و دایکیشی دوو پۆشاکی سەرتاپایان لەبەر دەکرێ،ئەگەر ئەهلی دونیا هەرچیان هەیە خەرجی بکەن،تا ئەو دوو پۆشاکە بکڕن ناتوانن (ئەوەندە گرانبەهایە)،جا دەڵێن:بە هۆی چ شتێکەوە ئەم دوو پۆشاکەمان لەبەرکراوە؟ دەگوترێ:بەهۆی ئەوەی منداڵەکەتان فێری قورئان کردووە).

هەر بۆیە ئیمامی (شاطبی) (خوا لێی رازی بێت) زۆر جوان دەفەرموێت:

فَيَا أَيُّهَا القَارِئُ بِهِ مُتَمَسِّكًا   مُجِلًّا لَهُ فِي كُلِّ حَالٍ مُبَجِّــــلَا
هَنِيئًا مَرِيئًا وَالِدَاكَ عَلَيْهِمَا   مَلَابِسُ أَنْوَارٍ مِنَ التَّاجِ وَالحُلَا[2].

واتا: ئیمامی (شاطبی) لەم دوو دێڕە هۆنراوەیەدا زۆر جوان دەفەرموێت:


قیامەت لەسەر شێوەی مانگی تەواوی شەوی تەواو دەبێت لە جوانی دا، پاشان لەقیامەت بە منداڵەکەی دەوترێت: بخوێنە! هەرکاتێك ئایەتێك بخوێنێت، خوای گەورە باوکی پلەیەك بەرز دەکاتەوە بەهۆی ئایەتەوە بەم شێوە بەرز دەبێتەوە تا کۆتا ئایەت کە دەی خوێنێت بەردەوام بەرز دەبێتەوە.

(١) رواه أحمد مطولا في المسند،(٢٣٨/٥)، (١٢٣٠٠٠)(إسناده حسن).

(٢) متن الشاطبية المسمى بحرز الأماني- الشاطبي- رقم: (١٥-١٦)- ص(٢)- وصححه محمد تميم الزعبي.

ئەی خوێنەران و هاوەڵانی قورئان ئەی ئەو کەسەی دەستت بە قورئانەوە گرتووە و کاری پێ دەکەیت، ئەی ئەو کەسەی کە هەموو کاتێك بە گەورەیی سەیری قورئان دەکەیت و لە خزمەتی دەبیت (لەهەمو کاتێکدا)،بەخۆشیت بێت ئەو ڕێزەی کە لەقیامەت پێت دەبەخشرێت، وە خۆشحاڵی و شادومانیش بۆ دایك و باوکت کە تاجی ڕووناك و لە نوریان لەسەر دەندرێت و بە تاج و جلوبەرگی جوانیش دایان دەپۆشن و دەیان ڕازێننەوە.

ئەو فەرمودانەی کە باس کران هاندەرێکی چاکن بۆ دایك و باوك تا زیاتر گرنگی بە منداڵەکانیان بدەن، بۆ فێرکردنی قورئانی پیرۆز، ، بۆیە ئەرکە لەسەر دایك و باوك کە پەروەردەی منداڵەکانیان بکەن بە جوانترین و باشترین شێوە، بەتایبەت فێرکردنی قورئان و ناساندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆیان و شارەزاکردنیان لێی.



باسی دووەم: (ئەرکەکانی سەر دایك و باوك بەرامبەر بە منداڵەکانیان)

لە پێشووتر دا باسی ئەوەمان کرد کە دایك و باوك بەرپرسیارن بەرانبەر بە منداڵەکانیان و لەسەریانە کە پەروەردەیەکی جوانیان بکەن و وە فێریان بکەن، بە تایبەت لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز ، وە چۆن ئامادەیان بکەن و ڕێخۆشکەریان بن بۆ ئەم کارە، هەروەها چۆن هۆکار و پێداویستەکانیان بۆ دابین بکەن بۆ فێربوون،بۆیە لێرەدا باسی هەندێك ئەرکی دایك و باوك دەکەین بەرانبەر بە منداڵەکانیان بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، لەوانە:

١- پێداگریان لەسەر فێرکردنی منداڵەکانیان لە تەمەنێکی بچوك:

پێویستە دایك و باوك پێداگر بن لەسەر منداڵەکانیان بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە تەمەنێکی بچوك،لەبەرئەوەی لەم تەمەنەدا ئاسانتر بەگوێی دایك و باوکی خۆی دەکات، بەهۆی کەمتر تێکەڵبوونی لەگەڵ هاوڕێکانی و سەرقاڵ نەبوونی بە شتی ترەوە، هەروەها لەم تەمەنەدا مێشکی سافە و زووتر شتەکان لەبەر دەکات،بەهۆی نەبوونی کێشە و مەشاکیل و بەرپرسیارێتی، بەپێچەوانەی کەسی گەورە، وە لەبەرکردنەکانیشی لەم تەمەنەدا بەهێزترە و زیاتر دەمێنێتەوە، بۆیە پێویستە لەلایەن دایك و باوکەوە لەم تەمەنەدا گرنگی زیاتری پێ بدرێت، تاوەکو لە دوای مردنی دایك و باوکەکەش منداڵەکە سوودی بۆیان هەبێت بە دوعاکردن بۆیان، لەسەر ئەو پەروەردە جوانەی کە پەروەردەیان کردووە، لەبەرئەوەی پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویت: ((إِذَا مَاتَ الإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّا مِنْ ثَلَاثٍ: صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ، أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ، أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُوْ لَهُ))[1].

(١) رواه مسلم،(٧٣/٥)، كتاب: الوصية، باب: ما يلحق الإنسان من الثواب بعد وفاته، (١٦٣١).


واتا: کاتێك مرۆڤی موسڵمان دەمرێت،هەموو کار و کردەوەکانی دەوەستێت لەدوای خۆی، تەنها سێ شت نەبێت، خێرێکی بەردەوام، یان زانستێك سوودی لێ وەربگیرێت، یان منداڵێکی باش و ساڵح کە دوعا بۆ دایك و باوکی بکات.

٢- (گرنگیدانی دایك و باوك بە منداڵ بۆ لەبەرکردنی قورئان هەروەك چۆن گرنگی بە خوێندن و پاشەڕۆژ دەدات و زیاتریش).

هەروەك چۆن بۆ دونیا گرنگی بە منداڵەکانمان دەدەین و دەیاننێرین بۆ قوتابخانە و چاودێریان دەکەین و پارەیان لێ سەرف دەکەین و هەندێ جار قسەی ناخۆشیشیان پێ دەڵێین لەسەر نەخوێندنیان یان نەچوونیان بۆ قوتابخانە هتد... بەهەمان شێوە پێویستە گرنگی زیاتریشیان پێ بدرێت لەلایەن دایك و باوك بۆ لەبەرکردنی قورئان و فێربوونی زانست، وە پێویستە ماندوو بن لەگەڵیان و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت بۆ فێربوون و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز ،تا لە گرنگیدانی ئێوە و هاندانی بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز هەست بکات کە سەرقاڵی جێبەجێکردنی چ کارێکی پیرۆزە و زیاتر گرنگی پێ بدات.

٣- (دیاریکردنی مامۆستا یان بنکەیەکی باش بۆ فێربوون و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز)

کەواتە پێویستە لەسەر دایك و باوك هەوڵ بدات کە مامۆستایەکی باش و شارەزا لە زانستی تەجوید و شێوازی لەبەرکردن بۆ منداڵەکەی دابین بکات،یان بەدوای بنکەیەکی باش بگەڕێت بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، تا منداڵەکە زیاتر سوود ببینێت.



٤- (ئامادەکردنی پێداویستییەکانی قوتابی بۆ ئەم ڕێگایە)

لەسەر دایك و باوکە کە پێویستیەکانی منداڵەکەی دابین بکەن، تا قورئانی پیرۆز لەبەر دەکات، پێویستییەکانیش بەپێی توانا دەتوانرێت دابین بکرێن، بۆ نموونە: هۆکاری گواستنەوە بۆ شوێنی لەبەرکردن یاخود کڕینی قورئان و کتێبی پێویست بەم بابەتە،هەروەها ئاگاداری منداڵەکەش بن کە غیاب نەبێت لە وانەکان مەگەر بۆ کارێکی زۆر گرنگ بێت، ئەگەر نا دەبێت لەکاتی خۆی بچێ بەبێ دواکەوتن و لەکاتی خۆیشی بگەڕێتەوە.

٥- (چاودێریکردن و لێپرسینەوەی ڕۆژانە لە وانەکان)

هەروەك چۆن ڕۆژانە لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت لەسەر ئەرکەکانی قوتابخانە و سەیری واجبەکانی ڕۆژانەو و نمرەی تاقیکردنەوەکانی دەکرێت، بەهەمان شێوە پێویستە چاودێری لەبەرکراوەکانی قورئان و دەورکردنەوەکانی ڕۆژانە و نمرەی تاقیکردنەوەکانیشی بکرێت، واتا بەشێوەیەکی گشتی پێویستە ڕۆژانە چاودێری خۆی و لەبەرکردن و دەورکردنەوەکانیشی بکرێت بەتایبەتیش:

أ- ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی لەوانەی نوێ تا زمانی لەسەر ڕادێت.

ب- دەورکردنەوەی چەند لاپەڕەیەکی وانەکانی پێشووتر لەلایەن قوتابییەکە.

ج- گوێگرتنی قوتابییەکە لە نیو (جوزء)ی ڕۆژانە یان زیاتر لەو دەورکردنەوەی کە ڕۆژانە هەیەتی.


٦- (جیاوازی بکرێت لە نێوان توانای فێربوونیان،وە هەروەها ئارامگرتن و نەرم نیانی لەگەڵیان):

هەندێ دایك و باوك وا دەزانێت ئەگەر توند و تیژ بوو،بەرامبەر بە منداڵەکەی بۆ لەبەرکردنی قورئان ئەوا لەبەر دەکات، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەی بە نەرمی و لەسەرخۆیی بۆت جێبەجێ دەکات ، بە توندی بۆت جێبەجێ ناکات، بۆیە پێویستە زۆر بەنەرمی و بە قسەی خۆش هانی بدەیت، کە ئەم کارە بەجوانی و ڕێکی ئەنجام بدات و ئارامگر بێ لەسەری، بەشێوەیەك ئەگەر تۆشی لا نەبوو زۆر بەجوانی قورئان لەبەر بکات،نەك بەداخەوە هەندێ جار بە لێدان و توند و تیژی پێی لەبەر دەکرێت،بەتایبەت ئەمە ڕێگایەکە لە وڵاتی (صۆماڵ) جێبەجێ دەکرێت،لەکاتی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، ئەمەش زۆر هەڵەیە، لەبەرئەوەی کەسایەتی منداڵەکە دەشکێت،هەروەها کەسێکی ڕەق و شەڕانی دەردەچێت، پاشان وای لێ دێت بەهۆی ئەم لێدانەوە ڕق و ترسی دەبێت بەرامبەر لەبەرکردنی قورئان، وە وای لێ دێت کە هیچ کارێك ئەنجام نادات بە لێدان نەبێت، بەتایبەت لەبەرکردنی قورئان، بۆیە دەکرێت هەندێ جار هان بدرێت و هەندێ جاری تر بترسێندرێت لەلایەن دایك و باوکەوە، تا ڕادێ بۆ لەبەرکردن.

٧- (فێری بکەن ڕێزی مامۆستا و قورئان بگرێت):

پێویستە لەسەر قوتابی کە ڕێزی مامۆستا بگرێت، ئەگەر بە گومانی ئەو هەڵەیەکیشی کرد، ئەمەش لەسەر دایك و باوك پێویستە کە بەجوانی فێری ڕێزگرتنی مامۆستا و قوتابییەکانی بکەن، قَالَ (الشَّافعيّ:٢٠٤هـ) (رَحمَهُ اللهُ): (كُنْتُ أَصْفَحُ الْوَرَقَةَ بَيْنَ يَدَي مَالِكٍ صَفْحًا رَقِيقًا هَيْبَةً لَهُ لِئَلَّا يَسْمَعَ وَقْعَهَا)[١].

(١) كتاب العلم وآداب العالم والمتعلم- للنووي، (١٠٥).




واتا:ئیمامی(شافیعی)خوای لێی ڕازی بێت، فەرمووی:(من لە بەردەم مامۆستاکەم(مالك) دا ، بەنەرمی پەڕی کتێبەکەم هەڵدەدایەوە لە ڕێزو هەیبەتی ئەو،بۆ ئەوەی دەنگی پەڕەکە نەبیستێت).

باسی سێیەم:- (کەی دەست دەکرێت بە فێرکردن و لەبەرکردنی قورئان بۆ منداڵان):

سەیرە لات بەڵام دەکرێت، هەر لەو کاتەی کۆرپەلە لە سکی دایکی دایە، بەتایبەت لە شەش (٦) مانگیدا دایك و باوك دەتوانن ئامادەی بکەن بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، بۆیە هەر دایك و باوکێك حەز دەکات منداڵەکەی قورئان لەبەر بکات، با دایکەکە کاتێك منداڵەکەی لە سکی دایە زۆر قورئان بخوێنێت و گوێی بۆ بگرێت، کە ئەمەش بەکردار جێبەجێ کراوە و کاریگەری هەبووە و سوودی لێ بینراوە، ئەم گوێگرتن و خوێندنەوە بەردەوامەی قورئان لەلایەن دایکەکە دەبێتە هۆی خەزنکردنی ئەو دەنگ و زانیارییانەی کە لەژێری ناوەوە یان لە هۆشی خۆنەویست کۆی دەکاتەوە و تۆماری دەکات،لەبەرئەوەی زانستی نوێ ئەوەی سەلماندووە ،کە کۆرپەلە لەسەرەتای مانگی شەشەمی ناوسکی دایکی هەستی بیستنی بەشێوەیەکی سنووردار دەست بەکار دەبێت وبیستن ڕوودەدات بۆ ئەو دەنگانەی کە لەدەرەوەی سکی دایکی دەیبیستێ.

بۆیە ئەم ڕێگایەش سوودی دەبێت بۆ منداڵەکە لەدوای لەدایکبوونی، دواتر لە تەمەنی دوو ساڵی تا دەگاتە پێنج (٥) ساڵی دووبارە لەکاتی یاریکردن یان هەندێ کاتی تر بە تەسجیلێك یان هەر شتێکی تر گوێ لە قورئان دەگرێت، بەمەش سوودێکی زۆری دەبێت بۆی و بەشێوەیەکی



خۆنەویست بەشێك لەم ئایەتانەی گوێی بۆ گرتووە، بەشێوەی وشە وشە و کەم کەم لەکاتی یاریکردن لەبەری کردووە، دواتر بەخۆنەویستی و بێ ئاگایی بە وشە دەری دەبڕێتەوە.

بۆیە فێرکردن و لەبەرکردنی قورئان لەم تەمەنە بچوکە دا زۆر گرنگە و بەئاسانتر و کاتێکی کەمتر دەتوانێت لەبەری بکات و زیاتریش دەمێنێتەوە، وەك لە کەسێکی گەورە، بۆیە ئەگەر سەیری ژیانی زانایانی پێشوو بکەین، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆریان لەم تەمەنە بچوکەوە واتا پێش تەمەنی (١٥) ساڵی هەموو قورئانی پیرۆزیان لەبەرکردووە و فێری زانستیش بوون، هەر لەم تەمەنەوە لەوانە:


* (ئیمامی شافیعی:٢٠٤هـ) خوا لێی رازی بێت لە حەوت (٧) ساڵی تەواوی قورئانی پیرۆزی لەبەر کردووە.

* وە (سوفیانی کوڕی عویەینە:١٩٨هـ)خوا لێی رازی بێت لە دە(١٠)ساڵی قورئانی لەبەربووە.

* پێشەوا (زوهری:)ش (خوا لێی ڕازی بێت) بەهەمان شێوە لە تەمەنی (١٠) ساڵی بەماوەی هەشتا (٨٠) ڕۆژ واتا کەمتر لە سێ (٣) مانگ هەموو قورئانی لەبەر کردووە[١].

ئەمە چەند نموونەیەك بوو لە زانایانی پێشین، کە لەتەمەنێکی بچووك قورئانیان لەبەر کردووە و چەندان نموونەی تریش هەن، بەڵام ئەمە تایبەت نیە تەنها بە زانایان، بەڵکو ڕۆژانە چەندان منداڵ لە چەندین وڵات دەبینین، کە لە تەمەنێکی زۆر بچوك هەموو قورئانی لەبەربووە بەژمارەی ئایەتەکانیشەوە.

(١) صور ومواقف- مأمون جرار- (٦٥/٨).



بۆیە شـاعیر (محــمد كوڕی حسێن: ٣٥٥هـ) كە شەرعزانێكی مەزهەبی شافیعییە ئەڵێ:

تَعَلَّمْ يَا فَتًى وَالْعُــودُ رَطْبٌ وَطَبْعُكَ لَيِّنٌ وَالدَّهْـــــرُ قَابِلٌ
كَفَى بِكَ يَا فَتًى شَرَفًا وَفَخْرًا سُكُوتُ الْجَالِسِينَ وَأَنْتَ قَائِلٌ[1].

واتا: ئەی گەنج فێر بە ،كە گەنجی و تازە و دڵنەرمی و كاتیش گونجاوە بۆفێربوون،ئەوە شەرەفێكی گەورەیە بۆ تۆ كە هەموو دانیشتووان لە مەجلیس و كۆڕ بێ دەنگن، تەنها تۆ قسە دەكەی.


باسی چــوارەم: (هــۆكار و پاڵنەرەكانی مــنداڵ بۆ لەبەركردنی قورئانی پیرۆز).

هەموو كارێك كە مرۆڤ ئەنجامی دەدات،هۆكار و پاڵنەرێكی هەیە، كە وای لێ دەكات ئەم كارە ئەنجام بدات، ئەم هێزی پاڵنەرەش بارێكی ناوەوەی لەشی مرۆڤە، هەڵدەستێت بە وروژاندنی هەست و نەست و توانای كەسەكە، لە بار و دۆخێكی دیاریكراو بۆ گەیاندنی بە ئامانج و مەبەستێكی دیاریكراو.

كۆمەڵێك هۆكار و پاڵنەر هەن، كە هانی منداڵ دەدەن بۆ لەبەركردنی قورئان، لەوانە:

أ/ (هاندانی منداڵ بە قسە): واتا دایك و باوك بەردەوام هانی منداڵەكەیان بدەن،بۆ نموونە پێیان بڵێن: ئەم منداڵەمان زۆر زیرەكە، یان پێی بوترێ تۆ

(١) الآداب الشرعية والمنح المرعية، (٢٣٦/١).




زۆر زیرەکی، لەدوارِۆژدا کەسێکی زیرەك و زانا و سەرکەوتووت لێ دەر دەچێت، بەم شێوەیە دەتوانرێت هانی منداڵەکە بدرێت بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

بۆیە دڵنیا بە ئەگەر بەم شێوە هانت دا و پاڵپشتی بوویت، سەرکەوتوو دەبێت، ئەم جۆرە هاندانە وا دەکات مێشك هۆرمۆنێك دەر بدات، کە دەبێتە هۆی بارگاوی کردنی مرۆڤ بە وزەیەکی سەرسورِهێنەر وە هەروەها متمانەیەکی زۆر لای منداڵەکە درووست دەکات.

ب/ (هاندانی منداڵ لەرِێگای پێشبرِکێ کردن لەنێوانیان و پێدانی دیاری) درووستکردنی رِوحی پێشبرِکێ لەنێوان کەسەکان لەکاری چاکە،بەتایبەت بۆلەبەرکردنی قورِئان لەنێوان منداڵان رِێگایەکی سەرکەوتووە و دەتوانین بۆ هاندانی منداڵ پشتی پێ ببەستین.

هەروەها لەگەڵ هاندانیان لەرِێگای پێشبرِکێ کردن دیاری بداتە کەسی براوە،یان پێیان بڵێت:هەر کامتان فڵان سورِەتتان لەبەر کرد، خواردنی ئەم رِۆژە بەدڵی ئەو دەبێت، یاخود چوونەدەر و دیاریکردنی شوێنی گەشتەکەمان بە قسەی ئەو دەبێت و ئەو دیاری دەکات، یان هەر شتێکی تر کە منداڵەکە هان بدات بۆ ئەم کارە، بە مەرجێك ئاگاداری ئەوە بێت ئەم هاندانە نەبێتە هۆی درووستکردنی ئیرەیی و حەسادەت لەنێوان منداڵەکان.

ج/ پێشەنگی چاك:- بەشێوەیەکی گشتی منداڵ چاو لە لەخۆی گەورەتر دەکات و لاسایی دەکاتەوە، بۆیە زۆر جار دایك و باوك یان هاورِێیەکی منداڵەکە دەبنە پێشەنگ و چاولێکراو بۆ منداڵەکە،ئەگەر چاك بوون منداڵەکەش چاك دەبێت، ئەگەر خراپیش بوون منداڵەکەش خراپ دەبێت.



بۆیە ئەگەر دایك و باوك یان هاوڕێی منداڵەکە ئەهلی قوڕئان بوون و قوڕئانیان لەبەر دەکرد، یان لەپێش منداڵەکە دەیان خوێندەوە، ئەوا کاریگەری زۆر چاك لەسەر منداڵەکە درووست دەکات و وادەکات کە منداڵەکە هەمان شت دووبارە بکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر منداڵەکە دایك و باوکی یان هاوڕێکەی زۆر خۆش دەویست و پێی سەرسام بوو، ئەوا زۆر ئاسانتر وا دەکات چاویان لێ بکات،ئەگەر ڕاستەوخۆش ئەنجامی نەدات، بەڵام شێوازەکەی لە مێشك دەمێنێت و بە هاندانێکی کەم دەبێتە پڕۆژەی داهاتووی.

(ئەبی هریرە) لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموویێت: ((ٱلْمَرْءُ عَلَى دِينِ خَلِيلِه، فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ))[1].

واتا: مرۆڤ لەسەر ئاینی خۆشەویستەکەیەتی، جا هەر یەکێك لە ئێوە سەیر بکات کێ دەکاتە خۆشەویست و دۆستی خۆی.

بۆیە پێکەوەبوون و سەیر کردنی یەکتر کاریگەری لەسەر کەسی بەرامبەر دروست دەکات بەتایبەتیش منداڵ، لەبەرئەوەی منداڵ لەسەرەتای تەمەنیدا ناتوانێت بە باشی قسە و گفتوگۆ بکات، یان دوای فێربوونی گفتوگۆش توانای وردبوون و پلان داڕێژی نیە، بەڵکو هەرچی ببینێت، هەوڵی لاسایی کردنەوەی دەدات، چەندین جار بینیومانە کاتێك دایك و باوك نوێژ دەکەن، منداڵەکەش لایان دەوەستێت و وەك ئەوان جوڵە دەکات، کە ناشزانێ بۆ وا دەکەن، بۆیە دایك و باوك پێشەنگن بۆ منداڵەکەیان، ئەگەر باش بوون، منداڵەکەش باش دەبێت، واتا ئەگەر ئەهلی قوڕئان بوون، منداڵەکەش کاریگەری لەسەر درووست دەبێت و دەبێتە ئەهلی قوڕئان، ئەگەر خراپیش بوون منداڵەکەش خراپ دەبێت.

(١) مسند أحمد، (١٣/٣٩٨)، (مسند أبي هريرة) (٨٠٢٨).

د/ (نموونە هێنانەوە بۆیان بە زانایانی پێشوو وە باسکردنی ژیانیان) گێڕانەوەی چیرۆك و ڕووداو بۆ منداڵان و باسکردنی ژیانی زانایان و چۆنیەتی هەوڵدانیان بۆ فێربوونی زانست و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز، وا دەکات کە ئەم منداڵە وەك ئەوان هەست بە بەرپرسیارێتی بکا و چاویان لێ بکات.


بۆ نموونە باسکردنی ژیانی (عبداللەی کوڕی عەباس) کە چۆن لە منداڵیەوە دەستی کردبوو بە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز[١].

هەروەها چەندین نموونەی تریشمان هەیە، وەك (حافزی نەوەوی و پێشەوا شافیعی و زوهری و چەندانی تریش...) کە لە پێشتریش باسمان کرد، خوا لێیان ڕازی بێت، کە لە منداڵی قورئانیان لەبەر کردبوو، بۆیە تۆی دایك یان باوك دەتوانیت وەك چیرۆك بۆ منداڵەکانی باس بکەیت، کە بێگومان سوودی دەبێت و ئەم زانایانە دەبنە پێشەنگ لەم کارە بۆ منالەکان و لاسایان دەکەنەوە.


هـ/ (نزا و پاڕانەوە): دوعا و پاڕانەوەی دایك و باوك بە فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ گیرا دەبێت بۆ منداڵ و دوعای باش بە باش و دوعای خراپ بە خراپ وەڵام دەدرێتەوە، مەگەر خوای گەورە لە خراپەکە بەڕەحمی خۆی قەبوڵی نەکات.

بۆیە نزا و پاڕانەوەی دایك و باوك بۆ منداڵەکانیان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وا دەکات (منداڵەکانیان) دوارۆژێکی پڕشنگداریان هەبێت، بەتایبەتیش ئەگەر نزا بۆ منداڵەکانیان بکەن کە بتوانن قورئان لەبەر بکەن، چونکە


(١) فضائل القرآن- لابن كثير- باب: تَعَلُّمِ الصبيان القرآن، (٢٢٥).



لەبەرکردنی قورئان شتێکی پیرۆزە، بۆیە دوعاکە وەرگیراوە لای خوای گەورە، بەتایبەتیش ئەگەر دوعاکە لەلایەن دایك و باوکەوە بێت بۆ منداڵەکە و وە هەوڵیشی بۆ بدەن بۆ ئەم کارە.



بەشی پێنجەم



(هەندێ خواردن و خواردنەوە یارمەتیدەرن بۆ لەبەرکردن و بیر و هۆش چالاك دەکەن لەگەڵ ڕوونکردنەوەی هەندێ کاروکردەوە کە بە پێچەوانەوە بیر و هۆش بێ هێز دەکەن)

١- (هەندێ خواردن و خواردنەوە هەن کە یارمەتیدەرن بۆ لەبەرکردن و بیر و هۆش بەهێز دەکەن گرنگترینیان):

أ/ هەنگوین (العسل): بەشێوەیەکی گشتی هەنگوین سوودێکی زۆری هەیە بۆ لەشی مرۆڤ، بەتایبەت بۆ بەهێزکردنی بیر و هۆش، (قَالَ الزُّهرِيُّ:عَلَيْكَ بِالعَسَلِ فَإِنَّهُ جَيِّدٌ لِلْحِفْظِ)[١].

واتە: پێشەوا (زوهری) فەرمووی:(دەست بەخواردنی هەنگوین بگرن، چونکە بیر و هۆش بەهێز دەکات و لەبەرکردن ئاسان دەکات).

بەتایبەتیش ئەگەر هیچ شتێکی نەخواردبێت،واتا بەیانی کە لەخەو هەڵسا پێش هەموو شتێك هەنگوین بخوات، هەروەها چارەسەری زۆر نەخۆشیشی تێدایە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:﴿يَخْرُجُ مِنْ بُطُونِهَا شَرَابٌ مُّخْتَلِفٌ أَلْوَانُهُۥ فِيهِ شِفَآءٌ لِّلنَّاسِۗ﴾(النحل :٦٩).

(١) الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع،(٢٦٢/٢)،(١٧٩٤). تێبینی: سەنەدەکەی لاوازە بەڵام ڕێگای تر هەیە کە بەهێزی دەکات.

تێبینی:لەسەرەوە باسمان کرد کە خواردنی هەنگوین بەسوودە،وە هەروەها لە گەڵ ئاویش تێکەڵ دەکرێت، هەروەك لە فەرموودەش بە (شربة عسل) هاتووە.(عَن جَابر بن عَبْدالله،قَالَ:سَمِعْتُ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَقُول: (إِنْ كَانَ فِي شَيْءٍ مِنْ أَوْدِيَتِكَمُ خَيْرٌ،فَفِي شَرْبَةِ عَسَلٍ). رواه البخاري،(١٢٥/٧)،كتاب:الطب-باب:الحجامة من الشقيقة والصداع.

واتا: لەنێو سکی مێشهەنگەکاندا هەنگوینێکی نایاب و هەمەڕەنگ دێتەدەرێ، شیفای گەلێ نەخۆشی تێدایە بۆ مەردم.

هەروەها (عبدالله کوڕی مەسعود:٣٢هـ)لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەفەرموویێت: ((عَلَيْكُمْ بِالشِّفَاءَيْنِ:العَسَلُ وَالْقُرْآنِ))[١].

واتا: (دەست بە دوو چارەسەرەکەوە بگرن: هەنگوین و قوڕئان).

ب/ (خواردنەوەی ئاوی زەمزەم): خواردنەوەی ئاوی زەمزەمیش هەر کەسێك بە مەبەستی لەبەکردنی قورئانی پیرۆز بیخواتەوە؛ بەپشتیوانی خوا لەبەری دەکات، هەروەك پێغەمبەر ﷺ دەفەرموویێت: (مَاءُ زَمْزَمٍ لِمَا شُرِبَ لَهُ)[٢].

واتا: ئاوی زەمزەم بۆ ئەوەیە کە بۆی دەخورێتەوە.

ئیمامی (شەوکانی) دەفەرموویێت: قَولُهُ: ((مَاءُ زَمْزَمٍ لِمَا شُرِبَ لَهُ)) بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بە خوارنەوەی ئاوی زەمزەم سوود بەو کەسە دەگەیەنێت، کە بە هەر مەبەستێك بیخواتەوە، جیاوازی نیە، بۆ کارێکی دونیایی بێت یان بۆ ئاخیرەت بێت، لەبەرئەوەی لە فەرموودەکە دا ((لِمَا شُرِبَ لَهُ)) شێوازێکی گشتیە)[٣].

هەروەها پێشینە چاکەکانیش گرنگیان بە خواردنەوەی ئاوی زەمزەم داوە، هەر کاتێك یەکێکیان پێویستییەکی هەبوایە،ئەوا ئاوی زەمزەمی دەخواردەوە، بە مەبەستی چارەسەر و دوعای دەکرد خوای گەورە بۆی ئاسان

---

(١) رواه ابن ماجه،(١٢٥/٥)،كتاب الطب،باب العسل،(٣٤٥٢). تێبینی:ئەم فەرموودەیە (موقوفە) و ئەلبانی بە بێهێزی دادەنێت بەڵام فەرموودەی صەحیحمان هەیە بەم مانایە.

(٢) رواه ابن ماجه،(٤/ ٥٠٦) ، كتاب المناسك، (٣٠٦٢).

(٣) نيل الأوطار: الشوكاني،(٥/ ١٧٠) ، باب: الشرب من زمزم.

بکات، بۆ نموونە (خەتیبی بەغدادی: ٤٦٣هـ) (خوا لێی ڕازی بێت)، کاتێك کە چوو بۆ حەج و حەجی کردووە، سێ قومی لە ئاوی زەمزەم خواردۆتەوە و سێ داواکاری و پێویستی لە خوای گەورە داوا کردووە: کە تاریخی بەغداد بنووسێ ، هەروەها فەرموودەکانی پێغەمبەرﷺ کۆ بکاتەوە و بیان نووسێت، وە لە مزگەوتی منصور هەروەها لای (بِشري حافي) لە گۆڕدا بشاردرێتەوە)[١].
هەرسێ دوعاکەشی گیرابوو.

هەروەها ئیمامی(حاکم:٤٠٥هـ)یش ئاوی زەمزەمی خواردەوە بە مەبەستی نووسینی کتابەکەی لەفەرموودە و کۆکردنەوەیان، بۆیە خوای گەورەش مەبەستەکەی پێ بەخشی کە (المستدرك على الصحيحين) بوو.

لەکۆتاییشدا قازی (یەحیای کوڕی أحمدی کوڕی مەسعود مەحاربی: ٧٢٧هـ) دەگێڕێتەوە کە ئاوی زەمزەمی خوادۆتەوە بەمەبەستی لەبەرکردنی قوڕئانی پیرۆز، خوای گەورەش وەڵامی داوەتەوە و قوڕئانی زۆر بەئاسانی لەنزیکترین کات لەبەر کردووە)[٢].

ج/ ڕەشکە (الحبة السوداء): کە ئەمەش چارەسەری زۆر نەخۆشی تێدایە، وە یادگەش بەهێز دەکات.

خاتوو عائیشە خوا لێی رازی بێت، دەفەرمووێت: گوێم لە پێغەمبەرﷺ بوو دەیفەرموو:((فِي الحَبَّةِ السَّوْداءِ شِفاءٌ مِن كُلِّ داءٍ، إلَّا السَّامَ ...))[٣].

---

(١) تأريخ دمشق- لابن عساكر- (٣٤/٥)، المنتظم في تاريخ الملوك والأمم- لابن الجوزي، (٢٦٩/٨).

(٢) الدرر الكامنة في أعياء المائة الثامنة: لابن حجر العسقلاني، (٥/ ١٨٦).

(٣) رواه البخاري، (١٢٤/٧)، كتاب: الطب باب: الحبة السوداء، (٥٦٨٨).

واتا: لە ڕەشکەدا شیفا هەیە بۆ گشت نەخۆشیەك تەنها (سام) نەبێت، واتا: مردن.

ئەمەش بەجۆرەها شێوە ئامادە دەکرێت، هەندێ کات بەتەنها دەخورێت، هەندێك کاتی تر بەتێکەڵی لەگەڵ شتی تر دەخورێت، وەك هەنگوین بەپێی پیویست کەئەمەش شیفای تێدایە بۆ نەخۆشی و یارمەتی کرداری لەبەرکردن دەدات.

د/ خورما (التمر):کە ئەمەش تاقیکراوەتەوە بۆ بەهێزکردنی لەبەرکردن، پێغەمبەری خواش ﷺ وە عەرەبیش بەگشتی زۆر حەزیان بە خورما بووە.

بەڵکو هەندێ لە زانایان دەفەرموون: زۆر خواردنی خورما بووەتە هۆی وەفاتی ئیمامی (موسلم ی کوڕی حەجاج: ٢٦١هـ) خاوەنی کتێبی (صحيح مسلم) هەروەك ئیمامی(ذهبي) دەفەرمووێت: (ئەحمەدی کوڕی سەلەمە: ٢٨٦هـ) فەرمووی: مەجلیسێك ڕێکخرا بۆ پێشەوا (موسلیم) بۆ دەورکردنەوەی فەرموودە، فەرموودەیەکی بۆ باس کرا،کە پێشەوا (موسلم) نەیزانی، پاشان گەڕاوە ماڵەوە، چراکەی داگیرساند و بە ماڵ و منداڵەکەی وت: کەس نەیەتە ژوورەوە بۆ لام، خێزانەکەی پێی وت: سەبەتەیەك خورمامان بەهەدیە بۆ هاتووە، ئیمامی موسلم فەرمووی: بیهێنن، خورماکەیان بۆ هێنا، پاشان دەستی کرد بە بەدوا دا گەڕانی فەرموودەکە و دانە دانە خورماکەی دەخوارد، تا بەیانی داهات و خورماکە هەمووی تەواو بوو فەرموودەکەشی دۆزیەوە[١].

ئیمامی(حاکم) دەفەرمووێت:کەسێکی متمانەپێکراو لە هاوڕێیانمان دەڵێ کە بەهۆی زۆر خواردنی ئەم خورمایە پێشەوا (موسلم) وەفاتی کردووە[٢].

---

(١) سير أعلام النبلاء،(١٢)/٥٧٩)، ترجمة الإمام مسلم بن حجاج.

(٢) تأريخ نيسابور- للحاكم النيسابوري- تحقيق: د. سليم بن عبد الله الهلالي، (١٢٥/٢).

ه/ (قوتدانی چاوی (مەڕ و بزن) بێ جوین): قوتدانی چاو (گلێنەی چاو) کارێکی بەردەوام و ناسراوە لای (شەنقیتییەکان)،بەشێوەیەك گلێنەی چاوی مەڕ یان بزن لەناو کەللـە سەری کوڵاو دەردەهێنن و دەی خەنە ناو دەمی منداڵ و پاشان ئاوی پێ لەسەر دەکەن، تا قوتی بدات و نەیجوێت[١]، ئەمەش تاقی کراوەتەوە بۆ لەبەرکردن کاریگەری هەبووە بۆ بەهێزکردنی مێشك و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

بۆیە ئەمەی باس کرا هەندێ لەم خواردن و خواردنەوانەن، کە لەکاتی خواردن یان خواردنەوە بیر و هۆشی مرۆڤ چالاك دەکەن و یارمەتیدەرن بۆ ئاسان لەبەرکردنی زانیارییەکان، بەتایبەت قورئانی پیرۆز.

هەندێ لە زانایان هەندێ خواردن و خواردنەوەی تریش زیاد دەکەن، بۆ نموونە وەك (مێوژ و شیری مانگا و خواردنی ماسی و هەنار و هتد...).

(١) طريقة حفظ القرآن عند الشناقطة، إبراهيم بن أُبٌّ الحسني الشنقيطي،(٥٥)

٢- (هەندێ لەو شتانەی بیر و هۆش لاواز دەکەن و کرداری لەبەرکردن گران دەکەن):

١- (گوناهـ و تاوان): هەروەك پێشووتر باسمان کرد، گوناه و تاوان یەکێکە لەو هۆکارانەی کە بیر و هۆشی مرۆڤ لاواز دەکەن، هەروەها دڵیش دەمرێنێت. بۆیە زۆری تاوان و لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بەیەکەوە کۆ نابنەوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرمووێت:﴿وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۖ وَيُعَلِّمُكُمُ ٱللَّهُۗ﴾ (البقرة: ٢٨٢).

واتا: لەخوا بترسن، خواش فێری زانستی و کار و باری ئاینتان دەکات.

بۆیە ئەگەر هەوڵت دا قورئان لەبەر بکەیت و خۆت ماندوو کرد، بەڵام توانای لەبەرکردنت زۆر خراپ بوو، ئەوا بزانە کە هۆکاری سەرەکی بەهۆی گوناه و تاوانەوەیە، خراپترین تاوان و هۆکارێکیش بۆ کرداری لەبەرکردن بریتیە لە سەیرکردنی حەرام (نەزەرکردن)، چونکە مێشك لاواز و سەرقاڵ دەکات لە کاتی لەبەرکردنی قورئان، کە هەندێ جار نەزەرێك بە کەم سەیر دەکەین، بەڵام دەکرێ کاتێکی زۆر لە هەوڵدان و زۆر لە هێز و توانات بەفیڕۆ بدات.

بۆیە (وەکیع کوڕی جەڕاح: ١٩٦هـ) دەفەرمووێت: (رَأَيْتُ كَعْبَ امْرَأَةٍ، فَنَسِيتُ نِصْفَ عِلْمِي)[١].

واتا: بە بینینی پاژنە پێی ئافرەتێکەوە، نیوەی زانستم بیر چۆوە.

٢- (خۆخەریککردنی زیاد لەپێویست بە دونیا): ئەمەش بریتیە لە گرنگیدانی زیاد لە پێویست بە دونیا و ماڵ و سامان، بەهۆی ئەم گرنگیدانە زیاد لە

(١) سیر أعلام النبلاء، (١٤١/٩).

پێویستەی ناتوانێت کاتێکی دیاریکراو دابنێت بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز.

لە (عبد الرحمن کوڕی ئەسوەد)ەوە لە باوکیەوە دەفەمەرموویێت: (أَصَبْتُ أَنَا وَعَلْقَمَةَ صَحِيفَةً ، فَانْطَلَقْنَا بِهَا إِلَى ابْنِ مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ)، فَذَكَرَ قِصَّةً قَالَ فِيهَا: إِنَّ هَذِهِ الْقُلُوبَ أَوْعِيَةٌ، فَاشْغَلُوهَا بِالْقُرْآنِ، وَلَا تَشْغَلُوهَا بِغَيْرِهِ)[1].

واتا: لە (عبد الرحمن کوڕی ئەسوەد: ٩٨هـ)ەوە لە باوکیەوە فەرمووی: من و عەلقەمە پەڕاوێکمان دۆزیەوە، بردمان بۆ لای (عبدوڵای کوڕی مەسعود) (خوا لێی رازی بێت)، باسی بەسەرهاتێکی بۆ کردین، کە تیایدا فەرمووی: (بەڕاستی دڵ وەك دەفرێك وایە، کەوایە سەرقاڵی بکەن بە قورئان و سەرقاڵی مەکەن بە شتی ترەوە).

بۆیە سەرقاڵ بوون بە قورئان لە پیرۆزترین کارەکانە و فێربوونی و لەبەرکردنی پێویستی بە خۆیەکلاکردنەوەیە و پێویستە کاتی بۆ دابنێی.


(عبدوڵای کوڕی مەسعود:٣٢هـ) خۆی یەکلا کردبۆوە بۆ قورئان و شارەزابوون لێی وەك دەفەرموویێت: (وَاللَّهِ الَّذِي لَا إِلَهَ غَيْرُهُ، مَا أُنْزِلَتْ سُورَةٌ مِنْ كِتَابِ اللَّهِ إِلَّا وَأَنَا أَعْلَمُ أَيْنَ أُنْزِلَتْ، وَلَوْ أَعْلَمُ أَحَدًا أَعْلَمَ مِنِّي بِكِتَابِ اللَّهِ تَبْلُغُهُ الْإِبِلُ لَرَكِبْتُ إِلَيْهِ)[2].

واتا: (عبدوڵای کوڕی مەسعود) (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموویێت: سوێند بەوەی هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەو، هیچ سورەتێك لە قورئان

---

(١)) سنن الدارمي، (٢/٥٣٤)، تحقيق: حسن سليم أسد، (٣٣٨٩).

(٢) رواه البخاري، (٦/ ١٨٧)،كتاب: فضائل القرآن، باب: القراءة من أصحاب النبي ﷺ، (٥٠٠٢).



دانەبەزیوە، مەگەر دەزانم لەکوێ دابەزیوە، وە هیچ ئایەتێکیش دانەبەزیوە، مەگەر دەزانم لەسەر کێ دابەزیوە، ئەگەر بزانم کەسێك هەیە لە من زانیاری زیاترە لە قورئانی پیرۆز، کە وشتر و سواری پێی بگەن، ئەوا دەچووم بۆ لای.


٣- (نەبوونی دەورکردنەوەی بەردەوام): پێویستە لەسەر قوتابی بەردەوام گرنگی بە دەورکردنەوەی قورئانی پیرۆز بدات، لەبەرئەوەی پێداچوونەوەی قورئان بەبەردەوامی گرنگترە لە لەبەرکردنی، چونکە ئەگەر پێداچوونەوەت نەبێت، ئەوا ئەوەی لەبەرت کردووە بەماوەیەکی کەم لەبیری دەکەیت و هەوڵ و ماندوو بوونی چەند ساڵت بەفیڕۆ دەڕوات، هەروەها لەبەرکردن و دووبارەکردنەوەی قورئان بەبەردەوامی مێشك فراوانتر دەکات، بەهۆی ڕاهێنانی بەردەوام لەسەر لەبەرکردن و دەورکردنەوەی، بەڵام بە وازهێنان لێیان، وردە وردە توانای لەبەرکردن کەم دەبێتەوە و توشی لەبیرچوونەوە دەبێت.

بۆیە پێغەمبەر ﷺ گرنگی پێداچوونەوەی قورئانمان بۆ باس دەکات و دەفەرموێت: ((تَعاهَدُوا القُرْآنَ، فَوالذي نَفْسِي بيَدِهِ لَهو أشَدُّ تَفَصِّيًا أي: (تَفَلُّتاً وَخُرُوجًا) مِنَ الإبِلِ في عُقُلِها))[١].

واتا: دەست بە قورئانەوە بگرن بە دەورکردنەوە و پێداچوونەوەی، چونکە سوێند بەوەی گیانی منی بەدەستە، قورئان لە وشترێکی بەستراو خێراتر دەڕوا و لەبیر دەچێتەوە، (ئەگەر پێداچوونەوەی بەردەوامی بۆ نەکەی).

بۆیە لەبەرکاری قورئان پێویستە بەردەوام دەوری ئەو بەشانە بکاتەوە کە لەبەری کردوون، ئینجا بەشی نوێ لەبەر بکات،یان ئەگەر هەموو قورئانی لەبەر کردبوو، پێویستە بەردەوام دەوری بکاتەوە تاوەکو لەبیری نەکات.

(١) رواه البخاري،(٦/ ١٩٣)، كتاب: فضائل القرآن ، باب: استذكار القرآن وتعاهده،(٥٠٣٣).




٤- (لەبەرکردنی زیاد): پێویستە لەسەر قوتابی سەیری توانای خۆی بکات، کە ئایا توانای چەندە و چەند دەتوانێت لەبەر بکات، نەك زیاد لەتوانای خۆی لەبەر بکات، بەڵام نەتوانێت دەوری بکاتەوە یان هەڵەی زۆر بێت، بەڵکو ئەوەندە لەبەر دەکات کە دەتوانێت دەوری بکاتەوە و جێگیری بکات، تا کاتێکی زۆری لێ نەڕوات بە دەورکردنەوە، لەبەر ئەوەی کە زۆری لەبەر کرد و باش نەبوو، ئەوا کاتێکی زیاتری بۆ دووبارەکردنەوە پێویستە، بەڵام ئەگەر کەمێکی بە گوێرەی توانای خۆی لەبەر کرد، ئەوا زوو جێگیر دەبێت و وە کاتێکی کەمتریشی پێویستە بۆ لەبەرکردن و دەورکردنەوەی، بۆیە تاوەکو زۆر نەبێت لەسەری و توشی ساردبوونەوەی نەکات، پێویست ناکات زۆر لەخۆی بکات بەزیاتر لەبەرکردن لەتوانای خۆی.

٥- (زۆر خواردن): بەڕاستی زۆر خواردن و زیادەڕەویکردن لە خواردن لە ئاینی ئیسلامدا ڕێگەپێدراو نیە و سەرکۆنەکراوە، وە زیانی زۆریشی هەیە،کە تەنها کاریگەری لەسەر لەبەرکردن نیە، بەڵکو تەواوی جەستەی مـرۆڤ توشی زیان و نەخۆشی دەکات، بۆیە پێغـــەمبەر ﷺ ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرمووێت: ((مَا مَلَأَ ابْنُ آدَمَ وِعَاءً شَرًّا من بَطْنه، بِحَسَب ابن آدمَ أُكلَات يُقمْنَ صُلْبَهُ فَإن كَانَ لَا مَحَالَةَ فَثُلُثٌ لِطَعَامِهِ وَثُلُثٌ لِشَرَابِهِ وَثُلُثٌ لِنَفَسِهِ))[1].

واتا: خراپترین دەفرێ ئادەمیزاد پڕی بکات گەدەیەتی، چەند پاروویە سەروو زیادەیە ئەوەندەی بەسە پشتی ڕابگرێ، خۆ ئەگەر هەر ناچار بوو، با گەدەی بکاتە سێ بەشەوە: بەشێکی بۆ خواردنی، بەشێکی بۆ خواردنەوەی، بەشێکی بۆ هەناسەدانی.

---

(١) رواه الترمذي،(٤/ ١٨٨)،أبواب الزهد عن رسول الله ﷺ، باب:ما جاء في كراهية كثرة الأكل،(٢٣٨٠).



قال (القرطبي:٦٧١هـ) -رحمه الله تعالى-: (...ثُمَّ قِيلَ: فِي قِلَّةِ الْأَكْلِ مَنَافِعُ كَثِيرَةٌ، مِنْهَا أَنْ يَكُونَ الرَّجُلُ أَصَحَّ جِسْمًا وَأَجْوَدَ حِفْظًا وَأَزْكَى فَهْمًا وَأَقَلَّ نَوْمًا وَأَخَفَّ نَفْسًا، وَفِي كَثْرَةِ الْأَكْلِ كَظُّ الْمَعِدَةِ وَنَتْنُ التُّخْمَةِ، وَتَتَوَلَّدُ مِنْهُ الْأَمْرَاضُ الْمُخْتَلِفَةُ، فَيَحْتَاجُ مِنَ الْعِلَاجِ أَكْثَرَ مِمَّا يَحْتَاجُ إِلَيْهِ الْقَلِيلُ الْأَكْلِ. وَقَالَ بَعْضُ الْحُكَمَاءِ: أَكْبَرُ الدَّوَاءِ تَقْدِيرُ الْغِذَاءِ)[1].

واتا: ئیمامی (قورتوبی) (خوا لێی ڕازی بێت)دەفەرمووێت:(پاشان وتراوە کەم خواردن سوودی زۆری هەیە، لەوانە:جەستەی مرۆڤ سەلامەت دەبێت لە نەخۆشی،لەبەرکردنێکی بەهێزی دەبێت،وە تێگەیشتنێکی باشتری دەبێت و کەمتر دەخەوێ،لەشی سوکتر دەبێت، بەپێچەوانەشەوە لەزۆر خواردندا تێکچوونی سیستەمی خۆراکی و زیادەڕەوی تیایدا و چەندین نەخۆشی جیاوازی لێ دروست دەبێت، وە زیاتر پێویستی بە چارەسەرە، وەك لە کەسێك کە زۆر خواردن ناخوات، وە هەندێ لە دانا و زاناکان وتوویانە: گەورەترین چارەسەر ڕێکخستنی خۆراکە.

وقال (ابن جماعة) (رحمه الله): (كَثْرَةُ الأَكْلِ جَالِبَةٌ لِكَثْرَةِ الشُّرْبِ، وَكَثْرَتُهُ جَالِبَةٌ لِلنَّوْمِ وَالْبَلَادَةِ، وَقُصُورِ الذِّهْنِ، وَفُتُورِ الْحَوَاسِّ، وَكَسَلِ الْجِسْمِ، هٰذَا مَعَ مَا فِيهِ مِنَ الْكَرَاهِيَةِ الشَّرْعِيَّةِ)[2].

واتا:(ابن جماعة: ٧٣٣هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) دەفەرمووێت: (زۆر خۆری دەبێتەهۆی زۆر خواردنەوەی ئاو، بەدوای ئەویش نووستنی بەدوادا دێت،

(١) الجامع لأحكام القرآن ، القرطبي، (٧-٨/١٢٣)، ت: سالم مصطفى البدري،دار: الكتب العلمية، سورة (الأعراف: ٣١).

(٢) تذكرة السامع والمتكلم في أدب العالم والمتعلم،لابن جماعة،(٨٣ - ٨٤)،دار ابن الجوزي، تحقيق: محمد بن زين العابدين رستم.

هەروەها تەركیز و زیرەكی كەم دەكات، وە هەستەكانی چالاكیان نامێنێت، لەشیش بێ هێز دەكات، لەگەڵ ئەوەی كە زۆر خۆری لە شەریعەتیشدا كارێكی خراپە و پەسەند نیە.

بەشێوەیەكی گشتی لەناو عەرەب دا حەزیان بە زۆر خۆری نەبووە و ستایشی كەمخۆریشیان كردووە.

هەروەك (حاتەمی طائی:٤٦هـ) لەم بەیتە شیعرەدا ئەڵێ:

فَإِنَّكَ إِنْ أَعْطَيْتَ بَطْنَكَ سُؤْلَهُ وَفَرْجَكَ، نَالَا مُنْتَهَى الذَّمِّ أَجْمَعًا[1].


واتا: ئەگەر مرۆڤ جلەوی خواردن و خواردنەوە و حەزی شەهوەتی بەرەڵا كرد ئەوا شایەنی هەموو سەرزەنشت كردنێكە.

٦- (زۆر سەیركردنی ئامێرە ئەلیكترۆنیەكان): زۆر سەیركردنی ئامێرە ئەلیكترۆنیەكانی وەك موبایل و ئایپاد و تەلەفزیۆن، بەتایبەتیش ئەگەر بۆ ماوەیەكی درێژ بێت، ئەمە بیر و هۆشی بێهێز دەكات و هێزی بەكارهێنەرەكە كەم دەكات، بۆیە كرداری لەبەركردنیش لاواز دەكات.

ئەمانە هەندێ بوون لەو شتانەی كە بیر و هۆشی مرۆڤ سەرقاڵ و لاواز دەكەن و پێویستە لێیان دوور بكەوێتەوە.

(١) كتاب الجوع- ابن أبي الدنيا- حاتم الطائي، (٧٥/٥٢).

بەشی شەشەم



(هۆکارەکانی لەبیرچوونەوەی قورئان و چارەسەرەکەی)

لێرەدا چەند هۆکارێك باس دەکەین، کە دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوەی قورئانی پیرۆز و باسی چارەسەرکردنیشی دەکەین، کە (شەنقیتییەکان) چۆن جارەسەریان کردووە.

١- وازهێنان و پشتگوێخستنی دەورکردنەوە:وەك پێشتر باسمان کرد؛ کە قورئانی پیرۆز دوای لەبەرکردن پێویستی بە پێداچوونەوەیە و، نابێت وازی لی بهێنرێت و پشتگوێ بخرێت، بەڵکو دەبێت بەردەوام دەوربکرێتەوە،مەگەر هەندێك شوێن نەبێت کە لەبەرت کردووە و پێداچونەوەشت بۆکردووە، بەڵام باش جێگیر نەبووە لە مێشك دا،ئەوا دەکرێت بۆ کاتێکی کەم، کە لە هەفتەیەك تا مانگێك ئیسراحەت بەو شوێنانە بدەیت، کە باش جێگیر نەبوون و هەر هەڵەیان تیادا دەکەیت، دواتر کاتێك دوای ماوەیەك کە دەگەڕێیتەوە سەر هەمان شوێن، دەتوانیت تەنها بەسەیرکردنێك بێ هەڵە بیڵێیتەوە، چونکە شوێنی خۆی گرتووە و جێگیربووە، من ئەم ڕێگایەم تاقی کردۆتەوە و سوودی زۆرم لێی بینیوە،هەر چەندە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت،بەڵام ئەمەش بزانین کە ئەم شێوازە تایبەت نیە بە هەموو قورئان، بەڵکو تایبەتە بەو شوێنانەی کە لەبەرت کردووە و دوای چەندین پێداچوونەوە هەر هەڵەی تیادا دەکەی.

بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەبێت بەردەوام قورئان دەور و پێداچوونەوەی بۆ بکەیەوە، ئەگەر نا لەبیری دەکەی، هەرچەندە ڕێژەی لەبیرچوون لە


کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت.

بۆیە (شەنقیتیەکان) ئەم خاڵەیان چارەسەر کردووە، بە لەبەرکردنێکی جوان لەسەرەتادا و بە دەورکردنەوەیەکی بەردەوام لە دواتردا بەم شێوەیە لەمێشکدا جێگیر دەبێت.

٢- تێکەڵکردن: ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە دەبێتە هۆی لەبیرچوونەوەی قورئانی پیرۆز، تێکەڵ کردنیش بەم شێوەیە، کە قوتابی لە قوتابخانەدا یان لە شوێنی(حەلەقە) ی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز بابەتی جۆراوجۆر لەبەر دەکات، یان هەندێ جار یەك بابەتە بەڵام لێی تێکەڵ دەبێت، بەتایبەت لە قورئان ئەو شوێنانەی کە بەیەك دەچن لێی تێك دەچێت، یان بابەتێکی فەرموودە لەگەڵ قورئان تێکەڵ دەکات، یان هەر شتێك کە لەگەڵ شتێکی تر تێکەڵی دەکات،ئەوەی کە بەباشی لەبەری کردووە دەمێنێتەوە و تێکەڵ دەبێت لەگەڵ ئەوەی کە بەباشی لەبەری نەکردووە.

(شەنقیتییەکان)ئەمەشیان چارەسەر کردووە، بەوەی کە قوتابی خۆی یەکلا بکاتەوە بۆ فێربوون و لەبەرکردنی بابەتێکی دیاریکراو لەسەرەتادا، یان ئەگەر دوو بابەت و زیاتر بوون، دەبێت تواناى هەبێت کە کۆنترۆڵی بکات،وە زیاتر لە بابەتەکان وردبێتەوە،تا بەجوانی جێگیر بێت.


٣- نەبوونی ئیسراحەت و نووستن: کە ئەمەش هۆکارێکە بۆ لەبیرچوونەوە، بەشێوەیەکی کرداری سەلمێنراوە کە ئیسراحەت یان نووستن لەدوای لەبەرکردنی بابەتێك دەبێتە هۆی جێگیرکردنی لەبەرکراو، بۆیە نابێت لەکاتێك ماندووە، یان خەوی دێت لەبەر بکات، چونکە کەمتر سوودی دەبێت، بەهۆی نەبوونی تەرکیز و لەبیرچوونەوەی بەشی لەبەرکراو.



(شەنقیتییەکان) چارەسەری ئەم خاڵەشیان کردووە، بەوەی کە کاتی لەبەرکردن بخرێتە پێش نووستن، بەڵام ماندوو و خەواڵوو نەبێت، یان دوای نووستن کە ئیسراحەتی کردووە.

بۆیە کاتی گونجاو بەیانییە دوای لەخەو هەڵسان، پاشان دووبارەی بکاتەوە، تا ڕۆژ بەرز دەبێتەوە تا نزیك نیوەڕۆ ، پاشان دەنوێت و دەحەسێتەوە، ئینجا جارێکی تر دەست دەکاتەوە بە دووبارە کردنەوە، بەم شێوازە یارمەتیدەر دەبێت بۆ لەبەرکردنێکی باش.

بەشی حەوتەم




(هەندێ بیرکردنەوە و دوودڵی ڕێگرن لە لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز)

لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز یەکێکە لە پیرۆزترین کارەکان کە موسڵمان ئەنجامی دەدات و پاداشتێکی زۆری هەیە، کە لە خوێندنەوەی یەك پیت دا (١٠) چاکەی بۆ دەنووسرێت، بۆیە کاتێك هەوڵ دەدەیت کە قورئانی پیرۆز لەبەر بکەیت و بەو کارە پیرۆزە هەڵبستیت، ئەوا شەیتانی جن و ئینس چەندان بیرکردنەوە و دوودڵی بۆ کەسەکە درووست دەکەن، تاوەکو ئەو کەسە دوور بکەوێتەوە لەم کارە و بەم کارە هەڵنەستێت، لەوانە:

١- (لەبیرچوونەوە): واتا: کەسێك بڵێت: ئەگەر قورئانم لەبەر کرد، ئەوا هەر لەبیری دەکەم، کەواتا بۆچی لەبەری بکەم، نەخێر، بەڵکو پێویستە هەوڵ بدەیت و لەبەری بکەیت، پاشان دەست بکەیت بە دووبارە کردنەوەی، ئەوا ئەو کاتە لەبیر ناکرێت، یان لانی کەم بەردەوام لەگەڵ قورئان دەژی بە دەورکردنەوەی، وە ئەوەی پێویستە کە یەکەم جار ئەنجامی بدەیت، ئەوەیە کە قورئان لەبەر بکەیت، ئینجا خەم لە دەورکردنەوەی بخۆیت و هەوڵبدەی شەیتان فێڵت لێ نەکات.

٢- (تەمەن گەورەیی): زۆر کات کاتێك بە کەسێك دەڵێیت: بۆچی قورئانی پیرۆز لەبەر ناکەی؟

لە وەڵامدا دەڵێت:تەمەنم گەورە بووە و بیر و هۆشم نەماوە، بۆیە ناتوانم قورئان لەبەر بکەم، بەڵام من دەڵێم:نەخێر دەتوانیت قورئان لەبەر بکەیت، بەمەرجێك بە ئاواتی لەبەرکردنی بیت و پاشان مەبەستێکی پاك و سافت



بۆ خوای گەورە هەبێت و سێیەمیان هەوڵی تەواوی بۆ بدەیت و خۆت ماندوو بکەیت، چونکە هەر کەسێك بەپێی خۆشەویستی بۆ هەر کارێك هەوڵی بۆ دەدات، بۆیە لەبەرکردن لە تەمەنێکی گەورەدا شتێکی مەحاڵ نیە، بەڵکو چەندان کەس هەن کە لە تەمەنێکی گەورە قورئانیان لەبەر کردووە،هۆکارەکەشی ئەوەیە، تەنها حەزێکی زۆریان هەبووە بۆ ئەم کارە.

٣- (ترس لە پێداچوونەوە): یەکێکی تر لەو دوودڵییانەی کە تووشی لەبەرکاری قورئان دەبێت پێش لەبەرکردن، بریتیە: لەوەی کە دەڵێت: بۆ ئەوەی قورئان لەبەر بکەم و پاشان پێداچوونەوە بکەمەوە و لە بیر و هۆشدا جێگیری بکەم، پێویستە لەسەرم تەواو خۆم ماندوو و یەکلا بکەمەوە بۆی و کاتی تەواوی بۆ تەرخان بکەم، کە ئەمەش لە توانای من دا نیە ناتوانم ئەنجامی بدەم، بەڵام ئەمەش یەکێکە لە فێڵەکانی شەیتان،کە زۆر جار بەم رێگایە زاڵ دەبێت بەسەر ئەو کەسانەی کە ویستی لەبەرکردنی قورئانیان هەیە،بەڵام من پێت دەڵێم: کە پێویستە هەوڵی بۆ بدەیت وە لەیادت بێت کە هیچ ژیانێك سەربەرزانەتر و پیرۆزتر نیە کە لەگەڵ قورئان بژیت، ئەگەر بەلەبەرکردن و پێداچوونەوەی چەند جوزئێکی کەمیش بێت،چونکە لەبەرکاری قورئان هەرگیز بەیەك جاری پشت لە قورئان ناکات، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش دابڕێت، لەکۆتایی هەر بۆی دەگەڕێتەوە.

٤- (ئەنجامدانی گوناهـ و تاوان): ئەمەش ڕێگایەکی تری شەیتانە، بۆ ساردکردنەوەی ئەو کەسانەی کە حەز دەکەن قورئان لەبەر بکەن، وا دەخاتە مێشکیان کە تۆ تاوان دەکەیت، ئەگەر قورئانیش لەبەر بکەیت، ئەوا دەبیتە کەسێکی دووڕوو، یان چۆن دەبێت تاوان بکەیت و قورئانیش لەبەر بکەیت، بۆیە پێویست بە هەوڵدان ناکات، بەڵام هەرگیز بەم شێوە

بیر مەکەوە، هەرچەندە ئێمە پێشتر وتمان: تاوان لەگەڵ زانست و قورئان پێکەوە کۆنابنەوە، بەڵام مەبەستمان ئەوە بوو، کە لەبەرکردنی قورئان ئەستەم دەکات لەسەرت بەهۆی خەریکبوونت بە تاوان و سەرقاڵ بوونی مێشك، وە بەرەکەتیش کەمتر لەکارەکە دەمێنێت، بەڵام ئەو کەسەی بەتاوانەوە قورئان لەبەر دەکات، باشترە لەو کەسەی کە ئەڵێ من تاوانبارم بۆیە قورئان لەبەر ناکەم، چونکە بە لەبەرکردنی قورئان تاوانەکانت ڕەش دەکەیەوە، بەڵام بێ قورئان ڕۆژ دوای ڕۆژ تاوانەکانت زیاتر دەبێت.


خوای گەورەش دەفەرمووێت: ﴿إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ﴾(هود: ١١٤)، واتا: بەڕاستی چاکەکان، خراپەکان ڕادەماڵن.

هەروەها (أبو ذر الغفاري:٣١هـ) (خوا لێی ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ پێی فەرمووە: ((اتَّقِ ٱللَّهَ حَيْثُ مَا كُنْتَ، وَأَتْبِعِ ٱلسَّيِّئَةَ ٱلْحَسَنَةَ تَمْحُهَا، وَخَالِقِ ٱلنَّاسَ بِخُلُقٍ حَسَنٍ))[1].

واتا: لەخوا بترسە، لە هەر کات و شوێنێك بیت، وە بەدوای هەر خراپەیەکدا چاکەیەك بکە، بۆ ئەوەی خراپەکە بسڕێتەوە، وە لەگەڵ خەڵکیدا بەجوانی ڕەفتار و مامەڵە بکە).

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: بەدوای هەر خراپەیەك چـاکەیەك بکە، تـا تاوانەکەت ڕەش بکاتەوە، باشە چ چاکەیەك لە لەبەرکردن و خوێندنەوەی قورئان گەورەترە؟ بۆیە هیچ مرۆڤێك بێ تاوان نیە،ئەگەر تاوانیش بکات، مادام پەشیمانە و ، هەروەها بە نیەتێکی باشیش قورئان لەبەر دەکات، ئەوا

(١) رواه الترمذي،(٣/ ٥٢٦)، -أبواب البر والصلة عن رسول الله ﷺ، باب: ما جاء في معاشرة الناس،(١٩٨٧).



بە تێپەڕبوونی کات کاریگەریی باش لەسەر کەسەکە دروست دەکات دژی خراپەکان، وای لێ دەکات کە وردە وردە دەست لەتاوان هەڵبگرێت، واتا تەنها کاتی پێویستە، هەروەها بەردەوام بێت و هەوڵی کارپێکردن بە قورئان بدات لەژیانی ڕۆژانەی.

٥- (دیاری نەکردنی کات و شوێنی گونجاو بۆ لەبەرکردن): واتا: ئەگەر کات و شوێنێکی گونجاو و بەردەوامی دیاری نەکرد، ئەوا ناتوانێت بەردەوام بێت لە لەبەرکردن.

٦- (نەبوونی نیەتێکی باش بۆ لەبەرکردن): کە وا دەکات نەتوانێت قورئانی پیرۆز لەبەر بکات، چونکە کلیلی هەموو سەرکەوتنێك نیاز و مەبەستێکی باشە، تا سەرکەوتوو بێت.

٧- (دواخستن): واتاهەر بڵێی ئەمڕۆ نا بەیانی دەست پێ دەکەم،تاوەکو کاتەکە بەسەر دەچێت و تەواو دەبێت و نەی توانیوە هیچ لەبەر بکات،ئەمەش دەبێتە هۆی ساردبوونەوە و وازهێنانی لە لەبەرکردن.

٨- (خۆبەگەورەزانین): ئەمەش سیفەتێکی زەمکراوە و وا لە کەسی خۆ بەگەورەزان دەکات، کە ئامادەی کۆڕ و مەجلیسی لەبەرکردنی قورئان نەبێت، هەروەها لای مامۆستاش دانەنیشێت، بەتایبەت ئەگەر مامۆستاکە تەمەنی لە قوتابیەکە بچوکتر بێت، زۆرجار قوتابیەکە پێی خۆش نیە کە لای بخوێنێت، هەروەك جارێك خۆم بینیم لە بنکەیەك قوتابیەك وازی لەلەبەرکردن هێنا، لەبەر ئەوەی مامۆستاکەی لە خۆی بچوکتر بوو، یان هەندێ جار بەهۆی بچوکی پێگەی کۆمەڵایەتی ئەمە ڕوودەدات.

* شاعیریش جوانی فەرمووە:

ٱلْعِلْمُ حَرْبٌ لِلْفَتَى الْمُتَعَالِي   كَالسَّيْلِ حَرْبٌ لِلْمَكَانِ الْعَالِي[1].


واتا: زانست و زانیاری دوژمنە بۆ كەسی خۆبەگەورەزان، وەك چۆن باران و لافاو لەشوێنی بەرز ناداتەوە و سەرناكەوێت.

هەروەها خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿سَأَصۡرِفُ عَنۡ ءَايَٰتِيَ ٱلَّذِينَ يَتَكَبَّرُونَ فِي ٱلۡأَرۡضِ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ﴾ (الأعراف: ١٤٦).

واتا: بێگومان ئەو كەسانەی كە بەناهەق لەسەر زەویی تەكەبوورو دەست درێژیی دەكەن، لە وەرگرتنی نیشانەكانی خۆمیان لا ئەدەم و، ناهێڵم لێیان تێبگەن.

٩- (سست بوون و بێتاقەتی و بەردەوام نەبوونی لە لەبەركردنی قورئان):
هەندێ لە لەبەركارانی قورئانی پیرۆز لەسەرەتای لەبەركردن توشی ساردی و بیزاری دەبن، كە ئەمەش حاڵەتێكی ئاساییە،یەكێك لە هۆكارەكان بریتیە: لە نەبوونی هاندەری دەرەكی و پاڵنەری خۆیی لای مامۆستاكەی، بۆیە هەوڵ بدە، لەكاتی لەبەركردنی قورئان چێژ وەر بگریت و، بە دەنگێكی خۆش و بەرز بخوێنی و هەستەكانت ئامادە بكەیت بۆی، وا بزانە، كە تۆ باشترین و گەورەترین كار ئەنجام دەدەیت، وە بیر لە پاداشتەكەشی بكەوە بە دووبارە كردنەوەی چەند جارێك، دواتر ئەو سستیەت نامێنێت و دڵخۆش دەبیت لەكاتی لەبەركردن و خوێندنەوەی قورئان، بۆیە پشت بە خوا ببەستە و تەسلیمی شەیتان مەبە و باوەڕ بەخۆت بكە،كە توانای تەواوت هەیە بۆ

(١) كتاب الإعلام بحرمة أهل العلم والإسلام، محمد إسماعيل المقدم،باب:الأدب مع العلماء (تواضع الطالب لشيخه) ،(٢٠٩).



ئەم کارە، وە بێنە پێش چاوت کە تۆ بە هەر لەبەرکردنێکت نزیکتر دەبیتەوە لە لەبەرکردنی هەموو قورئان، کە ئەمەش زیاتر هانت دەدا، بەتایبەت کەوا هەستت کرد کە هەموو قورئانت لەبەر کردووە، ئەوەش لەیاد مەکە، کە تۆ بە خوێندنی هەر پیتێك لە قورئان بە دە (١٠) چاکە و هەر چاکەیەکیش بە دە بەرامبەر بۆت حیسابە، بەوەی کە تۆ گفتوگۆ لەگەڵ خوای گەورە دەکەیت، بەم شێوەیە زیاتر هان دەدرێیت و ئەم سستیەت نامێنێت، خوای گەورەش یارمەتیت دەدات و دەبیتە یەکێك لە لەبەرکارانی قورئانی پیرۆز.

باوکی شاعیری هیندی (محمد ئیقبال) دەیوت: ئەی (محمد) وا قورئان بخوێنەوە، وەك ئەوەی بۆ تۆ دابەزی بێ[١].


١٠- (بیر و هۆشم لاوازە و پێم لەبەر ناکرێت، ئەگەر لەبەریشم کرد لە بیرم دەچێتەوە): زۆر جار قوتابی ئەو دوودڵیەی هەیە بۆ لەبەرکردنی قورئان کە دەڵێت: مێشك و یادگەم بێ هێزە بۆ لەبەرکردن و پێم لەبەر ناکرێت، بۆیە پێویستە ئەوە بزانین، کە بەهرەی زیرەکی لەبەرکردن چەند جۆرێکە، جۆرێکیان زۆر بەهێزە پێی ئەڵێن (منحي)،واتا خوای گەورە دەیدات بە کەسەکە(خوا پێدراوە)، جۆرێکی تریان لە زگماك لاوازە، جۆری سێیەمیشیان مامناوەندە و پێویستی بە ڕاهێنانە تا بەهێز بێت، کە ئەمە ئاستی لەبەرکردنی زۆربەی خەڵکە و وە لە توانا دایە کە بەهێز بکرێت.

ئەم جۆری سێیەمە بەهۆی سەرقاڵیەوە بە شتی تر و دوورکەوتنەوە لە لەبەرکردن بێ هیز بووە، کە ئەمەش چەند ڕێگایەکی هەیە بۆ چارەسەر، لەوانە: بەکارهێنانی ئەو خواردنانەی کە بیر و هۆش بەهێز دەکەن کە پێشتریش باسمان کرد، یان بەهۆی هەندێ یاری و ئامێری بەهێزکردنی مێشك،

(١) روائع إقبال، أبو الحسن علي الندوي، الناشر: دار القلم- دمشق ،الطبعة (١١٣).

پاشان خۆ ڕاهێنان لەسەر لەبەرکردن و دووبارەکردنەوەی لەبەرەکان، هەروەها تەرکیزیشمان زیاد بکەین و هەموو هەستەوەرەکانمان بخەینە کار، کۆتا شتیش ئەوەیە، لەتاوان دوور بین، کە پێشووتر بەدرێژی باسمان کردووە[١].

(١) بڕوانە خاڵی نۆیەم:(خوێندنەوەی قوڕئان بە ئاوازێکی خۆش و...)،(٨٣).



بەشی هەشتەم
(شێوازی لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز لە هەندێ لە وڵات)

١/ (لەبەرکردن لەسەر شێوازی ئۆزبەکستان)

ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی کارایە لە هەندێ لە وڵاتە ئیسلامیەکانی وەك قیرغستان، کازاخستنا، داغستان، وە مۆریتانیەکانیش نزیکن لەم شێوازە، وە بەربڵاوترین ڕێگاشە لە ئۆزبەکستان بۆ لەبەرکردنی قورئانی پیرۆز کە بەم شێوەیە:

١- قوتابی لای مامۆستا دەست دەکات بە ڕاستکردنەوەی لاپەڕەیەك لە سەرەتای قورئانی پیرۆز.

٢- دواتر مامۆستاکەی داوای لێ دەکات کە ئەم لاپەڕەیە (٣٠٠) جار دووبارە بکاتەوە بە سەیرکردنی لەسەر قورئان.

٣- دوای ئەوەی کە(٣٠٠) جارە دووبارەی کردەوە لەسەر قورئان، دواتر بە لەبەر بۆ مامۆستاکەی دەخوێنێتەوە، دواتر دەچێتە لاپەڕەیەکی تر، بەم شێوەیە تا هەموو قورئان لەبەر دەکات.

٤- پاشان کە هەموو قورئـــانی بەم شێوازە تەواوکرد، ئینجا دووبارە مامۆستاکەی داوای لێدەکات، کە لەسەر قورئان (١٥٠) خەتمی بۆ بکات.

لەکۆتاییدا کاتێك بەم شێوازە هەموو قورئانی خوێند و تەواوی کرد، ئەوکات نازناوی لەبەرکاری قورئانی پیرۆزی پێ دەدەن[١].

---

(١) کیف تحفظ القرآن الکریم، یحیی عبدالزاق الغوثاني،(١٣٩).

ئەم ڕێگایە ڕێگایەکی باشە بۆ لەبەرکردن بەهۆی زۆر دووبارە کردنەوەی کە وا دەکات زمان لەسەری ڕابێت و لە مێشکدا بەجوانی جێگیر بێت، بەڵام من ئەم تێبینییەم لەسەر هەیە، کە ئەمە شێوازێکی باشە بۆ ئەو وڵاتانەی کە تێکەڵیان نیە لەگەڵ زمانی عەرەبی و زمانیان قورسە بە خوێندنەوەی قورئان، بۆیە بەم ڕێژە زۆرەش کە (١٥٠) جارە دەی خوێنن تا زمانیان لەسەری ڕابێت، بەڵام پێویستی بەکاتێکی زۆر زۆرە، کە دەبێت تەواو خۆی بۆ یەکلا بکاتەوە و، نیوەی ڕۆژەکەی بۆ ئەم شێوازە دابنێت، وە ئەم شێوازە لەگەڵ ژیانی ئێمە کەمتر دەگونجێت بەهۆی سەرقاڵی و ئیش و کارەوە.


٢/ (لەبەرکردن لەسەر شێوازی مۆریتانی)

ئەم ڕێگایەش گرنگی دەدات بە دووبارە کردنەوەی زۆر لە شوێنێك پێی ئەڵێن: (المحضرة)، کە وەك حوجرەی فەقێی خۆمان وایە،لەم شوێنە زانستە شەرعیەکان فێردەبن و متونەکان لەبەر دەکەن، لەگەڵیشی قورئان لەبەر دەکەن، بەڵام تەواو خۆیان بۆ یەکلادەکەنەوە.

لەم (مەحزەرە)یە ڕۆژانە بۆ لەبەرکردنی قورئان تەختەدار بەکاردێنن بۆ نووسینی ئەوەی کە دەیانەوێ لەبەری بکەن، بەڵام ئێمە باسی لەبەرکردنیان دەکەین لەسەر قورئان بەم شێوەیە:

١- لە هەفتەیەکدا پێنج ڕۆژ بۆ لەبەرکردن دادەنێن، دوو ڕۆژیش بۆ کار و ئیسراحەت.

٢- لەهەر ڕۆژێك کە دیاریکراوە بۆ لەبەرکردن، لە سێ کاتدا قورئان لەبەر دەکەن، کە پێی ئەڵێن: (جەلەسات)، بۆ نموونە دانیشتنی یەکەم دوای نوێژی



بەیانی، دووەمیان دوای نوێژی عەسر، سێیەمیان دوای نوێژی عیشا،یان هەر کاتێك بە گونجاوی بزانن، هەندێ جار کاتەکان و جەلسەکان زیاتریش دەکەن.

٣- زۆر گرنگی بە قورئانی قەبارە گەورە دەدەن، واتا نووسینەکەی گەورە بێت، تا چاو ئەزیەت نەخوا و ماندوو نەبێت، بۆیە زۆر جار لەسەر تەختە و لەوح دەنووسن.

٤- پێش ئەوەی دەست بە لەبەرکردن بکات، هەڵەکان ڕاست دەکاتەوە، تا بەهەڵە لەبەریان نەکات ،وە هەندێ جار گوێ لە دەنگی قورئان خوێنێك دەگرێت بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی.

٥- ڕۆژانە لاپەڕەیەك لەبەر دەکات، ئەوان بە لاپەڕە لەبەر دەکەن نەك بە ئایەت. بەم شێوەیە دەست پێ دەکەن:

(لە ڕۆژی یەکەم): لە یەکەم دانیشتندا لەدوای نوێژی بەیانی دەست دەکەن بە لەبەرکردنی لاپەڕەی یەکەم، هەندێ جار لای مامۆستا دەبێت بە دووبارە کردنەوەی ئەم لاپەڕەیە بەپێی توانایان بۆ نموونە: لە (٥٠) جار کەمتر نەبێت دووبارەی دەکەنەوە لەسەر قورئان، پاشان کە هەست دەکەن لەبەریان کردووە ،وردە وردە بە لەبەر دەیڵێن.

بۆیە شەنقیتییەکان یاسایەکیان هەیە: (إِذَا حَفِظْتَ فَخَمِّسْ) واتا: کاتێك قورئانت لەبەر کرد (٥٠) جار دووبارەی بکەوە[١] ، هەندێ جار تا (١٥٠) جار دووبارەی دەکەنەوە.

---

(١) وشەی (فَخَمِّسْ): ڕاجیایی لەسەرە لای شەنقیتیەکان، هەندێکیان دەڵێن دوای لەبەرکردن (٥٠٠٠) جار دوبارە بکرێتەوە، هەندێکی تر دەڵێن (٥٠٠) جار و کەمترینیشی (٥٠) جارە کە ئێمە (٥٠) جارەکەمان هەڵبژاردووە.

پاشان لە دانیشتنی دووەمدا دووبارە لەسەر قورئان و دواتر بەلەبەر دووبارەی دەکەنەوە، وە لەدانیشتنی سێیەمیش بەهەمان شێوە، بەم شێوەیە لەبەرکردنی ڕۆژی یەکەم و لاپەڕەی یەکەم تەواو دەبێت، کە بە هەرسێ دانیشتن نزیکی (١٥٠) جار یان زیاتر ئەم لاپەڕەیە بە لەبەر دووبارە دەکەنەوە.


(لەڕۆژی دووەم): ئەم لاپەڕەیەی کە لەڕۆژی یەکەم لەبەر کرا دوبارەی دەکەنەوە، بەڵام ئەم جارە (٤٠) جار دووبارەی دەکەنەوە لە بری (٥٠) جار لە هەر دانیشتنێك، وە دەست دەکات بە لەبەرکردنی لاپەڕەیەکی نوێ بەهەمان شێوەی ڕۆژی پێشتر کە (٥٠) جار لە هەر دانیشتنێکدا دووبارەی دەکاتەوە، بەم شێوەیە دەبێتە دوو لاپەڕە، لاپەڕەیەکی نوێ و لاپەڕەیەکی ڕۆژی پێشتر.

(لە ڕۆژی سێیەم): دووبارەکردنەوەی لاپەڕەی یەکەم و دووەم و زیادکردنی لاپەرەیەکی نوێ و خوێندنەوەی لە سێ دانیشتن دا، ئێستا بوو بە سێ (٣) لاپەڕە، (٤٠) جار دووبارەکردنەوەی دوو لاپەڕەی پێشترو، (٥٠) جار لاپەڕەی نوێ،کە لە سێ دانیشتندا دووبارەی دەکاتەوە.

(ڕۆژی چوارەم): دووبارە کردنەوەی سێ لاپەڕەی پێشتر و زیادکردنی لاپەڕەی چوارەم بەهەمان شێوەی پێشووتر.

(ڕۆژی پێنجەم): لەڕۆژی پێنجەم لاپەڕەی یەکەم لادەبەن، سێ لاپەڕەی دواتر دووبارە دەکەنەوە و لاپەڕەیەکی نوێ زیاد دەکەن، کە دەبێتە چوار لاپەڕە، واتا دوو پەڕ ڕۆژانە، سێی پێشتر و لایەکی نوێ، وە لە هەر ڕۆژێکدا لاپەڕەیەکی پێشترینیان لا دەدەن و لاپەڕەیەکی نوێ زیاد دەکەن.

(ڕۆژی شەشەم): بەم شێوەیە بەردەوام دەبن، ڕۆژانە دەکاتە چوار لاپەڕە،سێی کۆن و لایەکی تازە (نوێ) ،لەهەر ڕۆژێکیش لاپەڕەیەکی یەکەم لادەبەن و لاپەڕەیەکی نوێ زیاد دەکەن.



بەم شێوەیە هەر لایەك چوار ڕۆژ دووبارەی دەكەنەوە بەدوای یەكدا پێش ئەوەی لاپەڕەی یەكەم لابدەن، بەم شێوەیە لەبەركردنێكی زۆر باشیان بۆ درووست دەبێت ،كە هەر مانگێك جوزئێك لەبەر دەكەن، لە (٣٠) مانگ هەموو قورئان لەبەر دەكەن[١].

٣/ (لەبەركردن لەسەر شێوازی توركی)


بەڕاستی توركیا دەورێكی زۆری هەیە لە لەبەركردنی قورئانی پیرۆز، كە ساڵانە بە هەزارەها قوتابی قورئانی پیرۆز لەبەر دەكەن بە شێوەیەكی زۆر جوان، بۆیە بە پێویستم زانی كە هەڵوێستەیەك بكەین لەسەر شێوازی لەبەركردنیان، چونكە شێوازێكی زۆر جیاوازە و بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

١- ڕاهێنانی قوتابی كاتێكی زۆر لەسەر خوێندنەوەی قورئان تەنها بەچاو، لەسەرەتا دا تەنها فێری پیتەكانی دەكەن، تا فێری خوێندنەوەی دەكەن و هەڵەكانی بۆ ڕاست دەكەنەوە، كە ئەمەش ماوەی ساڵێكی پێ دەچێت، ئینجا دەچێت بۆ قۆناغی دووەم، كە قۆناغی لەبەركردنە.

٢- پاشان لەو قورئانە دەست بە لەبەركردن دەكات، كە لە (٣٠) جزء پێك هاتووە و ،هەر جزئێك (٢٠) لاپەڕەیە، هەر لاپەڕەیەكیش (١٥) دێڕە بۆ نموونە مصحف (مدینە) .

٣- دواتر قوتابی لەسەرەتا دا دەست دەكات بە لەبەركردنی كۆتا لاپەڕە لە جوزئی یەكەم،لە ڕۆژی دواتر دەست دەكات بە لەبەركردنی كۆتا لاپەڕەی جوزئی دووەم، بەم شێوەیە هەموو ڕۆژێك كۆتا لاپەڕەی جوزئێك لەبەر

(١) الطريقة الموريتانية لحفظ القرآن الكريم، أبو محمد حسن بن سعيد القحطاني، (٣).



دەكات، تا (٣٠) لاپەڕەی كۆتایی هەر جوزئێك تەواو لەبەر دەكات، واتا بە مانگێك كۆتا لاپەڕەی هەر سی (٣٠) جوزئی قورئانی لەبەر كرد.


٤- دواتر لەسەرەتای مانگی دووەم دەست دەكات بە لەبەركردنی لاپەڕەی پێش كۆتایی لە جوزئی یەكەم، دواتر لە ڕۆژی دواتر دەچێتە لاپەڕەی پێش كۆتایی لە جوزئی دووەم، بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، تا هەر سی (٣٠) لاپەڕەی پێش كۆتا لاپەڕە تەواو دەكات، وەكو هەنگاوی پێشتر.


٥- لەسەر ئەم شێوازە بەردەوام دەبێت، تا هەموو قورئان لەبەر دەكات، واتا بە پێچەوانەوە لەبەر دەكات، وە هەر كاتێك لاپەڕەیەك لەبەر دەكات گوێی لێ دەگرێت لەگەڵ ئەو لاپەڕانەی كە پێشتر لەبەری كردوون، بۆیە بەم شێوازە لەبەركردنێكی جێگیر و چالاكی دەبێت[١].

ئەم شێوازە لەگەڵ ئەوەی ڕێگایەكی باشە، بەڵام لایەنێكی نەرێنی هەیە، ئەویش ئەوەیە، كە ئەگەر قوتابی ئارامگر نەبێت تا هەموو قورئان لەبەر دەكات، واتا بەهۆكارێك لە هۆكارەكان وازی لە لەبەركردن هێنا، ئەوا زۆر سوودی بۆی نابێت، لەبەر ئەوەی بە پچڕ پچڕی لەبەری كردووە،وە ئەگەر داوات لێ كرد كە سوڕەتێكی دیاریكراو لەسەرەتاوە بۆت بخوێنێت، ناتوانێت بیخوێنێت، چونكە هەم لەسەرەتاوە لەبەری نەكردووە و ،بەهەمان شێوەش بە پچڕ پچڕی لەبەری كردوون.

بۆیە ئەمە ڕێگایەكی ئاسان نیە و پێویستە لەسەر ئەو كەسەی كە قورئان بەم شێوازە لەبەر دەكات دوو ساڵ ئارام بگرێت، تاوەكو بەرهەمی هەبێت.

(١) كيف تحفظ القرآن الكريم، يحيى عبدالزاق الغوثاني،(١٤٠).





بەشی نۆیەم

(هەندێ ئامۆژگاری بۆ لەبەرکاران و هەڵگرانی قورئان)

ئامۆژگاری یەکەم:

ئایا هەر یەکێك لە ئێمە ئەم پرسیارەمان لەخۆمان کردووە بۆچی قورئان لەبەر دەکەین؟

ئایا هاوڕێکانم قورئانیان لەبەرکردووە بۆیە منیش لەبەر دەکەم ؟

یان ئایا لە قوتابخانە یان پەیمانگاو کۆلێژ دەبێت لەبەر بکەین بۆیە منیش لەبەر دەکەم؟

یان تاوەکو پێم بڵێن کە قورئانی پیرۆزی لەبەرە؟

یان دایك و باوکم زۆریان لێ کردووم تاوەکو قورئانی پیرۆز لەبەر بکەم؟ ... هتد

ئایا تاوەکو ئێستا نیەتمان یەکلا نەکردۆتەوە بۆ ئەم کارە کە تەنها بۆ خوای گەورە بێت، بۆیە پێویستە هەرچی زووە خۆمان و نیەتمان یەکلا بکەینەوە بۆ ئەم کارە پیرۆزە.

(عَنْ مُوسَى بْن أَيُّوبَ قَالَ: سَمِعْتُ عَمِّي إِيَاسَ بْنَ عَامر، قَالَ: أَخَذَ عَليُّ بْنُ أَبِي طَالب بِيَدَيَّ ثُمَّ قَالَ: «إِنَّكَ إِنْ بَقِيتَ سَيَقْرَأُ الْقُرْآنَ ثَلاَثَةُ أَصْنَاف: فَصِنْفٌ لِلَّه، وَصِنْفٌ لِلْجِدَالِ، وَصِنْفٌ لِلدُّنْيَا، وَمَنْ طَلَبَ بِهِ أَدْرَكَ)»[١].

---


(١) سنن الدارمي، (٢٠٩٧/٤)، (٣٣٧٢).

واتا:(موسای کوڕی ئەیوب) دەفەرمووێت: گوێم لە مامم (ئیاس) بوو وتی:عەلی کوڕی ئەبی تالب دەستی گرتم و پێی وتم: ئەگەر بمێنی سێ چین قورئان دەخوێنن،چینێکیان بۆ خوا و ، چینێکیشیان بۆ دەمەدەم و موناقەشە، چینی سێیەمیشیان بۆ دونیا و سوودی دونیایی، وە هەرکەسێك بە قورئان داوای شت بکات پێی دەگات.

ئامۆژگاری دووەم:

کاتێك قوتابی قورئان و زانستی شەرعی دەست دەکات بە لەبەرکردنی قورئان و فێربوونی زانستە شەرعیەکان توشی نەبوونی و بێ پارەیی دەبێت، هەروەها چەندین پێویستیشی بۆ درووست دەبێت کە لەبەر نەبوونی ناتوانێت جێبەجێیان بکات و بەدەستیان بهێنێت بەهۆی خەریکبوونی بە قورئان و زانستەوە ، بەڵام ئەوە بزانە کە خوای گەورە لەدونیا دا پلەی هەندێ کەسی بەرز کردۆتەوە بەسەر هەندێکی تردا بەتایبەت لەڕووی ماڵ و سامانەوە، زۆر کات تۆ کاتێك سەیری دەوروبەرت دەکەیت، خەڵکانێك دەبینیت،کە دەوڵەمەندن لەڕووی ماڵ و سامانەوە، بەڵام تۆ بەهرەمەند نەبووی وەك ئەوان لە دونیا و بەدەستهێنانی دونیادا،بۆیە پێویست ناکات توشی ساردی و بیتاقەتی بیت،بەڵکو ئەم ئایەتەی خوای گەورە بهێنەوە پێش چاوت، کە ئامۆژگاری پێغەمبەری ﷺ پێ دەکات و دەفەرمووێت: ﴿وَلَا تَمُدَّنَّ عَيۡنَيۡكَ إِلَىٰ مَا مَتَّعۡنَا بِهِۦٓ أَزۡوَٰجٗا مِّنۡهُمۡ زَهۡرَةَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا لِنَفۡتِنَهُمۡ فِيهِۚ...﴾(طه: ١٣١).

واتا: تۆ چاو لەو ماڵ و سامانە مەبڕە ئەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)! ئێمە بەتاقمێك لە بێ باوەڕەکانمان داوە، ئەوە هەر شکۆفەو خۆشی ژیانی ئەم دنیایەیەو کەم دەوامە (لِنَفْتِنَهُمْ فِيهِ) چونکە هەر ویستومانە بەو ماڵ و سامان و شکۆفەو جوانی دنیایە، تاقییان بکەینەوە.



یان هەندێ کاتی تر کەسانی دەوروبەرت هاورێ یان دایك و باوك ئەو ڕێگایەی کە گرتووتە پێیان خۆش نیە و دژی دەوەستنەوە،دەبێت لەهەموو ئەم کاتانەدا ئارامگر بیت و واز نەهێنیت، چونکە هیچ شتێك لە ماڵ و سامان یان لەخۆشی و شەهەوات ناگات بە خۆشی بەدەستهێنانی کەلامەکەی خوای گەورە لە دونیا و قیامەت.

ئامۆژگاری سێیەم:


هەر یەك لە ئێمە ئەم ئایەتەمان لە قورئان خوێندۆتەوە ، کە باس لە تەدەبوڕ و وردبوونەوە لە قورئان دەکات، وەك خوای گەورە دەفەرموویێت:﴿كِتَـٰبٌ أَنزَلْنَـٰهُ إِلَيْكَ مُبَـٰرَكٌ لِّيَدَّبَّرُوٓا۟ ءَايَـٰتِهِۦ وَلِيَتَذَكَّرَ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ﴾(سوڕەتی ص: ٢٩).

واتە: ئەمە کتێبێکی پیرۆزە، دامان بەزاند بۆ تۆ ئەی موحەممەد! -صلی الله علیه وسلم- تا ئەوانە لە ئایەتەکانی ڕابمێنن و فامیدەو ژیرەکانیش ئامۆژگاری لـێوەرگرن.

بۆیە وردبوونەوە لە قورئان و کارپێکردنی بنچینەن لە قورئان دا، بۆیە وەك تکایەکی برایانە کە با ئەم گرنگیدانەمان تەنها لەبەرکردن نەبێت و واز لە تێفکرین و کارپێکردن بهێنین، بەڵکو بەپێی توانا هەم ورد بینەوە و هەم کاریشی پێ بکەین.

ئامۆژگاری چوارەم:

مرۆڤ بەگشتی و موسڵمان بەتایبەتی کاتێك دێتە دونیاوە توشی چەندان تاقیکردنەوە دەبێت، وە زۆر جار لە لایەنی زانستی و ئیمانیت چەند بەهێزتر و پابەندتر بیت بەئایینەکەتەوە، خوای گەورە زیاتر تاقیت دەکاتەوە، جا تاقیکردنەوەکە لەڕووی مادی بێت، یان لەرووی نەفس و شەهەواتەوە بێت،



یان گومانی خراپ، یان هەر شتێکی تر... کە ئەزیەتت بدات پێویستە ئارام بگریت،خوای گەورە لە قورئان دەفەرموویێت:﴿أَحَسِبَ ٱلنَّاسُ أَن يُتۡرَكُوٓاْ أَن يَقُولُوٓاْ ءَامَنَّا وَهُمۡ لَا يُفۡتَنُونَ﴾ (العنكبوت: ٢).

واتا: ئاخۆ موسڵمانان - بەتایبەتی- موسڵمانانی مەككە،گومان وا دەبەن کە ئەگەر هەر ئەوەندە بڵێن: بڕوامان هێناوە، ئیتر وازیان لێدەهێنرێ و، تاقی ناکرێنەوە؟! نەخێر.. شتی وا نابێ و نەبووە، بەڵکو پێویستە خەڵکی موسڵمان تاقی بکرێنەوەو، لە بەرامبەریشیەوە ئارامیان ببێ.


هەروەها پێغەمبەرﷺ دەفەرموویێت: ((إِذَا أَحَبَّ اللَّهُ قَوْمًا ٱبْتَلَاهُمْ، فَمَنْ صَبَرَ فَلَهُ ٱلصَّبْرُ،وَمَنْ جَزِعَ فَلَهُ ٱلْجَزَعُ))[1].

واتا: ئەگەر خوای گەورە کەسانێکی خۆش بوێت تاقیان دەکاتەوە،ئەوەی خۆڕاگر بێت پاداشتی خۆڕاگری بۆ هەیە،خۆ ئەگەر ئارامگر نەبوو،ئەوا ئەوەی بۆ هەیە. واتا: پاداشت وەرناگرێت.

چ کەسێك لە هەڵگرانی قورئان خۆشەویستترن لای خوای گەورە، بێگومان کەس، کەواتا چاوەڕێی تاقیکردنەوەکان بەو بەئارامی و ئیمانەوە تێیان پەڕێنە، بۆیە تا هێزی ئەم تێپەڕاندنەت هەبێت، بەردەوام کاتەکانت لەگەڵ قورئان بەڕێ بکە.

بۆیە زۆر لە گەنجان کە توشی فیتنە و تاقیکردنەوە دەبن بەهۆی شەهوەت و ئارەزووە یان بەهۆی شوبهات و گومانەوەیە، کە لە کاتی دەست بەتاڵی توشیان دەبێت، بەپێچەوانەی ئەهلی قورئان کە ئەگەر بۆشاییەك هەبێت، دەبێت بە قورئان و ژیان لەگەڵ قورئان پڕی بکاتەوە، نەیەڵێ شەیتان لەم ڕێگایەوە بەسەری دا زاڵ بێت.

(١) رواه أحمد، (٤١/٣٩)، - مسند الأنصار- فەرموودەی: محمد بن لبيد، (٢٣٦٣٣).



ئامۆژگاری پێنجەم:

کاتێك خوای گەورە ڕێزداری کردی بەلەبەرکردنی تەواوی قورئانی پیرۆز و،چویە ڕیزی نزیکانی خوای گەورە (أهل القران)، ئامۆژگاریت دەکەم بەوەی درێژە بەم گەشتەت بدەی و لەسەر ئەم ڕێگایە بەردەوام بیت،بەوەی هەوڵی بەدەست هێنانی زانستە شەرعیەکان بدەیی و بچیتە لای زانایان و سوودیان لێ ببینی و تاوەکو خزمەتی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بکەیت.

ئامۆژگاری شەشەم:

بەڕاستی یەکێك لە مافەکانی کەلامی خوای گەورە لەسەر بەندەکانی بریتیە لە بەردەوامبوون لە خوێندنەوە و دووبارەکردنەوەی دوای لەبەرکردن و دانەبران لێی، هەروەك پێغەمبەرﷺ دەفەرموویێت:((إنَّما مَثَلُ صاحب القُرْآنِ كَمَثَلِ صاحِبِ الإبِلِ المُعَلَّقَةِ؛ إنْ عاهَدَ عليها أمْسَكَها، وإنْ أطْلَقَها ذَهَبَتْ))[١].

واتا: نموونەی خاوەنانی قورئان وەك نموونەی خاوەن وشترێکی هەڵبەستراو وایە،ئەگەر لای بوو وە ئاگاداری بوو ئەوا دەیبەستێتەوە،بەڵام ئەگەر بەرەڵای کرد ئەوا لێی دەڕوات.

قورئانیش بەهەمان شێوە ئەگەر بەبەردەوامی دەور و پێداچوونەوەت بۆ کرد ، ئەوا بەجوانی لە مێشك جێگیر دەبێت،ئەگەر نا لەبیرت دەچێتەوە، بۆیە پێویستە بەردەوام ئاگاداری بیت و لەگەڵی بژیت،وە پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە هەموو قورئانی لەبەر کردووە، خشتەیەکی گونجاو دابنێت و زۆر بەچڕی و بەبەردەوامی دەست بکات بە دەور و مراجعەی قورئان، دەتوانیت چەند خەتم و شێوازێك دیاری بکات و بۆ هەر یەکێکیان

(١) رواه البخاري، (١٩٣/٦)، كتاب: فضائل القرآن، باب: استذكار القرآن وتعاهده، (٥٠٣١).

خشتەیەکی گونجاو دابنێت، کە لەگەڵ کاتەکانی بگونجێت،کە لێرەدا چەند نموونەیەکی دەورکردنەوە باس دەکەین:

بەشێوەیەکی گشتی دوو شێوازی دەورکردنەوە هەیە کە ئەمانەن:

شێوازی یەکەم: (دەورکردنەوەی یەك کەسی):بریتیە لەوەی کە قورئان لەبەر بۆخۆی دەور دەکاتەوە، واتا تەنها پشت بەخۆی دەبەستێت و ڕۆژانە جوزئێك یان زیاتر دەور دەکاتەوە، بە پێی تواناو کاتی کەسەکان،کە ئەمەش شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە.


*** چەند دابەشکردنێك هەیە بۆ دەورکردنەوەی قورئانی پیرۆز بۆ نموونە:**

(شێوازی یەکەم): خەتم کردن لەماوەی شەش ڕۆژدا، واتا ڕۆژانە پێنج (٥) جوزء دەور دەکاتەوە، ئەمە زۆر باشە بۆ کەسێك توانای هەبێت و هەرگیز بیری ناچێتەوە.

(شێوازی دووەم): ئەمەشیان بریتیە لە دووبارەکردنەوەی قورئـــان لەماوەی (٧) ڕۆژدا، کە پێی دەوترێت (فمي بشوق)[١]، واتا: دابەشکردنی قورئان بەسەر حەوت ڕۆژ دا ،کە لەهەموو هەینیەك خەتمێك دەکات، کە ئەمەش ناسراوە لای مۆریتانیەکان و ئەنجامی دەدەن،وە ئەم شێوازە لای پێشین (السلف) ناسراوبووە و جێبەجێیان کردووە، هەروەك (بدرالدین

---

(١) یاسای: (فمي بشوق): هەر پیتێکی نیشانەیە بۆ سەرەتای هەر بەشێك لەم حەوت بەشە، بۆ نمونە:پیتی (فاء)لە وشەی(فمي) نیشانەیە بۆ سوڕەتی(الفاتحة)، واتا: بەشی یەکەم لە سوڕەتی (الفاتحة) وە دەست پێ دەکات،وە پیتی(میم) لە وشەی (فمـي)، نیشانەیە بۆ سوڕەتی(الـمائدة)، واتا: بەشی دووەم لە سوڕەتی (الـمائدة) وە دەست پێ دەکات،وە پیتی (یاء) لە وشەی (فمـي)، واتا: بەشی سێ یەم لە سوڕەتی(یونس)وە دەست پێ دەکات،بەم شێوەیە تا بەشی کۆتایی وەك لە خشتەی داهاتوو ڕوونی دەکەینەوە.



بن جماعة: ٧٣٣هـ) دەفەرموویت: (وَقِراءة القُرآن في كلِّ سَبْعَةِ أيام وِرْدٌ حَسَنٌ،وَرَد في الحَديث وَعَمِلَ بِه أحمد بن حنبل)[1].

واتا: (ابن جماعە) دەفەرموویت: خوێندنەوەی قورئان هەموو حەوت (٧) ڕۆژ جارێك شتێکی باشە و، هەروەها (ئەحمەدی کوڕی حەنبەل) یش لە حەوت ڕۆژ جارێك دەوری کردۆتەوە، کە لە خشتەی داهاتوو ڕوونی دەکەینەوە:

ڕۆژەکان	(فَمِي بِشَوقْ)	سوورەتی دیاریکراو	لاپەڕە	ژ.ئایەت
ڕۆژی ١	(ف)(الفاتحە)	لە (الفاتحة) تا (المائدة)	١-١٠٦	١٠٦
ڕۆژی ٢	(م)(المائدە)	لە (المائدة) تا (یونس)	١٠٦-٢٠٧	١٠١
ڕۆژی ٣	(ي) (یونس)	لە (یونس) تا سوورەتی(الإسراء)	٢٠٨-٢٨١	٧٣
ڕۆژی ٤	(ب)(بني إسرائیل) (الإسراء)	لە (الإسراء) تا (الشعراء)	٢٨٢-٣٦٦	٨٤
ڕۆژی ٥	(ش) (الشعراء)	لە (الشعراء) تا (الصافات)	٣٦٧-٤٤٥	٧٨
ڕۆژی ٦	(و) (والصافات)	لە (الصافات) تا (ق)	٤٤٦-٥١٧	٧١
ڕۆژی ٧	(ق) (ق)	لە سوورەتی (ق) تا (الناس)	٥١٨-٦٠٤	٨٦

(١) تذكرة السامع والمتكلم في آداب العالم والمتعلم،(٢٢).


(شێوازی سێیەم): خەتم کردن لەماوەی دە (١٠) ڕۆژدا، واتا ڕۆژانە (٣) جوزء دووبارە دەکەیەوە لە مانگێك دەکاتە خەتمێك.

(شێوازی چوارەم): ئەوەیە کە ڕۆژانە جوزئێك دەور بکەیەوە کە لەماوەی مانگێك خەتمێك دەکەیت،وە باش نیە لەوە کەمتر دەور بکرێتەوە،دواتر توشی ساردی ولەبیرچوونەوە دەبێت.

شێوازی دووەم/ (دەورکردنەوەی دوو کەس یان زیاتر):ئەم دەورکردنەوەیە بە شێوەی دووکەسی یان زیاتر ئەنجام دەدرێت، کە ئەمەشیان ڕۆژانە یان هەفتانە یان مانگانە و ساڵانە ئەنجام دەدرێت، بەشێوەیەك کە بەشێك دیاری دەکەن بۆ دەورکردنەوە و بەلەبەر بۆ یەکتر دەخوێنن، کە یەکێکیان ڕوبعی حیزبی یەکەم دەخوێنێت، کەسەکەی تر چاودێری دەکات، بەم شێوەیە تا جوزئی یەکەم تەواو دەبێت، پاشان شێوازەکە پێچەوانە دەکەنەوە، کەسی گوێگر ئەم جارە ڕوبعی یەکەم دەخوێنێت و کەسی یەکەم چاودێری خوێندنەوەکەی دەکات.

بەڵام لەم دووشێوازی دەورکردنەوەیە یەکەمیان خێراترە و خوێنەر دەتوانێت زیاتر بخوێنێت، چونکە بەتەنها خۆی دەور دەکاتەوە، وە دەتوانێت لەماوەیەکی کەمتر زیاتر بخوێنێت، بەڵام جۆری دووەمیان باشترە بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەکان، چونکە کەسێك چاودێری هەڵەکان دەکات، وە دەکرێت ڕۆژانە کەسی خوێنەر هەردوو شێوازەکە جێبەجێ بکات، واتا: شێوازی یەك کەسی و دووکەسی یان زیاتر ئەنجام بدات.

هەروەها دەورکردنەوەکانی باشتر و ئاسانتر جێگیر دەبێت ئەگەر خەتمێکی ڕۆژانەشی هەبێت لەسەر قورئان بخوێنێت، وە خەتمێکی تریان بە گوێگرتن بێت، کە ڕۆژانە هەندێ کات هەیە دەتوانێت پڕیان بکاتەوە



و کاتیشی لی ناگرێت،بۆ نموونە:گوێ لە سوڕەتێك بگرێت لەناو سەیارە ،کاتێ دەچێتە سەر کار یاخود کاتی چوون بۆ بازاڕ یان دوکان یان هەر کارێکی تر و کاتێکی تر کە بتوانێت سوودیان لی ببینێ بە گوێگرتن لە قوڕئان، بەم شێوازە ئەوەی ڕۆژانە بەلەبەر و خەتم کردنی سەر قوڕئان دەوریان دەکاتەوە باشتر لە مێشك جێگیر دەبن، بەتایبەت ئەگەر هەموویان لەیەك شوێن و جوزء دەور بکەنەوە چونکە دەبێتە دووبارە.


(نموونەی دەورکردنەوەی قوڕئان لە هەندێ وڵاتدا)

چەند شێوازێکی دەورکردنەوەی سەیر هەن کە لەهەندێ وڵاتدا پشتی پێ دەبەسترێت، منیش لێرەدا باسی دەکەم وەکو نموونە و ئاشنابوون پێی، نەك بۆ پشت پێ بەستن، لەوانە:

١- یەکەمیان: دەورکردنەوەی مەغریبی: بریتیە لەوەی کە قوتابی دەوری سێ سوڕەت دەکاتەوە بەیەکەوە لەیەك کاتدا ئایەتێك دەخوێنێ لە هەر سورەتێکدا بەتێکەڵی، کە خوای گەورە بەم شێوەی دانەبەزاندووە، بۆ نموونە دەخوێنێت: ﴿عَمَّ يَتَسَاءَلُونَ *وَالنَّازِعَاتِ غَرْقًا * عَبَسَ وَتَوَلَّى * عَنِ النَّبَإِ الْعَظِيمِ * وَالنَّاشِطَاتِ نَشْطًا * أَنْ جَاءَهُ الْأَعْمَىٰ * الَّذِي هُمْ فِيهِ مُخْتَلِفُونَ * وَالسَّابِحَاتِ سَبْحًا * وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّىٰ * كَلَّا سَيَعْلَمُونَ﴾ ... هتد.

بێگومان ئەمەش دەبێت قوتابی لەبەرکردنێکی باشی هەبێت، تا بتوانێت بەم شێوە بخوێنێتەوە، لەگەڵ هەبوونی تێبینی لەسەر ئەم شێوازی خوێندنەوەیە.

٢- دەورکردنەوەی بازنەیی: ئەمەش بەوە دەبێت کە قوتابیان کۆ دەبنەوە بۆ دەورکردنەوە بەشێوەی بازنەیی، پاشان قوتابی یەکەم دەست دەکات بە



خوێندنەوەی ئایەتێك بە لەبەر لە هەر سورەتێك بێت، پاشان قوتابی دواتر دەست دەكات بە خوێندنی ئایەتی دواتر، پاشان بێدەنگ دەبێت، پاشان قوتابی سێیەم دەست دەكات بە خوێندنی ئایەتی سێیەم، واتا: هەر قوتابییەك یەك ئایەت دەخوێنێت... هتد، ئەم شێوازە سوودێكی زۆری هەیە چونكە هەموو قوتابییەكان یەك سورەت ئامادە دەكەن و، لەسەرەتای سورەتەكە دەست دەكەن بە خوێندنی، تاوەكو ئەم سورەتە تەواو دەكەن، هەر یەكەیان ئەم ئایەتە دەخوێنێت كە نۆبەی دێت، بەمەش تەركیزی زیاتر دەبێت.


(أَبِي مُحَمَّد الأَنْدَلُسِي): دەفەرموویت:

يَــــــا مُنْزِلَ الْآيَاتِ وَالْفُرْقَــانِ ... بَيْنِي وَبَيْنَكَ حُـــرَمَةُ الْقُـــرْآنِ
اِشْرَحْ بِهِ صَدْرِي لِمَعْرِفَةِ الْهُــدَى ... وَاعْصِمْ بِهِ قَلْبِي مِــنَ الشَّيْطَـانِ
بَشِّرْ بِهِ أَمْرِي، وَاقْضِ مَـآرِبِــــي ... وَأَجِزْ بِهِ جَسَدِي مِـنَ النِّــيـرَانِ
وَاحْطُطْ بِهِ وِزْرِي،وَأَخْلِصْ نِيَّتِــي ... وَاشْدُدْ بِــهِ أَزْرِي، وَأَصْلِحْ شَأْنِـي
وَاكْشِفْ بِهِ ضُرِّي، وَحَقِّقْ تَرْبَتِـي ... وَأَرْبِحْ بِـــهِ بَيْعِي بِلَا خُسْــــرَانِ
طَهِّرْ بِــهِ قَلْبِي، وَصَفِّ سَرِيرَتِــي ... أَجْمِلْ بِهِ ذِكْرِي، وَاَعْلِ مَكَانِــــي
وَاقْطَعْ بِهِ طَمْعِي، وَشَرِّفْ هِمَّتِي ... كَثِّرْ بِـهِ وَرَعِي، وَأَحْـيِ جَنَانِــــي
أَسْهِرْ بِــهِ لَيْلِي، وَأَظْمِ جَوَارِحِــي ... أَسْـبِلْ بِفَيْضِ دُمُوعِهَا أَجْفَنِـــــي
أَمْزِجْهُ -يَارِبْ- بِلَحْمِي مَعَ دَمِــي ... وَاغْسِلْ بِهِ قَلْبِي مِنَ الْأَضْغَانِ[١].

* الحَمْدُ للهِ الَّذِي بِنِعْمَتِهِ تَتِمُّ الصَّالِحَاتُ *


---

(١) مُقَدِّمَةُ نُونِيَّةٌ ، القَحْطَانِيِّ،ط: الثالثة، االناشر: مكتبة الوادي ، (٧).



سەرچاوەكان

١- الإتقان في علوم القرآن – للسيوطي.
٢- الإعلام بحرمة أهل العلم والإسلام، محمد إسماعيل المقدم.
٣- أخبار الحمقى والمغفلين – لابن الجوزي.
٤- إنباء الغمر بأبناء العمر، لابن حجر العسقلاني.
٥- الآداب الشرعية والمنح المرعية – لابن مفلح المقدسي.
٦- آداب المتعلم في الفكر التربوي الإسلامي – أحمد محمد فلاتة.
٧- أيها الولد – أبو حامد الغزالي.
٨- البرهان في علوم القرآن – للزركشي.
٩- بستان العارفين – النووي.
١٠- تأريخ بغداد – الخطيب البغدادي.
١١- تأريخ دمشق – لابن عساكر.
١٢- تأريخ نيسابور – للحاكم النيسابوري.
١٣- التبيان في آداب حملة القرآن – النووي.
١٤- تذكرة السامع والمتكلم في آداب العالم والمتعلم – لابن جماعة.
١٥- تذكرة السامع – خطيب البغدادي.
١٦- تعليم المتعلم في طريق التعليم – برهان الدين الزرنوجي.



١٧- المنتظم في تاريخ الملوك والأمم–لأبي الفرج عبدالرحمن بن علي بن محمد بن الجوزي.

١٨- تيسير كريم الرحمن – عبد الرحمن بن ناصر السعدي.

١٩- تهذيب التفسير وتجريد التأويل، عبدالقادر بن شيبة الحمد.

٢٠- تەفسیری ڕامان – أحمدی كاكه محمود.

٢١- الجامع البيان عن تأويل آي القرآن - محمد بن جرير الطبري.

٢٢- جامع الترمذي – الترمذي.

٢٣- جامع بيان العلم وفضله – لابن عبد البر.

٢٤- الجامع لأحكام القرآن – لابي عبد الله القرطبي.

٢٥- الجامع لأخلاق الراوي وآداب السامع – للخطيب البغدادي.

٢٦- الجامع والتركيز لحفظة الكتاب العزيز – أبو عبد القادر محمد طاهر.

٢٧- جزء فيه أخبار لحفظ القرآن – لابن عساكر.

٢٨- الجواهر والدرر – شمس الدين محمد بن عبد الرحمن السخاوي.


٢٩- الحث على حفظ العلم وذكر كبار الحفاظين – لابن الجوزي.

٣٠- الحث على طلب العلم والاجتهاد – لأبي هلال العسكري.

٣١- حفظ القرآن الكريم – محمد بن عبد الله الدويش.

٣٢- الدرر الكامنة في أعياء المائة الثامنة – لابن حجر العسقلاني.

٣٣- الدرر المختار – العصكفي.



٣٤- ديوان الإمام الشافعي – الإمام الشافعي.

٣٥- الذاكرة وفنون الحفظ – المدرب: خالد السلطان.

٣٦- السنن الصغرى - أبو بكر أحمد بن الحسين بن علي البيهقي.

٣٧- سنن أبي داود – أبو داود السجستاني.

٣٨- سنن الدارمي - للدارمي.

٣٩- سير أعلام النبلاء – شمس الدين الذهبي.

٤٠- الشافي في الفقه – للجرجاني.

٤١- شرح الشاطبية – ملا علي قارئ.

٤٢- شرح المقاصد – سعد الدين التفتازاني.

٤٣- شرح النووي على مسلم – الإمام النووي.

٤٤- شرح ما يقع فيه التصحيف والتحريف – أبو أحمد الحسن العسكري.

٤٥- الشعب الإيمان – للبيهقي.

٤٦- صحيح مسلم – مسلم بن الحجاج.


٤٧- صفة الصفوة – لابن الجوزي.

٤٨- صور ومواقف – مأمون جرَّار.

٤٩- صيد الخاطر – لابن الجوزي.

٥٠- شرح صحيح البخاري – لابن بطال.

٥١- الضوء اللامع – شمس الدين محمد بن عبد الرحمن السخاوي.



٥٢- طبقات الفقهاء – الشيرازي.

٥٣- طريقة حفظ القرآن الكريم عند الشناقطة – إبراهيم بن أبّ الحسنى الشنقيطي.

٥٤- علو الهمة – محمد إسماعيل.

٥٥- عون المعبود شرح سنن أبي داود – للآبادي.

٥٦- غيث النفع في القراءات السبع – لولي الله سيد علي النوري الصفاقسي البصري.

٥٧- فتح الرحمن في بيان هجر القرآن – محمود الملاح.

٥٨- فضائل القرآن – لابن كثير.

٥٩- فضائل القرآن – لأبي الفضل الرازي.

٦٠- الفقيه والمتفقه – للخطيب البغدادي.

٦١- فيض القدير – المناوي.

٦٢- قوت القلوب – محمد بن علي المكي.

٦٣- قيمة الزمن عند العلماء – عبد الفتاح أبو غدة.

٦٤- الكامل في الضعفاء – لابن عدي.


٦٥- كتاب الجوع – لابن أبي الدنيا.

٦٦- كتاب الزهد – لابن مبارك.

٦٧- كتاب العلم وآداب العالم والمتعلم – للنووي.

٦٨- الكشكول – للبهاء العاملي.

٦٩- كيف تحفظ القرآن الكريم- يحيى عبدالزاق الغوثاني.



٧٠- لەبەرکردنی قورئانی مەزن – غەریب عزیز.

٧١- متاب العلم وآداب العالم والمتعلم – للنووي.

٧٢- متن الشاطبية المسمى بـ (حرز الأماني ووجهه التهاني) – للشاطبي.

٧٣- المجموع – للنووي.

٧٤- المستدرك على الصحيحين – للحاكم النيسابوري.

٧٥- مسند أحمد بن حنبل – الإمام أحمد بن حنبل.

٧٦- مسند الدارمي - للدارمي

٧٧- مسند الفردوس – للدليمي.

٧٨- مناقب الشافعي – للبيهقي.

٧٩- مُقَدِّمَةُ نُونِيَّةٌ ، للقَحْطَانيِّ.

٨٠- مێشك – نارد فەتحی.

٨١- مێشك و بەکارهێنانی توانا بێسنوورەکانی – تونی بوزان.

٨٢- نيل الأوطار – للشوكاني.


٨٣- النشر في القراءات العشر – الحافظ أبو الخير محمد بن محمد الدمشقي الشهير بابن الجزري.

٨٤- الوسائل التعليمية – حسن قارئ.

٨٥- الطريقة الموريتانية لحفظ القرآن الكريم-أبو محمد حسن بن سعيد القحطانی.

٨٦- یادگەو بیرخۆهێنانەوە - د.إبراهيم فەقێ.

نـــاوەڕۆك



گەشتێک بۆ ژیان لە خزمەت قورئان

قسەی زانا و پێشینە چاکەکان لەسەر گەورەیی لەبەرکردنی قورئـان:

١- قَالَ الشَّافِعِيُّ: (مَنْ حَفِظَ الْقُرْآنَ عَظُمَتْ حُرْمَتُهُ، وَمَنْ كَتَبَ الْحَدِيثَ قَوِيَتْ حُجَّتُهُ، وَمَنْ طَلَبَ الْفِقْهَ نَبُلَ قَدْرُهُ، وَمَنْ نَظَرَ فِي النَّحْوِ رَقَّ طَبْعُهُ، وَمَنْ لَمْ يَصُنْ نَفْسَهُ لَمْ يَصُنْهُ الْعِلْمُ).

٢- قَالَ أبو بكر الصديق رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: (مَنْ قَرَأَ الْقُرْآنَ، فَرَأَى أَنَّ أَحَدًا أُعْطِيَ أَفْضَلَ مِمَّا أُعْطِيَ، فَقَدْ عَظَّمَ صَغِيرًا، وَصَغَّرَ عَظِيمًا).

٣- عَنْ أبو هريرة رَضِيَ اللهُ عَنْهُ: (طُوبَى لِمَنْ يُبْعَثُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَجَوْفُهُ مَحْشُوٌّ بِالْقُرْآنِ).

٤- عَنْ عبد الله بن مسعود رَضِيَ اللهُ عَنْهُ قَالَ: (الْقُرْآنُ شَافِعٌ مُشَفَّعٌ، وَمَاحِلٌ مُصَدَّقٌ، مَنْ جَعَلَهُ أَمَامَهُ قَادَهُ إِلَى الْجَنَّةِ، وَمَنْ جَعَلَهُ خَلْفَهُ سَاقَهُ إِلَى النَّارِ).

